# گاردیان

ن: بووبێ ئەسەر

و: شەهاب خالیدی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشکەشە بەو دایکانەی کە چاوەڕێی رزگاربوونی رۆڵەکانیان لە چاڵەرەشەکانی داگیرکەرانی کوردستاندا بوون، بەڵام قەت ئەو ئاواتەیان نەهاتە دی.

پێشکەشە بەو مرۆڤە گەورانەی کە ئامادە بوون لە ژێر ئەشکەنجەدا گیان بدەن، بەڵام قەت سەر بۆ داگیرکەران نەوی نەکەنەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مۆنتاژ: دارا ناتق

تایپ: خەدیجە بێهمەن

پێداچوونەوە: شەریف فەلاح

بەرگ: سەربەست ئورمیە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گاردیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێشەکی

هـەروەك ئێـوەش دەزانـن زمـان هێمـای بوونـەو ئێمـەش دەبـێ هـەموو لایێکمـان پێکـەوە بۆ پاراستنی ئەو زمانـە هـەوڵ بـدەین. داوام لـە گـشت نووسـەرانو رووناکبیران ئەوەیـە کـە بـە زمـانی خۆیـان بەرهەمـەکانیان بـڵاو بکەنـەوە. ئەوانـەی کـە بـە تـورکی بەرهەمـەکانیان بـڵاو دەکەنەوە، دەبێ کـەمێك بـیر لـەکارەکانیان بکەنـەوەو دەسـت لـە نووسـینو ئاخـاوتن بـە زمـانی تـورکی هـەڵگرن. ئێمـە چـەندە لـە زمـانی تـورکی دوور کەوینـەوە، ئەوەنـدەش لـە زمـانی کوردیو لـە دابونەریتەکـەمان نزیـك دەبینـەوە. مـن بـۆ خـۆم قـەت بـە تـورکی نانووسـمو لـە داهاتووشـدا کـاری وا ناکـەم، بـەڵام ئەگـەر بەرهەمـەکانم بـە تـورکی بـڵاو بکرێنـەوە، دژایـەتی ناکـەم. جـاری وا پێویـستە کـە تورکـەکانیش بەرهـەمی کوردەکـان بخوێننـەوە، بـەڵام دەبـێ کوردەکان بە زمانی خۆیـان بەرهەمـەکانیان بـڵاو بکەنـەوە. ئەگـەریش دواتـر بـە زمانـەکانی تـر وەرگێڕان بکرێنەوە، قازانجی خۆی هەیە.

ئەو کتێبـەی مـن سـاڵی ١٩٩٤ لەلایـەن چاپخانەی "رۆژا نـوو" لـە وڵاتـی سـوید چـاپو بـڵاو کراوەتـەوە. دواتـر لـە سـاڵی ٢٠٠٣ لـە وڵاتـی یونـان بـە زمـانی یونـانی چـاپو بـڵاو کراوەتەوە. هەر بۆیە من ئاواتم ئـەوە بـوو کـە ئـەو کتێبـە لـە تورکیـەو بـاکووری کوردسـتانیش چاپو بڵاو بکرێتەوە. بەڵام زۆر جار بۆ گەیشتن بە ئامانج تەنیا هیواو ئاوات بەس نیە.

بـە هـۆی خراپیـی بـاری ئـابووری تـاکوو ئێـستاش ئـەو هەلـەم بـۆ نەڕەخـسابوو کـە کتێبەکـەم بـە چـاپ بگەیـەنم. ئێـستا نووسـەرەکانمان لـە دۆخێکـی زۆر نالـەبار دانو زۆر بـە زەحمـەت دەتـوانن بەرهەمـەکانیان بـە چـاپ بگەیـەنن. بێجگـە لـە ژمـارەییێکی زۆر کـەم نـەبێ، زۆربـەی هـەرە زۆریـان ئـەو کێـشانەیان هەیـە، منـیش یـەکێك لـەو کەسـانەم. بۆیـە تـاکوو ئێستاش بۆم نەرەخـسابوو کـە لـە بـاکووری کوردسـتان بـە چـاپی بگەیەنـەم، بـەڵام ئێـستا ئـەو هەلەم بۆ رەخسا کە ئەو کتێبـە بگەیەنمـە دەسـتی نـەوەی نـوێ. بـە خوێنـدنی ئـەو کتێبـە ئێـوە ئاگاداری ئەو هەموو دەردو بەڵاو ئەشـکەنجانە دەبـن کـە بـە سـەرمان هـاتووە. دڵنیـام کـە ئـەم بەرهەمـە دەبێتـە پـردی پەیوەنـدیی نێـوان ئـەو هـەر دوو نـەوەی کـە لـە یـەکتر دابـڕاون. بـە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڵاوبوونــەوەی ئــەو بەرهەمــە لــە وڵاتــە شــیرینەکەم کوردســتانی بــاکوور، نــەوەی دوای ئێمــە ئاگــاداری رەوشــی ئــەوکاتی ئێمــە دەبــن. ئاگــاداری ئــەو شــەڕانە دەبــن کــە ئێمــە بــۆ رزگــاریی نەتەوەکــەمان کردوومانــە. بــە داخــەوە ئــەو خــەبات‌و خۆراگرییــە ئێمــە بــە هــاتنی رووداوی ١٢ی ســپتامبر کۆتاییــان پێهــات. زۆربــەی شۆڕشــگێڕو نیــشتمانپەروەرەکانی ئــەوکات گــیران. هێنــدێکیان پــەڕیوەی ئورووپــا بــوون‌و هێندێکیــشیان ئەنــدامێکی جەســتەی خۆیانیــان لــە دەســت داو هێندێکیــشیان شــەهید بــوون. هــەر بۆیــە دواتــر لــەنێوان دوو نــەوەی وڵاتەکەمانــدا کــەلێنێك دروســت بــوو، نــەوەی دوای ئێمــە لــە خــەباتی ئێمــە بــێ ئاگــا مــان. هــەر بۆیــە بــە بڵاوبوونــەوەی ئــەو بەرهەمــە نــەوەی نــوێ ئاگــاداری رووداوەکــانی نێــوان ســاڵەکانی ١٩٨٠ – ١٩٨٢ دەبن.

من زۆر سوپاسی براکــەم "بــاوەر ئەســەر" دەکــەم کــە بــۆ بڵاوبــوونی ئــەو بەرهەمــە زۆری هاوکاری کردم‌و زۆری هانــدام. ئــەو زۆر جــاران ئەرکــە قورســەکانی ســەر شــانم ســووك دەکــا بــۆ ئەوەی کە لە کارەکانمدا سەرکەوتوو بم.

ئــەو وێنانــەی کــە لــە دووتــوێی ئــەو کتێبــەدا بــڵاو کراونەتــەوە، هێنــدێکیان لــە کتێبــی "لالــەش قاســۆ" بــە نــاوی " زینــدانێن دیاربــەکرێ‌و شۆڕشــگێرییا مــە" وەرگــیردراون‌و هێندێکیشیان هی "سیابەند" و "عارف سەونج"ن. زۆر سووپاسیان دەکەم.

زۆر سوپاســـی هونەرمەنـــدی نیگـــارکێش "عـــەزیز مدحـــەت کاکـــەیی" دەکـــەم کـــە تــابلۆییێکی زۆر جــوانی بــۆ کتێبەکــەم کێــشا. ئــەو لــە نێــوان ١٥٠ نیگارکێــشی ناســراو لــە جیهاندا یەکەمە. ئــەو لــە ئورووپــاو بــە تایبــەتی لــە ژاپــۆن زۆر خۆشەویــستەو لایــەنگری زۆری هەیە.

**بووبێ ئەسەر**

**١٥ی فێوریەی ٢٠٠٦**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی یەکەم

سـیدار خوێنـدکاری قۆنـاغی زانـستگە بـوو و لـە ئانكـارا لـە بەشـی رۆژنامەڤانیـدا کـاری دەکـرد. لـە گۆندەکەیانـدا تـەنیا ئـەو و ئـاموزاییێکی خـۆی توانیبوویـان خۆیـان بگەیەننە زانـستگە. چـونکە رەوشـی سـیدار لـە بـواری ئابوورییـەوە بـاش نـەبوو. سـیدار هــەم لــە ئیــدارەییێکی دەوڵەتیــدا کــاری دەکــردو هــەمیش خــەریکی خوێنــدن بــوو. هەروەها بنەماڵەی سـیدار چـاوەڕوانی ئـەوە بـوون کـە رۆژێـك لـە رۆژان سـیدار خوێنـدنی قۆناغی زانستگە تەواو بکـات. سـیدار رۆژێـك لـە رۆژانـی سـاردی زسـتانی دیاربـەکر لـە رۆژی دووهـــەمی مـــانگی فێورییـــەی ســـاڵی ١٩٨٠دا گـــیرا. خێزانـــی ســـیدار لـــە نەخۆشـخانەییێکی شـاری دیاربـەکردا کـاری دەکـرد. ئـەو ژنـە تـورك نـەبوو، "لاز" بـوو. بەڵام لـە لایـەن تورکەکانـەوە ئاسـیمیلە کرابـوو و زمـانو کولتـوری وەك هـی تورکـەکانی لـێ هـاتبوو. ئـەوکات هـەم لـە تورکیـەو هـەم لـە کوردسـتان هەسـتی شۆڕشـگێڕی زۆر پـەرەی سـەندبوو. چـونکە هـەردووکیان شۆڕشـگێڕ بـوون، بـۆ خۆیـان سـەربەخۆ بڕیـاری پێکهێنـانی ژیـانی هاوبەشـیان دابـوو و دواتـر بنەماڵـەی خۆیانیـان لـە مـەڕ ئـەو مەسەلەیە ئاگـادار کردبـوو. بـەڵام دواتـر سـیدار گـیراو هاوسـەرەکەی بـە تـەنیا مایـەوە. لە ژیـانی شۆڕشـگێڕیدا هـیچ بـەڵێنییێك بـۆ ژیـانی هەتاسـەر نیـە. هاوسـەری سـیدار لـە مـەڕ گرتنـی سـیدار خـۆی زۆر ناڕەحـەت نـەدەکرد، چـونکە دەیزانـی ژیـانی شۆڕشـگێڕی ئـەو تەنگوچـەڵەمانەی هەیـە. هـەر بۆیـە "هـاوا" هاوسـەری سـیدار بڕیـاری دا کـە ئـەو ژیانە ناخۆشو تەنیاییە قبووڵ بکاو لە مێردەکەی جیا نەبێتەوە.

بەڵێ سیدار تازە زاواییێکی دوو مانگـە بـوو کـە گـیراو کاتـە خۆشـەکانی ژیـانی لـە گرتووخانـەدا رابـوارد. مەگـەر کـێ دەیزانـی دوو مـانگ دوای زەماوەندەکـەیان دەگـیرێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بــەڵام ئــەوەیان بەســەر هــات. کەســانی شۆڕشــگێڕ هــەمووکاتێ خۆیــان بــۆ رۆژێکــی وا ئامــادە دەکــەن. ســیداریش یــەکێك لــەوان بــوو. ســیدار لــە ١٩ی مــانگی فێوریــەی ١٩٨٢دا ئــازاد کــرا. دوای ئــازاد بــوونی دەیهەویــست بگاتــە گــشت ئــەو ئاواتانــەی کــە بــە نیــوە چــڵی مــابوون. واتــە دوای دوو ســاڵ و شــەش مــانگ ســەرلەنوێ ژیــانی خــۆی درێــژە پێــدا. بــەڵام بەداخــەوە دیــسانیش، پــۆلیس هــەر دەســتی لێ هەڵنــەگرت. جــاری وابوو بانگیان دەکـرد بـۆ بنکـەی خۆیـانو جـاری واش بـوو هـەر لـە دوورەوە چـاوەدێرییان دەکرد. هــەر بۆیــە ســیدار هاتــە ســەر ئــەو بڕوایــە کــە تــازە نــاتوانێ لــە دیاربــەکر بــژی. کاتێــك ســیدار لــە گرتووخانــە بــوو هاوســەرەکەی منــداڵی ببــوو و ناویــشی نــابووە "رۆژبــین". رۆژبــین ئاگــای لــەوە نــەبوو کــە بــاوکی لــە گرتووخانەیــە. ئــەویش حــەزی لێ بــوو وەك هــەموو منالێــك لــە لای بــاوکی بــێ. بــەڵام تــەنیا لــە گرتووخانــە بــاوکی دەبینی. بەڵێ سیدار بـە هاوکـاریی خـاڵی خـۆی، بـۆ خێزانەکـەی لـە قـەراخ بـەحری رەش کاری دۆزیــەوەو لــە ناوچــەییێکی شــاری ترابــزۆن نیــشتەجێ بــوون. لــەوێ بــۆ یەکــەم جــار بوو کە تەنیایی سیدار دەستی پێ دەکرد.

ئــەو ناوچــەیەی کــە ئــەوان لــەوێ نیــشتەجێ بــوون کارگەیــەکی چــایی، بنکــەییێکی نیزامی، نەخۆشــخانە و... لێ بــوون. هــەر بۆیــەش لــەوێ پڕبــوو لــە مامۆســتا، دوکتــورو مــەئموور. لــەوێ زۆربــەی هــەرە زۆری پیاوەکــان کاریــان هــەبوو. هێنــدێکیان مامۆســتا بــوون، هێنــدێکیان لــە کارگەکانــدا کاریــان دەکــردو ئەوانــەی غــەیری مــەئمووریش لــە مەزراکانی چادا کاریان دەکرد. لەوێ تـەنیا سـیدار بێکـار بـوو، هـەر بۆیـە پێویـست بـوو کە ئــەویش بــۆ خــۆی کارێــك بدۆزێتــەوە بــۆ ئــەوەی لــەو بێکارییــە رزگــاری بــێ. ژیــانی ســیدار زۆر زەحمــەت بــوو. بێکــارو دەســکورت بــوو و لــە زانــستگەش دەرکرابــوو. هــەر بۆیە تەنیا بەو یارمەتیە دەژیا کە خێزانی وەری دەگرت.

ســیدار لــەوەی کــە خێزانــی کــاری دەکــرد بــەڵام بــۆ خــۆی بێکــار بــوو، زۆر ئــێشو ئازاری دەچێشت، چونکە کــار لــە قــەراخ بــەحری رەش بــۆ ژن زۆر عــەیب بــوو. ئــەوان لــە

ڕەوشــێکی نالــەباردا دەژیــان. لــە لایەکــەوە پێیــان خــۆش نــەبوو کــە هــیچ کەســێك ئاگاداری ڕابردوویــان بــێ‌و لــە لایــەکی دیکەشــەوە پێویــست بــوو کــە کێــشەکانی خۆیــان چارەسەر بکەن. بەڵام چۆن، نەیاندەزانی.

دوای بیرکردنــەوییێکی زۆر، ســیدار هــاتبووە ســەر ئــەو بڕوایــەی کــە ڕزگاربوونیــان بەستراوەتەوە بە هەڵبەستنی درۆیــەك. ئەگــەر ئــەو درۆیــەیان لــە لایــەن دانیــشتوانی ئــەو ناوچــەیەوە قبــووڵ کرابــا، ئــەوانیش لــەو تەنگوچــەڵەمانە ڕزگاریــان دەبــوو. ئــەوان درۆییێکی وایان دۆزیبووە، کە ژیانیان بەو درۆیانەوە گرێ درابوو.

ئەگــەر ئــەو پیلانــەیان ســەری گرتبــا، دەیــانتوانی لــەوێ ژیانیــان درێــژە پــێ بــدەن، بــەڵام ئەگــەر ســەری نــەگرتبا ژیانیــان زۆر ســەختو دژوار دەبــوو. بــە خۆشــیەوە ئــەو پیلانەیان ســەری گــرتو گــشت دانیــشتوانی ئــەو هەرێمــە باوەڕیــان بــە قــسەکانی ســیدار هێناو سیدار توانی ژیانی خۆی بە شێوەییێکی ئاسایی درێژەی پێ بدا.

سیدار لــەکاتی گیرانیــدا لــە زانــستگەش دەرکرابــوو. ســیدار ســێ ساڵ لــە زانــستگە دەرسی خوێند بــوو و ســاڵێکی مــابوو کــە دەرســەکانی تــەواو بکــاتو ببێتــە بڕۆکراتێــك. چــونکە بنەماڵــە، دۆســتو هاوڕێیــانی ســیدار گــشتیان چــاویان بڕیبــووە ســیدار، کــە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو بتوانێ دەرسەکانی تەواو بکاتو خزمەتیان بکات.

ســیدار مــاوەی حــەوت مــانگ لــە هــەرێمی دەریــای ڕەش لەگــەڵ بنەماڵەکــەی بــەبێ کێشە، بەڵام برسی‌و بەترسەوە دەژیا.

شــەوێك لــە شــەوانی پــاییز بــوو کــە کــچەکەیان نووســتبوو و ئاگــای لــە ڕۆژگــارو زەمانــە نــەبوو. نەیــدەزانی کــە دایــكو بــاوکی لــە چ دۆخێــك دان. ســیدارو "هــاوا" لــە بــیری دۆزینــەوەی ڕێگــە چــارەیەکی بــاش بــوون بــۆ ژیانیــان. نــە خــەویان دەهــاتو نــە دەشــیانتوانی بخــەون. لــە بــیری ئــەوە دابــوون کــە ئەگــەر دانیــشتوانی ئــەو هەرێمــە بێنــە ســەردانیان، چــییان پــێ بڵــێن. چــونکە ســیدار هــیچ کــارێکی نــەبوو و لــەو هەرێمــەدا عــەیبێکی گــەورە بــوو کــە پیــاو بێکــار بــێ‌و ژنەکــەی کــاری هــەبێ. هــەروەها



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەیانـدەتوانی بڵـێن کـە سـیدار لـە گرتووخانـەدا بـووە. ئـیتر بـۆ ئـەوەی کـە ڕێزیـان لـێ بگرن، هەردووکیان لە بیری ئەوە دابوون کە شتێك بدۆزنەوە.

جاری وابـوو یـەکێکیان دەیگـوت "ئەگـەر وابڵـێین چـۆنە؟ نـە وەڵـڵا، ئەگـەر وا بڵـێین باشترە".

بـەڵام دوای بیرکردنـەوەییێکی زۆر سـیدار بزەییێکـی هاتـە سـەرلێوان ."هـاوا" پێـی گوت:

- سیدار ئەتۆ وەزعت زۆرباشە کە ئاوا پێ دەکەنی؟

-نـە، نـە. بـەڵام ڕێگایـەکم دۆزیـەوە. ئـەو ڕێگایـە وەزعمـان باشـتر دەکـات. ئـیتر بـۆی باس کرد:

-هاوا! هەروەك ئـەتۆش پـێ دەزانـی، مـن بـەر لـەوەی کـە زینـدانی بکـرێم، خوێنـدکاری قۆناغی زانـستگە بـووم. هـەر چـەند ئێـستا مـن لـە زانـستگە نـەماوم، بـەڵام دەبـێ بـە دەرو جیرانـەکانمان بڵـێین کـە مـن کەسـێکی زۆر دەوڵەمەنـدم. هـەر بۆیـە بنەماڵەکـەم نایانهەوێ کە من کـاری سـەختو پـڕ زەحمـەت بکـەم. بـۆ تـەواوکردنی زانـستگە سـاڵێکم مـاوەو دوای تـەواوکردنی خوێنـدنی زانـستگە، دەبم بـە ڕۆژنامـەوانو بـە دڵ فراوانیـەوە خـەریکی کـاری ڕۆژنامـەوانی دەبم. ئێـستا بنەماڵەکـەم لـە بـواری ئابووریـیەوە هاوکـاریم دەکەن. ئەو پێشنیارەی سیدار لە لایەن "هاوا"وە زۆر بە گەرمی پێشوازی لێ کرا.

هەر بۆیەش بڕیاریان دا کە ئەگەر لە ژنی سیدار پرسیاریان کرد کە:

- مێردەکـەت بـۆ بێکـارە؟ وەڵامەکـەی روونـە. ئـەو دەیتـوانی درۆییێکـی چـاکیان بـۆ بکاتو هۆی کـار نـەکردنی مێردەکـەی بۆیـان شـی بکاتـەوە. لـەژێر سـایەی سـەری ئـەو درۆیـە، لـەو هەرێمـەدا ڕێـزو حورمـەتیکی زۆریـان لێ دەگـیرا. ئـیتر هـەموو کـەس هـاتبووە سـەرئەو بڕوایـە کـە سـیدار دەوڵەمەندێکـەو ئـەو شـتانەی کـە بـاس دەکـات، هەمووی ڕاستن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیدار جارێکیان سـەفەرێکی بـۆ ئانکـارا کـرد. ئـەوکات خـەڵك زیـاتر باوەڕیـان بـە سـیدار کـرد کـە لـە زانـستگە دەرس دەخـوێنێ. لـە راسـتیدا لـە کۆمـەڵگا دواکەوتووەکانـدا قـەدرو قیمـەتی دوکتـورو پەرەسـتارو کەسـانی خوێنـدەواری قۆنـاغی زانستگە زۆرە.

سـیدار سـەرەڕای ئـەوەی کـە زۆر دەسـکورت بـوو، بـەڵام هـەموو کـاتێ جلوبـەرگی خـاوێنی لەبـەر دەکـردو خـۆی بـە کەسـێکی مـەزنو لـووت بـەرز دەنوانـد. هـەر بۆیـە خەڵك پێیان وابـوو کـە نـاوبراو کـوڕە دەوڵەمەندێکـە. خێزانـی سـیدار تـا ئـەو جێگایـەی لـە دەسـتی دەهـات پێوەندییـەکانی لەگـەڵ دەوروبـەر خـۆش دەکـردو خـەڵکیش چـاوەڕوانی ئـەوە بـوون کـە سـیدارو خێزانـی هاوکـاریی خـەڵکی ئـەو ناوچـەیە بکـەن. ئەوناوچـەیە ناوچـەیێکی زۆر دواکـەوتوو بـوو و کاریگـەریی مەزهـەب لەسـەر گـشت لایەنەکانی ژیانیان دیار بوو.

نەخۆشخانە کـەمێك لـە ناوچـەکە دوور و لـە نێـو دارسـتانێکدا سـاز کـرا بـوو. ئـیتر سـیدارو خێزانـی لـەوێ نیـشتەجێ ببوونـەوە. ئـەو کەلوپەلانـەی کـە ئـەوان لـەکاتی زەماوەنـددا کڕیبوویـان، هـەروا بـە تـازەیی مابوونـەوەو بـە کاریـان نـەهێنابوو. چـونکە لەکاتی گیرانی سـیدار "هـاوا" رۆیـشتبووە مـاڵی بـرا گەورەکـەی سـیدار. ئـەو کەسـانەی چـاویان لـە جلوبـەرگو لـە کەلوپەلـەکانی نێـو مـاڵی سـیدار دەکـرد، پێیـان وابـوو کـە سیدار کەسێکی زۆر دەوڵەمەندە.

هـەموو بـەیانیان "هـاوا" دەڕۆیـشتە سـەرکارو سـیدارو کـچەکەی لـە مـاڵ دەمانـەوە. سـیدار تـاکوو دەیتـوانی لـە کاروبـاری ماڵـدا هاوکـاریی خێزانـی دەکـرد، لەگەڵ کچەکەی یـاری دەکـردو کتێبـی دەخوێنـدەوە. کاتێـك لێیـان دەپرسـی ئەمانـە چـن کە دەیـانخوێنی؟ ئـەو دەیگـوت، مـن لـە قۆنـاغی زانـستگە دامو هـەوڵ دەدەم هـەر چـی زووتر قۆناغی زانستگە کۆتایی پێ بێنم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لــەو هەرێمــە هــەموو ڕۆژێ کاتــژمێر ســێی دوانیــوەڕۆ کــار تــەواو دەبــوو. لــەوێ قاوەخانــەیێك هــەبوو کــە تایبــەت بــوو بــە بەرپرســە ســەربازییەکان. ســیدار جــاری وابــوو لەگەڵ دوکتورەکانو جــاری واش بــوو لەگــەڵ بەرپرســە نیزامیــەکان پێکــەوە دەڕۆیــشتن بــۆ ئەو قاوەخانەیە. بەم شێوەیە نێوان سیدارو دوکتورەکان گەرمتر ببوو.

ســیدار وەك کەســێکی دەوڵەمەنــدو خوێنــدەوار لــەو هەرێمــەو بــە تایبــەتی لــەنێو بەرپرسە نیزامیەکاندا ناسراو بوو.

خــەڵکی ئــەو ناوچــەیە ڕۆژ لــەدوای ڕۆژ زۆرتــر خۆشــیان لــە ســیدار دەهــات. خــەڵك ســەردانی ســیداریان دەکــردو پێیــان دەگــوت: ئەگــەر ئــەتۆ قۆنــاغی زانــستگەت تــەواو کــردو بــووی بــە ڕۆژنامــەوان، ئــەوکات دەبــێ ئــێشو ژانــەکانی ئێمــە لــە ڕۆژنامەکانــدا بنووسی، بۆ ئەوەی کــە دەوڵــەت لــە ئێمــە ببێتــە خــاوەنو لانیکــەم ڕێگاکــەمان بــۆ چــاك بکات".

ســیدارو بنەماڵەکــەی مــاوەی شــەش تــا حــەوت مــانگ لــەوێ ژیانیــان کــرد، بــە شێوەیێك کە ئەوەندەی نەمابوو ببن بە گەورەی ئەو ناوچەیە.

"قوموتــان"ی بنکــەی ســەربازیی ئــەو ناوچــەیە کــورد بــوو. بــەڵام بــۆ خــۆی قــەت باســی لــە کوردایــەتی نــەدەکرد. دوو کــەس کــە خــەڵکی کوردســتان بــوون لــە کارگــەی چــایی لــەو هەرێمــەدا وەك تەکنیــسیەن کاریــان دەکــرد. بــەم شــێوەیە پێوەندییــەکانی نێــوان ســیدار لەگــەڵ ئــەو دوو کــوردەو لەگــەڵ "قوموتــانی" بنکــەی ســەربازیی ئــەو هەرێمــە زۆر چــڕوپڕ بــوو. "هــاوا"ش لەگــەڵ خێزانــی "قوموتــان" پێوەنــدییێکی دۆســتانەی دامەزرانــد. لــە ڕێگــای پێوەندییــەکانی "هــاوا" و خێزانــی قوموتانــەوە پێوەندییەکانی نێوان سیدار و قوموتان تاکوو دەهات گەرموگوڕتر دەبوون.

ئەگــەر کەســێك بــۆ یەکــەم جــار دەهاتــەوە ئــەو هەرێمــەو دەنــگو باســی ســیداری دەپرســی، دانیــشتوانی ئــەو هەرێمــە پێیــان دەگــوت: "ســیدار کــوڕی کەســێکی دەوڵەمەندەو ئەمساڵ قۆناغی زانستگە تەواو دەکاو دەبێتە ڕۆژنامەوان".



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ســـیدار ئـــیتر بـــۆ خـــۆی ببـــووە ئاغـــای ئـــەو ناوچـــەیە. ســـیدار هەرچـــەند کـــە زۆر دەســـکورت بـــوو، بـــەڵام لـــە ژێـــر ســـایەی ســـەری خـــەزووری ســـیدار جاروبـــار وەزعیـــان کەمێك باش دەبوو و زگیان تێـر دەبـوو. خـەزووری سـیدار لـە هـەرێمی ترابـزۆن بـاخێکی گەورەی هەبوو و زۆر جاران میوەیان بۆ سیدار دەنارد.

وەزعی ئەوکاتی سـیدار لـە چـاو ئەوکاتـەی کـە لـەنێو گرتووخانـەدا بـوو، زۆر باشـتر بـوو. چـونکە لانیکـەم تـرسو گـرتنو ئەشـکەنجە نـەمابوو. خێزانـی سـیدار بـە هـۆی ئـەوەی کـە پزیـشك بـوو و کـاری زۆری دەکـرد، ببـووە خۆشەویـستی خـەڵکی ئـەو ناوچـەیە. ئـەو رۆژەی کـە سـیدار نەڕۆیـشتبایە بـۆ قاوەخانـەی ئـەو هەرێمـە، زۆر کـەس ئەو پرسیارەیان دەکرد: " سیدار بەگ بۆ ئەمڕۆ دیار نیە"؟.

سیدار بەم شێوەیە باسی لە سەفەرەکەی بۆ ئانکارا دەکرد:

" هـیچ کاتێـك لـە بـیرم ناچـێ، جارێکیـان سـەفەری ئانکـارام کـرد. مانگێـك بـەر لـە رۆیـشتنم بـۆ ئانکـارا، بەکەسـانی دەوروبـەری خـۆمم راگەیانـدبوو کـە مـانگی داهـاتوو دەبێ بـۆ تاقیکارییـەکانم برۆمـە ئانکـارا. ئـەم سـەفەرەی مـن لـە جـاران زیـاتر بـوو بـە هۆی بڕوا کردنیان بەقسەکانی من.

من بۆ کـارێکی خـۆم رۆیـشتبوومە ئانکـارا. مـاوەی بیـست رۆژێـك لـەوێ مامـەوە. کاتێـــك گەڕامـــەوە مـــاڵ، دوای تـــەواوبوونی کـــارە رەسمیـــەکانی رۆژانـــەی بەرپرســـە سەربازییەکانی ئـەو هەرێمـە، منـیش وەك جـاران رۆیـشتم بـۆ قاوەخانـە. ئەوانـەی لـەوێ بـــوون بـــە دەنگێکـــی بـــەرز، یـــەك بەیـــەك بەخێرهاتنـــەوەمیان کـــردو لـــە ئاکـــامی تاقیکارییەکانی منیان پرسی.

قایمـەقامی ناوچـەی "قـەزێ " کـورد بـوو، بـەڵام مرۆڤێکـی بـاش نـەبوو. چـونکە نـاوبرا خـەڵکی کوردسـتان بـوو، دەیـانگوت کـوردە. جـاری وا بـوو کـە گوندییـەکان دەهاتنـەوە لامو دەیـانگوت: " ئێمـە هاتووینـە لات، بـۆ ئـەوەی کـە بـەو قایمەقامـە هاوولاتیەت بلێی کە رێگای گوندەکەمان چاك بکات."



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-ئەوان پێیان وابـوو مـن دەتـوانم کارێکیـان بـۆ بکـەم. جـاری واش بـوو کـە گوندییـەکان دەهاتنـــەوە لامو رەخنـــەیان لـــە "قوموتـــان" دەگـــرت. لـــە راســـتیدا نـــاوی مـــنو هاوسەرەکەم لەو هەرێمـە بـە باشـی بـڵاو ببـۆوە. دانیـشتوانی ئـەو هەرێمـە بـە یـەکتریان دەگوت:

"دەرفەتێکی چـاکە کـە ئـەو پزیـشکە هاتۆتـە ئێـرە. ئێمـە دەبـێ لـەم دەرفەتـە کـەڵکی باش وەرگـرین. بـەڵکوو لـە ژێـر سـایەی سـەری مێردەکـەی بتـوانین رێگـای گوندەکـەمان چاك بکەین. بەم شێوەیە ئەو داواکارییانە رۆژ بەرۆژ زیاتر دەبوون.

هـەموو رۆژێ لـە بەیانیـەوە تـاکوو کاتـژمێر پـازدە مـنو کـچەکەم رۆژبـین، لەگـەڵ یـەك لـە ماڵـدا دەبـووین. کاتێـك هـەوا گـەرمو خۆشـی دەکـرد، مـن کورسـییەکەم هەڵـدەگرتو دەمـبردە دەرێ. لـەوێ خـەریکی خوێنـدنی کتێـب دەبـووم. هەرکـەس پێـی وا بوو کە من خەریکی خوێندنی دەرسەکانی خۆمم، بۆیە زۆر سەرنجیان نەدەدامێ.

رۆژێـك لـە رۆژان دیـسان مـن لـە دەرەوە خـەریکی خوێنـدن بـووم، جـاری وابـوو دەمخوێندو جـاری واش بـوو کـە دەرۆیـشتمە نێـو قـووڵایی بیرکردنـەوەوە. جـاری واش بـوو کە چاوم لە کاتژمێر دەکرد کە بزانم زوو یان درەنگە.

لـەنێو قـووڵایی بیرکردنـەوەو خوێندنـدا لـەناکاو بـە دەنگێکـی بـەرز راچـڵەکام: "سـیدار بـەگ، سـیدار بـەگ"!. کاتێـك سـەرم هـەڵێنا. سـەربازێك هاتـەوە پێـشێو گوتی: "سیدار بەگ! فەرمانـدەی ئێمـە گـوتی بـڕۆ بـانگی سـیدار بـەگ بکـە، بـا تـاکو ئێرە بێت".

بـە بیـستنی ئـەو قـسەیە تـرسو لـەرزێك دایگـرتم. مـنوا تێگەیـشتم کـە لـە دیاربەکرەوە هەواڵی گـرتنم هـاتووە، هـەر بۆیـە "قوموتـان" ئـەوانی نـاردووە بـە دوامـا. منیش بە ترسو لەرزەوە لەو سەربازەم پرسی:

- خێرە، بۆ چیە؟

- من هیچ شتێك نازانم، تەنیا قوموتان گوتی بڕۆ بانگی سیدار بەگ بکە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- زۆر چاکە، برۆ من دواتر بۆ خۆم دێم.

رۆیــشتن بــۆ ئــەوێ تــەنیا هــەر بــە قــسە هاســان بــوو، بــەڵام دوای رۆیــشتنی ئــەو سەربازە ترسو لەرزێك دایگرتم، ئارەقەیێکی ساردم کرد. دڵم توند توند لێی دەدا.

کتێبەکــەم هــەڵگرت، کورســییەکەم بــردە ژووریو کــەمێك لــە ژووریّ دانیــشتم. "رۆژبــین"ی کــچم هــەر لــە دەورم دەخۆلایــەوەو دەیهەویــست وەك رۆژان کایــەم لەگــەڵ بکات. بــەڵام هێــزو تاقــەتم نــەمابوو. زۆر بــە دڵــساردیو تووڕەییــەوە جلوبــەرگی خــاوێنم لەبــەر کــردو بــەرەو نەخۆشــخانە وەڕێ کــەوتمو "هــاوا"م دی. پــێم گــوت: " هــاوا! قوموتان ناردوویــەتی بــە دوامــداو دەبــێ بــڕۆم. دەمــی کــردەوەو دەیویــست شــتێك بڵــێ، کە من بە پەلە دەرچووم بەرەو قەرەقۆڵ (بنکەی سەربازی).

کاتژمێر دەوروبــەری ســێ بــوو. "قــەرەقۆڵ" لەوبــەری ناوچــەکە بــوو، واتــە ناوچــەکە لە نێوان قــەرەقۆڵو نەخۆشــخانە دابــوو. ســەرم داخــستبوو و پــەیتا پــەیتا بــەرەو قــەرەقۆڵ دەڕۆیــشتم. پــێم خــۆش نــەبوو کــە زوو بگەمــە ئــەوێ. بــەترسو دڵــەڕاوکێ، گەیــشتمە قەرەقۆڵ.

قــەرەقۆڵ لەســەر جێگــایێکی بــەرز ســاز کرابــوو. دەوروبــەری بــاخو باخــات بــوو و رێگــایێکی چاکیــشی هــەبوو. لــەنێو ئــەو بــاخو باخانــەدا خانوویێکیــان لــە بێتــۆن ســاز کردبــوو. دەوری ئــەو خانوویــە بــە بــەردی رەش هەڵــچنرابوو و رەنگێکــی ســپیان لــێ دابوو. حەوشــەیەکی گەورەشــی هــەبوو، لــەنێو حەوشــەکەدا کــەپرێك هــەبوو کــە بــە مێــو خەملێنــدرا بــوو. لــەژێر کەپرەکــەدا شــەش کورســیو مێزێکیــان دانــابوو. ئەمــە یەکــەم جار بوو کە من دەڕۆیشتمە ئەوێ.

لــە دەوری مێزەکــە چــەند کــەس بــە جلوبــەرگی خــاوێنو بــە کراواتــەوە دانیــشتبوون. کاتێــك کــە چــاوم پێیــان کــەوت، ترســەکەم زیــاتر بــوو و ئــەژنۆکانم ئەلــەرزین. مــن پــێم وابــوو کــە دەیانهــەوێ لێپرســینەوەم لێ بکــەنو بمنێــرن بــۆ گرتووخانــەی دیاربــەکر. دوو کەســیان کــە جلوبــەرگی زۆر جوانیــان لەبــەر کردبــوو، ســەرنجی منیــان بــۆ لای خۆیــان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

راکێـشا. یـەکێك لـەوان سمێـڵ زەردێـك بـوو کـە بـە دیتنـی، ئەشـکەنجەگای دیاربـەکرم هاتـەوە بـیرو دونیـا لەبـەر چـاوم تاریـك بـوو. ئـەوکات ئەگـەر چـەقۆییێکیان لـێم بدایـە، خـوێنم لێ نـەدەڕژا. ئارەقـەییێکی سـاردم کـرد، نەمدەویـست نزیـك ئـەو مێـزە ببمـەوە. دەمهەویـست زەوی بقەڵـشێو خـۆمی تێیـدا بـشارمەوە. ترسـم لـە لێـدانو ئەشـکەنجە نەبوو. ترسـم لـەوە بـوو کـە ئـەو درۆیـەی کردبـووم ئاشـکرا بـێو ئـیتر"هـاوا" و"ڕۆژبـین "یـش نـەتوانن، لـەوێ بـە شـێوەییێکی ئاسـایی بـژینو بـۆ جـاری دووهـەم ئـەوان بـەهۆی منەوە پەریشان بن. ئەگـەر ئێمـە لـە دیاربـەکر بووبـاین، کێـشە نـەبوو، بـەڵام لـەوێ زۆر زەحمەت بوو. هەر لەنێو ئەو خەیاڵانەدا بووم کە بە دەنگی قوموتان ڕاچڵەکام:

- ئۆۆۆ سیدار بەگ!. دواتر ڕووی کردە هاوڕێکانیو پێیانی گوت:

- سیدار بەگ ئەوەیە.

قوموتـان لـە سـەر جێگاکـەی هەسـتاو هاتـەوە پێـشێو بـە خێرهـاتنێکی گـەرمی کردم. پێم گوت:

-خێرە قوموتان، منتان بانگ کردۆتە ئێرە؟!

دەمهەویست وەڵامەکـەم وەرگـرم کـە دیـتم هاوڕێیـانی دیکـەش هەسـتانە سـەر پـێو دەسـتیان دامـێو بـە گـەرمی بـەخێرهاتنیان کـردم. قوموتـانیش ئێمـەی بـە یـەکتری ناساند:

- سـیدار! ئـەو دوو کەسـە، هـاوولاتی ئێـوەنو خـەڵکی "مـووش"ن. هاوڕێیـان ئـەوەش سـیدارەو خـەڵکی "مێـردین"ە. ئـیتر ترسـی ئـەوەم لـە دڵـدا نـەما کـە نـەکا بمگـرنو بمنێرنەوە بـۆ گرتووخانـە. پێکـەوە دانیـشتینو ئـەحواڵی یـەکترمان پرسـی. هـەر دووکیـان تەکنـسیەنی کارگـای چـا بـوون. کاتێـك ئێمـە چـاك یـەکترمان ناسـی، زۆرتـر خۆشـحاڵ بـوومو ئـیتر هـیچ ترسـێکم لـە دڵـدا نـەما. قوموتـان بـانگی سـەربازێکی خـۆی کـردو سەربازەکەش هاتە پێشێو گوتی:

- بفەرموو گەورەم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قومـوتانيش روى لـه مـن كردو گوتى:

- ده پێم بڵێ چى دەخۆى؟

مـــن داواى "كووكـــاكوولا "م كـــرد. دواى ئـــەو هـــەموو تـــرسو لـــەرزە، "كوكـــاكولا" دەچەســـپا. دواى خـــواردنى ئـــەو ســـارديە، ســـەربازەكان چـــايێكى خۆشيـــشان بـــۆ ئێمـــە هێنايـــەوە. ئێمـــە خـــەريكى چـــاى خـــواردن بـــووين كـــە دوو كـــەس لـــە بەرپرســـە ســـەربازييەكانى ئـــەو ناوچـــەيە بـــوون بـــە مێـــوانى ئێمـــە. قومـوتـــان، ئێمـــەى بـــە يـــەكتر ناساند. ئـيتر تـاكو دەهـات كـۆڕى ئێمـە گـەرمو گـۆڕتر دەبـوو. بينينـى ئـەو دوو گـەورە بەرپرسە بۆ من دەرفـەتێكى بـاش بـوو كـە نەمدەويـست هـەر وا بـە هاسـانى لـە كيـسى بدەم.

لـەكاتى قـسەو بـاسو خـواردنى چـادا، ديتمـان كـە يـەكێك لـە دانيـشتوانى ئـەو هەرێمە هاتە لاى نيگابانو پێى گوت:

- دەمهەوێ چاوم بە قوموتان بكەوێ. قوموتانيش بانگى كردو پێى گوت:

- دا وەرە ئێرە، بزانم چت دەوێ، خێرە؟

- قوموتـــان! "بـــەيتارى" ئێمـــە لـــە ناوچـــەى "قـــەزێ" هـــاتووە ئێـــرەو دەڵـــێ، ئەگـــەر قوموتـــان كـــارى نـــەبێ، مـــن دێـــمو چـــايێكى لەگـــەڵ دەخۆمـــەوە. لەگـــەڵ تـــەواو بـــوونى قسەكەى، قوموتان پێى گوت:

- پێى بڵێ با بەپەلە خـۆى بگەيەنێتـە ئێـرە، ئـەوە چـەند هـاوولاتييێكى ئـەو، هاتوونەتـە ئێرە. زۆرى پێ نەچـوو كـە"بـەيتار"يـش هـات. جـارى يەكـەم بـوو كـە يـەكترمان دەدى. قوموتـان ئێمـەى بـە يـەكترى ناسـاند. ئـەو خـەڵكى "روحـا" بـوو و كورديـشى دەزانـى. زۆر لەمێژ بوو كە بە كوردى قـسەم نـەكردبوو. ئـەو ئێوارەيـە بـە دڵـى خـۆم قـسەم كـرد. لە راستيدا قوموتان لـەوەى كـە پێكـەوە بـە زمـانى كـوردى قـسەمان دەكـرد زۆر قـەڵس بوو، بەلاّم قوموتـان چـەند رۆژ دواتـر پێـى گـوتم كـە ئـەو شـەوە بـە كـوردى قـسەكردنى ئێمـــە زۆر قـــەڵس بـــووە. ئێمـــە هـــەموومان پێكـــەوە لەبـــەر ئـــەو بـــا فێنكـــەى دەرێ،



كتێبخانەى ديجيتاڵى
www.rabari.org


شەوێکی زۆر خۆشمـان رابـوارد. هێنـدێك لـە هاوڕێیـان زۆریـان خـواردو بوورانـەوە. کـات تێپـەر دەبـوو و منـیش لـە بـیرم نـەمابوو کـە خێـزانم لـەوە ئاگـادار کەمـەوە کـە هـیچ ترسـێك لـە گـۆڕێ نیـە. تـاکو بەرەبـەیان خـەریکی خواردنـەوەی ویـسکی بـووین. دواتـر کە گەیشتمە ماڵ، خێزانم تا ئەوکاتەش هـەر بەخـەوەر بـوو و لـە ترسـی ئـەوەی کـە نـەکا دیسان زیندانی کرابم، چـاوەڕوانم بـوو. ئـەو زۆری خـۆش دەویـستمو ئـاواتی ئـەوە بـوو کـە هەموو کاتێك لەلای بمو پێکەوە حەسرەتو ئێشو ئازاری رابردوو لە بیر بەرینەوە.

سەرەڕای ئەمانە هەر پێـی خـۆش بـوو کـە مـن لەسـەر کـاری سیاسـی بـەردەوام بمو قەت تێکەڵ بە کاری سیاسـی نـەدەبوو و ئەگـەر کـارێکی لـە دەسـت هاتبـا، بـە گـوێرەی هێــزو توانــای خــۆی هاوکــاریی دەکــردم. رۆژێ دواتــر ئــەو هەواڵــە بــڵاو بــۆوە کــە "بەیتار"یش هاوولاتی سـیدارە. تـاکوو دەهـات وەزعـم باشـتر دەبـوو، لـە لایێکـی تـرەوە چارەنووسمان نادیار بوو. پارەمان نـەبوو و زۆر جـار ئاواتمـان بـوو کـە نیـو کیلـۆ گۆشـتمان لەسەر سفرە هەبێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم



لــەو رۆژە خۆشــانەدا کــە خــۆر بــە تیــشکی بــە تینــی خــۆی گــەرمای دەبەخــشیە سروشــت، مــن "رۆژبــین"ی خــۆمم دەنــاردە لای منداڵــەکان بــۆ ئــەوەی کــە بۆخــۆی کایــە بکــات. بــۆ خۆشــم کتێــبکم هەڵــدەگرتو دەهاتمــەوە دەرێو لــەوێ خــەریکی خوێندنــەوە دەبــووم تــا ســەعات ســێی دوانیــوەڕۆ. دواتــریش بــەرەو قاوەخانــە وەڕێ دەکــەوتم. ئــیتر ئــەوە ببــووە کــاری رۆژانــەم. هــەموو کەســێك پێــی وابــوو کــە مــن خــەریکی خوێنــدنی دەرسەکانی خۆمم. هەر بۆیە هیچ کەسێك تا سەعاتی سێ نەدەهاتە لام.

نەخۆشــخانە لــەلای راســتی شــارو لەســەر تەپۆڵکــەییێك هەڵکــەوتبوو. ناوچــەی دەریــای رەش هــەر هــەمووی دارو تەپۆڵکەیــە. شــوێنی نەخۆشــخانە زۆر خــەلوەت بــوو و بــە شــێوەییێکی زۆر مــۆدێرن ســاز کرابــوو و دەوروبەرەکــەی بــە داری "چــام" خەملێنـدرابوو. رێگـای گـشت گونـدەکانیش لـەوێوە تێدەپـەڕی. ئەوانـەی کـە پێویـستیان بــە نەخۆشــخانەکانی نێــو شــار نەبوایــە، ســەردانی ئــەو نەخۆشــخانەیەیان دەکــردو دواتریش دەگەڕانەوە بۆ نێو گوندەکەیان.

دیمـەنێکی زۆر سـەرنجڕاکێش بـۆ مـن ئـەوە بـوو کـە لاوێکـی تەمـەن بیـستو پێـنج تاکو سـی سـاڵ هـەموو ڕۆژێ بـەیانیان زوو دەڕۆیـشتە سـەر ئـەو تەپۆڵکەیـەی بەرامبـەر نەخۆشـخانەو تـاکو ئاسمـان تاریـك دادەهـات هـەر لـەوێ دەمایـەوە. ئـەو زۆر سـەرنجی منـی بـۆ لای خـۆی ڕاکێـشابوو. ئـەو وەك گوندییـەکانی تـر نـەبوو، بـەڵکوو ئـەو وەك کەسێکی تووڕەو غەمگین دەهاتـە بـەر چـاوو لـەکاتی هاتوچـۆدا قـەت سـڵاوی لـە کـەس نەدەکرد. جاری وابوو چاوی لە مـاڵی ئێمـە بـوو، وەك ئـەوەی کـە بڵـێ پـێم خۆشـە بێمـە ماڵی ئێوە، بەڵام ناتوانم."

لە سـەرەتادا پـێم وابـوو کـە نـاوبراو لەبـەر ئـەو ژنانـەی کـە لـە نەخۆشـخانەدا کـار دەکـەن، هاتوچـۆی ئـەوێ دەکـات. ئەوانـەی کاریـان دەکـرد یـەکێکیان خێزانـی مـن بـوو کە وەك پەرەسـتار کـاری دەکـردو ژنێکـی دیکـە وەك "دادووك "لـەوێ بـوو، کـە ئـەویش مێـردی بـە کارمەنـدێکی نەخۆشـخانە کردبـوو. مـن زۆر بـیرم لـەوە دەکـردەوە کـە ئـاخۆ ئەو کابرایە بەدوای ژنی منەوەیە، یان بە دوای کەسێکی دیکەوەیە؟

لە کاتێکدا کە هـەوا زۆر خۆشـی کردبـوو و تـشیکی زێرینـی خـۆر پـەڕو بـاڵی خـۆی بەسـەر ئـەو هەرێمـەدا کێـشابوو، دەمهەویـست ئـێشو ئـازاری چـەند سـاڵەی خـۆم لـە گرتووخانـە، لـەو هـەوا خـۆشو دڵڕفێنـەدا لـە بـیر بکـەم. هـەر بۆیـە دەسـتم دەدایـە کورسییێكو دەڕۆیشتمە دەرێو خەریکی خوێندنەوەی کتێب دەبووم.

ڕۆژێـك مـن تاقـەتی خوێنـدنم نـەمابوو و هـەروا خـەریکی هەڵـدانی لاپـەڕەکانی کتێبەکـەم بـووم، کـە لـە ناکـاو دیـتم ئـەو کابرایـە کـە هـەموو ڕۆژێ هاتوچـۆی ئـەو دەوروبەرەی دەکرد، لێم نزیك کەوتەوەو جگەرەیێکی لە نێو زاری ناو پێی گوتم:

-ڕاستی ئاورت پێیە کە جگەرەکەمی پێ هەڵکەم؟

فەندەکەکەم دەرهێنـاو ویـستم کـە بـۆ خـۆم جگەرەکـەی هەڵکـەم، بـەڵام هاتـە پـەنا گوێمو بە چپەوە پێی گوتم:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- دەردی من زۆر گرانــە. وام بیــستووە کــە تــۆ رۆژنامــەوانی؟ پــێم خۆشــە پێــت بڵــێم کــە ئەو ئاورەی من تێیدا دەسووتێم چیە؟

-لە نێو چ ئاورێکی، خێرە؟

- کەس ئاگای لە حاڵی من نیــە، دەمهــەوێ هــەر کــەس ئاگــای لــەو ئــاورە بــێ کــە مــن تێیدا دەسووتێم. داوام ئەوەیە کە ئەو شتانەی بۆتی باس دەکەم، بینووسی.

- زۆر باشە. هەر کاتێك پێت خۆش بێ، دەست پێ دەکەین.

- زۆر چاکە، بەیانی ئەو کاتــەی کــە مــن لێــرەوە را تێدەپــەڕم، ئــەتۆش بــە دوامــدا وەرە، بەڵام پێنووس و دەفتەرت لە بیر نەچێ؟

- باشە دڵنیا بە.

ئیتر رۆیشتو منی بــە جێهێــشت. منــیش تێرامــام کــە بۆچــی ئــەو پێــی خــۆش بــوو دەردی دڵی خۆیم بۆ باس بکا.

- رۆژی دواتر من بەرەو نەخۆشخانە وەرێ کەوتمو چومە لای خێزانم و پێم گوت:

- "هــاوا"! مــن ئێــستا دەرۆمــە لای ئــەو پیــاوەی کــە ئــەو رۆژە بــۆم بــاس کــردی. ئەتۆش ئاگات لە رۆژبین بێ.

- باشە، خەمت نەبێ. بەخێر چی.

- من بەرەو ئــەو تەپوڵکەیــەی کــە لــە بەرامبــەر نەخۆشــخانەوە بــوو رۆیــشتم. دیــتم ئــەو کابرایە لەوێ لە ژێر دارێك دانیشتووەو چاوەڕوانی منە.

سـڵاوم لــێ کـردو ئــەویش بــە خێرهــاتنی کــردم. مــن ویــستم کــە شــەرمی بــشکێ، هەر بۆیە بەرلەو دەستم پێکردو گوتم:

- ئەوا من هاتم، بزانم چیم پێ ئەڵێی؟ دە بفەرموو.

- بەخێر بێی.

- خێر بێتە رێت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- قوربــان مــن هــیچ خێــرو بێــرم نــاوێ! مــن ئەونــدە تاوانبــارم کــە تاوانــەکانم بــە هــیچ خێرێك ناشۆردرێتەوە.

مەبەستەکەی ئاشکرا بوو کە چـی دەڵـێ. ئـەو دەیویـست بێتـە قـسانو زۆر شـتم پـێ بڵێ. مـن وەك رۆژنامــەوانێك پـێم گـوت، بـا برۆینــە سـەر ئـەو بابەتـەی کـە ئـەو باسـی کردوە.

- ئاخۆ دایكو باوکت ماون؟

- بەڵێ.

- ئێوە چەند بران؟

- بۆ چـیتە کـە ئێمـە چـەند بـراین؟ چـونکە ئێمـە لـە یـەکتر دابـراینو دایـكو باوکیـشم منیــان وەك ئــەولادی خۆیــان قبــووڵ نیــە. خوشــك و براکانیــشم نامــدوێنن، بــەڵام حەقیانە، چونکە زۆر ئەزیەتو ئازاریانم داوە.

- بۆچی، هۆیەکەی چیە کە ئەزیەتی ئەوانت کردوە؟

دوای ئەو پرسـیارەی مـن، راوەسـتاو جگـەرەیێکی هـەڵکرد. زانـیم کـە دڵـی پـڕە، رەنــگو روی تــەواو ســوور هەڵگــەڕا بــوو و فرمێــسك لــە چــاوانی دەبــارین. ســەری داخستو بەم شێوەیە دەستی کرد بە قسە کردن:

- ئـەو شـتەی دەمهـەوێ لـە گـەڵت بـاس بکـەم، بـەم شـێوەیەیە کـە مـن خـەڵکی گوندی دەوروبـەری بـەحری رەشـم. لـەوێ لـەدایك بـووم، خۆزگـە لـە دایـك نـەدەبووم. بـۆ ئەوەی ئـەو بەڵایانـەی لـە گرتووخانـەی دیاربـەکردا دەمهێنایـە سـەر ئـەو مرۆڤـە باشـانە نەمــدیبیان. زۆر بــاش دەبــوو ئەگــەر بمتوانیبــا داوای لێبــوردنم لــەو کەســانە کردبــا کــە ئەشــکەنجەم کــردون. بــەڵام چـاك دەزانم کـە تـەنیا بـە لێبوردنێـك نـاتوانم قـەرەبووی ئـەو هــەموو ئەشــکەنجانە بکــەم کــە لــە گرتووخانــەدا بــە ســەریاندا هێناومــە. ئـەوە لـە روی ترسەوە نیە کە ئەم قسانە دەکـەم، مـن هـەموو شـتێکم لـە دەسـت داوە، شـتێك نـەماوە کە لە دەستی بدەم. من ئیتر ترسم لە مردنیش نیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەوێ وەك ئەوەی کە بڵـێ "بڕوانــە، مــن دەمهــەوێ هــەموو شــتێکت بــۆ بــاس بکــەم، من لە هــیچ بــەلاّییێك ناترسـم کـە بێتــە سـەرما. تــەنیا دەمهــەوێ ئـەو شـتانەی کـە لـە تاریکیدا ماون بۆ ئێوە رونی کەمەوە"، بەم شێوەیە درێژەی بە قسەکانی دا:

"ئەو کولتوورەی کـە لـە گرتووخانـە فێـری ئێمــەیان دەکـرد، بـەم شـێوەیە بـوو کـە دەبوایــە ئەشــکەنجەی وامــان بــەکار هێنابــا، کــە بەندییــەکانمان چاوترســێن کردبــا. ئەوانەی فێری ئـەو کولتـووره ببـوون بـە هـیچ شـێوەییێك نەیانـدەتوانی خۆیـانی لێ رزگـار بکــەن. ئەگــەر تــۆ گــوێم لێ بگــری، مــن هــەمووی ئەوانــەت یــەك بەیــەك بــۆت شــی دەکەمەوە. هۆیــەکانی ئــەو ئەشـکەنجانە بــە تــەواوی بۆتــان بــاس دەکــەم. بــۆ ئــەوەی کــە هەرکەس بزانێ کە گاردیانەکان سەربەخۆ نەبوون.

هەر وەك پێــشتریش باسـم کـرد، مــن خــەڵکی گونـدێکی دەوروبــەری بــەحری رەشــم. بنەماڵەی مــن نــە دەوڵەمەنـدو نــە هــەژار بــوون. دەتــوانم بڵـێم کـە ژیـانێکی ئاسـاییمان هەبوو. ئێمە سێ کوڕو چـوار کـچی مـاڵ بـووین. مـن بـرا گـەورەیان بـووم. ئـەوکات لـە گونـدی ئێمـە قوتابخانــە سـاز نـەکرابوو و بـۆ وانـە خوێنـدن دەبـوا هاتوچـۆی گونـدێکی ترمــان کردبــا. بــۆ خوێنــدنی قۆناغــەکانی دیکــەش دەبوایــە رەوشــی ئابووریــت بــاش بوایـە، چـونکە لەشـار پێویـست بـوو کـە خـانوو بـە کـرێ بگـریو لـەوێ خوێندنەکـەت درێژە پێ بدەی.

- مــن کــە بنەماڵەکــەم دەوڵەمەنــد نــەبوونو تــەنیا نــان هێنــەری مــاڵێش مــن بــوومو دەبوایە بەردەوام کارم کردبا، هــەر بۆیــە نــەمتوانی بــۆ خوێنــدن بڕۆمــە گونـدێکی دیکـە، یان بڕۆمە ناو شار. منو بـاوکم پێکــەوە بـژێوی ژیـانی خۆمـان دابـین دەکـرد. چـونکە بـۆ دابـین کردنــی بــژێوی ژیــانی رۆژانــەی خۆمــان زەحمــەتی زۆرم دەکێــشا، هــەر بۆیــە مــافی بڕیاردانیشم هەبوو و بـاوکم گـوێی لـێ رادەگـرتم. منـیش ویـستم ئـەو مافـە بـۆ خوشـكو براکـــانم بـــەکار بێـــنم، هـــەر بۆیـــە ویـــستم کـــە بیـــانترێرم بـــۆ قۆتابخانـــە. کاتێـــك ئـــەو مەسەلەیەم لەگەڵ باوکم بـاس کـرد، جـاری یەکـەم لەگـەڵ ئـەو پێـشنیارەی مـن دژایـەتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کـردو گـوتی: " کـوڕم، بڕوانـە! ئێمـە ئەونـدە دەوڵەمەنـد نـین کـە بتـوانین بیـانـنێرین بـۆ قۆتابخانە. چـوونکە پـارەی زۆری دەوێ. هـەروەها دەبـێ خانوویـان بـۆ بـەکرێ بگـرین. لـە راسـتیدا تێـدا دەچـین. جـارێ لێگـەرێ، بـا ئـەوانیش لەگـەڵ ئێمـە کـار بکـەنو وەزعەکەمان باشـتر بـێ". بـەڵام مـن لەگـەڵ ئـەو بۆچـوونەی بـاوکم نـەبووم و پـێم گـوت: "باوکە! مـن زیـاتر کـار دەکـەم بـۆ ئـەوەی کـە وەزعمـان باشـتر بێـت. مـن نـاهێڵم کـە ئـەوان بـۆ ئێمـە ببنـە سـەربار. بـە کـاری زیـاتر بـژێوی هـەموومان دابـین دەکـەم. ئێـوە تەنیا رازی بنو بەس".

بـاوکم کـەمێك نـەرم بـوو و گـوتی: "باشـە کـوڕم، کـەیفی خۆتـە. بـەڵام ئەگـەر رۆژێك لە رۆژان تووشی کێشەیێك بـین، ئـەوکات بـە بـیرت دێـنم کـە خـەتای تـۆ بـووە". کاتێـك خـەرجی خوشـكو براکـەم کەوتـە ئەسـتۆم، ئـیتر خۆشـیم لێ بـڕاو بـارم قـورسو گران بـوو. بـەڵام مـن زۆر گـوێم لـێ نـەبوو، چـونکە ئـاواتی مـن دەرس خوێنـدنی ئـەوان بوو. هەر بۆیـەش بـە چـڕوپڕی خـەریکی کـار کـردن بـوومو ئـیتر شـەو و رۆژم بـۆ نـەبوو. ئـەوکات تەمـەنم ببـووە بیـست سـاڵو بەرپرسـایەتیم قورسـتر ببـوو. نەمدەهێـشت خوشكو براکەم هـیچ کـەمو کوڕییێکیـان هـەبێ. بـەڵام تەمـەنم ببـوە بیـستو کـاتی ئـەوە هاتبوو کـە بڕۆمـە خزمـەتی سـەربازی. چـونکە خزمـەتی سـەربازی وەك قـەرزی دەوڵەتـە لە سـەرت. راسـتییەکەی بڵـێم، هـەر کاتێـك باسـی خزمـەتی سـەربازی دەهاتـە گـۆڕێ، زۆر دەترسـام. چـونکە خوێنـدەواریم نـەبوو و بـیرم لـەوە دەکـردەوە کـە منـی نەخوێندەواری داماو، لەنێو هاوڕێیانی دیکەدا چۆن دەتوانم بژیم!.

دەردی من تـەنیا ئەمـە نـەبوو، دەردی هـەرە قـورسو گـران نـەبوونی پـارە بـوو. " ئاخۆ ئەگەر بڕۆمە خزمەتی سـەربازی، کـێ پـارەم بـۆ دەنێـرێ؟ لـە نێـو هاوڕێیانـدا چـۆن دەتوانم بەبێ پارە بـژیم". کـارکردنی بـاوکم ئـەو پـەری بەشـی خوشـكو براکـانی دەکـرد. باوکم پێی دەگوتم: "ئەتۆ نـەت هێـشت کـە ئـەو منداڵانـە بـۆ ئێمـە کـار بکـەنو ئـەوانت نـاردە قوتابخانـە، هـەر بۆیـەش وەزعـی ئابووریمـان زۆر خراپـە. ئەگـەر ئـەوانیش کاریـان

كردبا، وەزعی ئابووريمان بـاش دەبـوو و چـاومان لـە دەسـتی كـەس نـەدەبوو. مـن ئـەوەی لـە دەسـتم بێـت بـۆت دەكـەم، بـەلام ئـەتۆش دەبـێ بـە پێـی رەوشـی ئـابووریی ئێمـە داواكاريت هەبێ".

رۆژ لـــە دوای رۆژ تێدەپـــەڕیو كـــاتی ئـــەوە هـــاتبوو كـــە مـــن برۆمـــە خزمـــەتی سـەربازی. ئـەوە بـوو كـە منـيش وەك هـەموو هاوڕێيـەكی خـۆم، مالـّاوائيم لـە دايـك، باوك، خوشكو برام كردو كەوتمـە رێ. رووم كـردە ئـەو شـارەی كـە يەكـەم جـار بـوو نێـوم بيستبوو. ترسو لەرز دايگرتبوومو مردنی خـۆمم پـێ باشـتر بـوو لـەوەی كـە برۆمـە ئـەو شارە. دايكم وەك باران فرمێسك بە سەر گۆناكانيدا دەبارين. باوكم دەيگوت:

- كـــورم! خزمـــەتی ســـەربازی قـــەرزی پياوەكانـــە. ئـــەو كەســـەی نەڕواتـــە خزمـــەتی سەربازی، هەر پياو نيە.

بـاوكم زۆر هـەولّی دەدا كـە ورەم پـێ ببەخـشێ، بـەلام نەيـدەتوانی. مـن بـەرەو ئـەو شـــارە وەڕێ كـــەوتم، ئـــەو شـــارەی كـــە دەيـــانگوت :" خەلّكەكـــەی درو وەحـــشیو مـــرۆڤ خۆرن". كاتێك ئەوەم دەبيست، ئارەقەيێكی ساردم دەكردو ياو و لەرز دايدەگرتم.

بە دەنگـی بلّێنـدگۆی ئوتوبـوس ئاگـادار بوومـەوە كـە ئوتوبـوس وەڕێ دەكـەوێ. بـۆ دواجـار هـەموويانم مـاچ كـرد، وەك ئـەوەی كـە رێگـای مـانو نـەمان، رێگـای هـاتو نـەهاتم لـە پـێش بـێ. پـێم وايـە، بـاوكم لـە وەزعـم تێگەيـشتبوو، هـەر بۆيـەش پێـی دەگوتم:

-كـورم، كاتێـك گەيـشتيە شـوێنەكەت، خێـرا ئاگادارمـان بكـە، بـۆ ئـەوەی كـە بـزانين گەيـشتوويەتە شـوێنەكەتو دواتـريش خـوا گەورەيـە. هـيچ خـەم مـەخۆ، دوو سـالّ وەك ئاو تێدەپەڕێ. بەچاولێكنانێ تەواو دەبێ.

دوايـــين قـــسەكانی بـــاوكم وەك زەنگۆلّـــەيێك لـــە گوێمـــدا دەزرنگايـــەوە، "خـــەم مەخۆ دوو سالّ وەك ئاو تێدەپەڕێ ". مـن پـێم خـۆش بـوو كـە دوو سـالّ وەك ئـاو تێپـەڕ بێ. دەمهەويست بڕوا بـەو قـسەيەی بـاوكم بكـەم. بـەلام بـڕوا كردنەكـەی زەحمـەت بـوو.



كتێبخانەی ديجيتالّی
www.rabari.org

چـونكه لـه ديارىـەكر نـەك دوو سـالّ، دوو رۆژيـش تـەواو بوونەكـەى زۆر ئەسـتەمە. لـە نێـو وەحـشيەكاندا كـات چـۆن تێپـەڕ دەبـێ؟. زۆر بـە بـێ هيواييـەوە مالّـاواييم لـە وان كرد.

سوارى ئوتوبووس بـووموو كەوتمـە نێـو خـەيالّێكى قـوولّ. ئوتوبـووس راوەسـتابوو يـان دەڕۆيشت، ئاگام لىّ نەبوو.

بە دەنگى بەرزى ياريدەدەرى شۆفێرى ئوتوبووس كە دەيگوت:

"ئێمە ٣٠ خولەك لێـرە رادەوەسـتين، پـارەى چـاى خـواردن لـە ئەسـتۆى شـيركەتە"، لـە خـەو راچـلّەكام. چـاوەكانم كـردەوەو رۆيـشتمە خـوارىّ لاى ئاورێژەكـەو دەسـتو چـاوەكانم شۆرد. دواتر چاوێكم بە دەوروبەرى خۆمدا خشاند كە ئەو شوێنە زۆر بۆم نامۆ بوو.

ئاسمـان تاريـك داهـاتبوو. بـە تاريـك بـوونى ئاسمـان زانـيم كـە ئێمـە رێگـايێكى زۆرمـان بريـوە. هـەر كەسـێك خـەريكى شـتێك بـوو. هێنـدێكيان نوێـژيان دەكـرد. هێندێكيان خەريكى نان خـواردنو چـاى خواردنـەوە بـوون. منـيش لـە برسـان زگـم قـۆرە قۆرە پێكەوتبوو. بەلاّم لە نارەحەتيان گەدەم هيچى هەلّنەدەگرت:

لـە بـاتى خـواردن، منـيش وەك ئەوانـەى دەرۆيـشتنە مزگـەوت، مەسـينەم هەلّگرتو بـە ناتـەواوى دەسـتنوێژێكم گـرت. دەسـتنوێژ گـرتنم چـاك نـەدەزانى، چـونكە تا ئەوكاتيش نوێژم نەكردبوو. هەر بۆيە چـاوم لـە دەوروبـەرى خـۆم بـوو، بـۆ ئـەوەى بـزانم كـە چـۆن نوێـژ دەكـەن. ئـەوان لەگـەلّ ئـەوەى كـە راسـتو نـەوى دەبوونـەوەو تـەوێلّيان لەسـەر عـەرز دادەنـا، هێنـدێك وشـەيان دەهاتـەوە سـەر زار، بـەلاّم نەمـدەزانى ئـەو وشانە چين كە ئەلّێنـەوە. بـەبێ ئـەوەى كـە ئـەوان ئاگايـان لـە وەزعـى مـن بـێ، دەسـتم كرد بە نوێژ كردنو لەگەلّ خۆمدا دەمگوت:

- خوايە! لـەو بەلاّيـە رزگـارم كـە. مـن لـەنێو ئـەو وەحـشيانەدا چـى دەكـەم. مـن چـۆن دەتـوانم دوو سـال تـەواو بكـەم. خوايـە رەحمـم پـێ بكـە، ئـامين!. لێـرە بـوو كـە دەنگـى ياريدەدەرى شۆفێرم هاتەوە گوىّ كە بە بلّيندگۆ دەيگوت:




كتێبخانەى ديجيتالّى
www.rabari.org

"ئوتوبووسی "ئولوسۆی" کە لە ترابزۆنەوە هاتوتە دیاربەکر، ئێستا حەرەکەت دەکات. سەفەرتان بەخێر بێ". دەستم لە نوێژ هەڵگرتو بەپەلە هاتمەوە سەر جێگامو دانیشتم. دیسانەکە کەوتمە نێو خەمو خەیاڵ. دیار بوو کە شۆفێرەکە کەیفی ساز بوو، چونکە زگی خۆی چاك داگرتبوو. ئەو چایەکەی خواردبوو، جگەرەکەشی کێشابوو و شریتێکی خستبووە سەر زەبتی ئوتوبووسەکەو دەنگی دابوویێ. ئەو دەنگەم زۆر بەدڵ بوو. دەتگوت ئەو گۆرانیبێژە ئاگای لە تەواوی ئێش و ئازارەکانی منە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی سێهەم



کاتــژمێر چــواری بــەیانی بــوو کــە گەیــشتینە دیاربــەکر. چــاوێکم بــە دەوروبــەری خۆمدا خشاند بــۆ ئــەوەی کــە بــزانم ئــەو ئەشــکەوتانەی کــە تێــدا دەژیــن چــۆنە. چــونکە لەلای ئێمە دەیانگوت:

"خــەڵکی ئــەو هەرێمــە لــە ئەشــکەوتدا دەژیــن". مــن وام بیــستبوو، بــەڵام کاتێــك لە دەوروبەری خــۆم ڕوانــیم زۆر قەســری گــەورەم بینــی. ســەرەتا بــڕوام نــەدەکرد کــە ئێــرە دیاربەکرە، هەر بۆیە لە یەکێکم پرسی:

- ئامۆزا! ئێرە کوێ یە؟

- ئێرە دیاربەکرە، دیاربەکر. ئاخۆ بە هەڵە لە ئوتوبوس دابەزیوی؟

- نە، نە. لــە راســتیدا مــن تــەواو حەســابووم. لەگــەڵ خۆمــدا قــسەم دەکــرد کــە ئــاخۆ بۆ لای ئێمە دەیانگوت:

" ئەوانــەی لێــرە دەژيــن، نــە خانوويــان هەيــەو نــە وەك مــرۆڤيش دەژيــن. بــەڵام ئێــستا كــە دەبيــنم كۆشــكەكانی ئێــرە لەوانــەی خۆمــان زۆر بــەرزترو خۆشــترن. خــەڵكی ئێــرەش وەك خــەڵكی لای خۆمــانن‌و جلوبەرگەكانيــشيان لەوانــەی لای ئێمــە جــوانترو خاوێنترە". لە حەيفان دەستم كرد بـە نـچە نـچ. يـەكێك لەوانـەی لـە تەنيـشتم بـوو، لێـی پرسيم:

- ئامۆزا! خێرە، شتێكت لەبير كردوە؟

- نە، نە.

ئــاخۆ بۆچــی ئــەو درووە گەورەيــە لای ئێمــە ســاز كرابــوو و لەســەر خــەڵكی ئێــرە روانينێكی بەم شــێوەيە هــەبوو؟ مــن هــيچ لێــی تێنەگەيــشتم. كــاتی زۆرم بــۆ بيركردنــەوە نەبوو. هەركە چـاوم بـەو كۆشـكە گەورانـە دەكـەوت بزەيـەكم دەهاتـە سـەر لێـوان. بـەڵام ئەوە كە لـەو دوو سـاڵەدا چـی رووی دەداو چـيم بەسـەر دێـت، جـارێ روون نـەبوو. كـەس نەيــدەزانی لــەكاتی خزمــەتی ســەربازيدا چــی رووی دەدا. ئەوانــەی دەڕۆنــە خزمــەتی ســەربازی، ئەگــەر تــاكوو كۆتــايی تەمــەنی خۆشــيان بــاس لــە بيرەوەرييــەكانی دەورانــی خزمــەتی ســەربازی بكــەن، هــەر تــەواو نــابێ. منــيش وەك هــەر موســافرێكی ديكــە ويــستم جانتاكــەم لــە ياريــدەدەری شــۆفێر وەرگــرم، بــەڵام ئەوەنــدەم دی كــە كەســانێك دەوری منيــان گرتــووەو هــەر كامــەيان دەســتيان بــۆ لای جانتاكــەم درێــژ دەكــردەوە دەيگوت:

- من بە پارەيێكی كەمتر جانتاكەت دەگەيەنمە شوێنی مەبەست.

- يەكێكی تر دەيگوت:

- نە، من ئەرزانتر دەيگەينم.

سەرەتا من نەمزانی مەبەسـتيان چـيە، بـەڵام دواتـر تێگەيـشتم كـە ئەمانـە پارەيـان نيەو بۆ ئەوەی كە پارەيان وەدست كەوێ، ئـەو كارانـە دەكـەن. بـەڵام لـە بـەر ئـەوەی كـە من پارەيێكی كەمم هەبوو، جانتاكەم هەڵگرتو بە ياريدەدەری شوفێرەكەم گوت:

- من چۆن خۆم بگەیەنمە بنکەی خزمەتی سەربازی؟

دواتریش ئەو کاغــەزەی کـە نـاو و نیـشانی لەســەر بـوو، پیــشانی ئـەو کابرایـەم دا. ئـیتر سـواری مینـی بـوس بـوومو بـەرەو ئـەو شـوێنە وەڕێ کـەوتم. ئـەویش چ شــوێنێك، شوێنی زۆرو ئەشکەنجە، ئەو شوێنەی کە وەك ئاژەڵیش چاو لە مرۆڤ ناکەن".

کاتێـك کـە وشـەی "کورتۆگلـو" (شـوێنی خزمــەتی سـەربازی)ی کەوتـە سـەر زار، لــە ناکــاو رەنــگو رووی گــۆڕا، کــەمێك راوەســتاو جگــەرەییێکی هــەڵکردو ویــستی قسەییێك بکات، بـەڵام هیـچی نـەگوت. مـژێکی لـە جگەرەکـەی داو چـاوێکی لێ کـردمو گوتی:

- کورتۆگلـو، کورتوگلـۆ! مەگـەر ئەشـکەنجەی ئـەوێ لـە هـی گرتووخانـە کـەمتر بـوو. لـەوێ زۆر کـەس بـێ سەروشـوێن کـرانو زۆر کەسـیش سـوتێنران یـان کـوژرانو سـەقەت کران. ئاخ! ئاخ! نازانم باسی چی بکەم.

دوای هەناسە هەڵکێشانێکی قووڵ دیسانەوە درێژەی بە قسەکانی دا.

"ئـــیتر رۆژانـــی خزمـــەتی ســـەربازی دەســـتی پێکردبـــوو و منـــیش وەك هـــەر کەســێکیتــر جلوبــەرگی ســەربازیم لــە بــەرکردبوو و ســەرم بــە مەکینــەی ژمــارە ســێ تاشیبوو و لـەنێو جلوبەرگـەکانم ببوومــە کەسـێکیتـر. زۆر کـەس ئـەو جلوبەرگانـەی لـێ دەهــاتن، بــەڵام بــۆ مــن وا نــەبوو. هــەموو رۆژێ دوای خــواردنی نــانی بــەیانی مەشــقی سەربازیو ئەشکەنجەو ئـازارو ئەزیـەت دەسـتی پـێ دەکـرد. لـە راسـتیدا کـەس نیـە کـە خزمەتی سەربازی بەبێ کـوتو لێـدان تـەواو بکـات. ئەوانـەی کـە ئـەو بەڵایـەیان بەسـەر دێ، مردنی خۆیانیان پێ باشـترە لـەوەی کـە بڕۆنـە خزمــەتی سـەربازی. بـە هـۆی ئـەوەی کـە مـن خوێنـدەواریم نـەبوو و لـە گونـد گـەورە ببـووم، لێـدانێکی چـاکم دەخـواردو بـە منیان دەگوت، "جاهیل" (نەزان).

مـــاوەی پـــازدە تـــاکوو بیـــست رۆژ دەبـــوو کـــە مەشـــقی نیزامیـــی ئێمـــە لـــەژێر فـــەرمانی "یوزباشـــی"دا بـــوو. هـــەموو رۆژێ یوزباشـــی دەهاتـــەوە لامـــانو پرســـیاری لـــێ دەکردین بۆ ئەوەی کە بزانێ ئێمە خەڵکی کوێین. رۆژێکیان نزیکم بوو و لێی پرسیم:

- تۆ لەکام شارەوە هاتوویی؟

- لە "ترابزۆن"ەوە هاتووم گەورەم.

- "ترابـــزۆن" هـــا! . دواتـــر ســـەری کـــەمێك جووڵانـــدو دیـــسانەکە گـــوتی"ترابـــزۆن"!. راستیەکەی بڵێم منیش کەمێك ترسام.

دواتر گوتی:

- ترابزۆن زۆر خۆشە، خەڵکی ئەوێ زۆر نیشتمانپەروەرن. مەگەر وا نیە؟

- بەڵێ گەورەم

- زۆر چـــاکە. دوایـــی چـــاکتر دەتناســـم. دەســـتی لـــە پـــشتی دامو زۆر بـــە رەحمـــەوە پێـــی گوتم:

- تۆ قـــەت مەترســـە، ئەگـــەر گـــوێم لـــێ بگـــری خزمـــەتی ســـەربازییەکەت بـــەبێ ناخۆشـــی کۆتـــایی پـــێ دێـــت. مـــن خۆشـــم لـــە "ترابـــزۆن"ییـــەکان دێو دەیانناســـم. ئـــەوان قـــازانجو بەرژەوەندیی وڵاتەکەیان لە سەرووی هەر شتێکی تر دادەنێن. وایە یان نە؟

-بەڵێ گەورەم.

-ئافەرین کـــوڕم، ئەگـــەر گـــوێم لـــێ بگـــری، قـــەت پەشـــیمان نـــابی. دواتـــر بزەییێکـــی کـــردو رۆیشت.

قـــسە کـــردنو قەڵافـــەتی نـــاوبراو ئێـــستاش لەبـــەر چـــاومە. دوای ئـــەو رۆژە بـــەردەوام دەهاتـــەوە لام. مـــن بـــەوە زۆر خۆشـــحاڵ بـــووم کـــە "خـــوا دوعـــای منـــی قبـــووڵ کـــردو کەسێکی وای ناردە لام، بۆ ئەوەی کە فریام کەوێو ئاگای لێم بێ".

ئێواران کاتی خواردنو بەرلە خەوتن هاوڕێیانم دەیانگوت:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- کـوڕە، ئـەو یوزباشـیە چـی تۆیـە کـە بـەم شـێوەیە نزیکـت دەبـێ، هاوکـاریی ئێمـەش بکە.

- وەڵڵا نـازانم، تـەنیا دەڵـێ "مــن خۆشـم لـە "ترابـزۆن"ییـەکان دێ، چـونکە هـەموویان نیشتمانپەروەرن".



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی چوارەم



"بـە هاتوچـۆی یوزباشــی، نێوانمــان زۆر خـۆش ببوو و وەزعم باشتر بـوو. بـەر لـەوەی کـە مـن برۆمـە خزمـەتی سـەربازی، ئەوانـەی کـە سـەربازییان کردبـوو، دەیـانگوت: "ئەگـەر کەسـێکی ناسـیارت لـەوێ هـەبێ، ئـەوکات وەزعـت زۆر بـاش دەبـێ". هـەر بۆیـەش مـن زۆر خۆشـم لـەو "یوزباشـی" یـە دەهـات. چـۆنم زانیبـا کـە ئـەو کەسـێکی سادیـستەو دژی مرۆڤـی چـاکەو دواتـریش دەردو بـەڵای زۆر گەورەم بە سەر دێنێ.

مانگێـك بەسـەر خزمـەتی سـەربازییەکەمدا تێدەپـەڕی. ئـەو یـەك مانگـە بـۆ مـن ببـووە چـەند سـاڵ. هـەموو رۆژێ لێـدان و ئەشـکەنجە هـەبوو. هـەر بۆیـە دەمـانگوت: "با مرۆڤ لێرە رزگاری بێ، ئیتر هەر چی روو دەدات، گرینگ نیە".



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رۆژیك كه ئێمـه خـەریكی مەشـقی نیزامـی بـووین، ئـەو یوزباشـیەی كـە مـن پـێم وابـوو پیـاوێكی زۆر چـاك‌و رزگاریـدەی منـەو هاوڕێكانیـشم پێیـان وابـوو مـن بـەرتیلّم پیّ داوه، بۆیه ئاگای لـه منـه، سـەری بـەرز كردبـوو و لێـی دەڕوانـیم، هاتـە پێـشیّ‌و لـە نێوماندا چەند كەسی دیاری كـرد. مـن بـەوە دڵخـۆش بـووم كـە منـیش هەڵبـژێردرابووم. پێمان وابوو لـه خزمـەتی سـەربازی رزگارمـان دەبـیّ. بـەڵام نەمانـدەزانی بـەرەو كوێمـان دەبەن. كاتێك ئێمە لە هاوڕێیانمان جیا بووینەوە، یوزباشی گوتی:

- به دوای مندا وەرن!

ئێمەش پێكەوە گوتمان:

- هەرچی ئێوه بفەرموون گەورەم!

ئێمەیان سواری ماشینێك كـردو بردیـانین بـۆ شـوێنێكی دیكـەی نیزامـی. لـەویّ لـە چێشتخانەییێك خواردنێكی چـاكیان پـیّ دایـن. پێمـان وابـوو كـە ئـەو خواردنـە تایبەتییـە تەنیا بۆ ئێمە ساز كـراوه، بـەڵام بـە هەڵـەدا چـووبووین. پێمـان سـەیر بـوو كـە یوزباشـی بۆچی وا دەكات؟ بۆچـی ئێمـەی لـە سـەربازی رزگـار كـردو خـواردنی خۆشـی پـیّ دایـن؟ لە خواردن تەواو بووین. دوای خواردن یوزباشی پرسیاری لیّ كردین:

- چـۆن بـوو؟ تێرتـان خـوارد؟ پێتـان خۆشـە هـەموو رۆژیّ خـواردنی واتـان هـەبیّ‌و مەشقی سەربازیشتان نەبیّ؟ دیسان پێكەوە گوتمان:

- هەرچی ئێوه بفەرموون گەورەم.

پێم وابـوو ئـیتر بـە ئاواتـەكانم گەیـشتووم‌و یوزباشـیش بـۆ مـن‌وەك باوكێـك دەبـیّ. دەنـا كـوا دەمزانـی ئـەو مـاڵم وێـران دەكـات. ئەوكاتـەی كـە ئێمـە بەندییـەكانمان ئەشكەنجە دەكرد، ئاگامـان لـە خـۆ نـەدەبوو. بـەڵام ئێـستا كـە بـیر لـەو كاتانـە دەكـەم، تەواو شێت‌و هار دەبم. به داخەوە تـازه هیـچم لـە دەسـت نایـە. تـازه نـاتوانم بڕۆمـە نێـو كۆمـەڵگا. كاتێـك چـاو لـە خـەڵك دەكـەم‌و ئـەو كردەوانـەی كـاتی گرتووخانـەم وەك فیلمێكی سینەمایی دێتەوه بەرچاوان، شەرم لە خۆم دەكەم".



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

من ويستم كه ليّـی بپرسـم كـه بۆچـی كەوتۆتـە نێـو رەوشـێكی بـەم شـێوەیە و پـێم گوت:

- باشە، دەمەوێ بـزانم كـە بۆچـی نـاتوانی تێكـەڵ بـە كۆمـەڵگا بـی، هۆیەكـەی چـیە؟ بۆ چی دەتەوێ تـەكو تـەنیا لـە نێـو ئـەو دارسـتانەدا بـژی؟ نـەكا لـە كۆمـەڵگا تـووڕەو بێزاری؟ بۆچی لەگەڵ خوشكو برات، لەگەڵ دایكو باوكت ناژی؟

- قوربـان كاتێـك خزمـەتی سـەربازیم كۆتـایی پێهـات، مـن لـە مرۆڤایـەتی كـەوتم. ببوومـە وەحـشی، ببوومـە وڵاخ. وەك سـەگێكی هـارم لێ هـاتبوو. لـە هـەر كـوێ مـرۆڤێكم دیبـا، هێرشـم دەكـردە سـەری، چـونكە مێـشكم شـۆردرابۆوە. مـن بـەبێ ئەشكەنجەكردن تاقەتم نـەدەهێنا. تەنانـەت جـاری وابـوو لـە مـاڵی خۆشمانـدا، پـێم وابـوو كـە لـە گرتووخانـەدام. هـەر بۆیـە ئەگـەر جاروبـار بـاوكم كـارێكی پێـچەوانەی ویـستو خواستی من كردبا، وەك ئەوەی كە هەڵەییێكی گەورەی كردبێ، پێم دەگوت:

- كوڕم لە بەر ئەوەی كە هەڵـەت كـردوە، دەبـێ بیـست شـەلاقت لـێ بـدەم. هـەروەها لـە خوشـكو براكـانی خۆشـم دەدا. كـەس نەیـدەوێرا قـسەم لەگـەڵ بكـات. دەبـوا بـە شـێوەییێكی نیزامـی لـە بەرامبـەرم راوەسـتابان. لەبـەر ئـەوە مـاڵی ئێمـە هـیچ خۆشییێكیان لە دەستی مـن نـەدەدیت. لەبـەر ئـەو كارانـەی مـن رۆژێـك لـە رۆژان مـاڵی ئێمـە هـەر هـەموویان پێكـەوە بـوون بەیـەكو دوای لێـدانێكی چـاك، منیـان بـۆ مـاوەی چـەند رۆژ بەسـتەوە. هـەر كەسـێك كـە دەهاتـەوە لامو قـسەی لەگـەڵ دەكـردم، پـێم دەگوت:

- كـوڕم! دەبـێ ئـەتۆ بـە شـێوەیێكی نیزامـی رابوەسـتیو بـە دەنگێكـی بـەرز قـسە بكـەی. لـە راسـتیدا دەمەویـست بڕیارەكـانی نێـو گرتووخانـە، لـەنێو بنەماڵەكـەمو لـە گوندەكەشمان بەڕێوە ببـەم. زۆر جـاران كـە لەگـەڵ گوندییـەكان تووشـی شـەڕ دەبـووم، بـە منیان دەگوت:



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- ئــەو بەدبەختــە، هەركــە رۆيــشتە خزمــەتی ســەربازیو هاتــەوە، شــێتو هــار بــوو. هەی، هەی شتی وا چۆن دەبیٚ؟

هەر بۆیــە نــە كــەسو كــاری مــنو نــە گوندییــەكان كەســیان حــازر نــەبوون هاتوچــۆم بكــەن. وام لیٚ هــاتبوو كــە منــداڵانیش بــەردیان پیٚــدا دەدامو فــشەیان پــیٚ دەكــردم. مــن شــێت نــەبووم، بــەڵام جــاری وابــوو، گرتوخانــەم دەكەوتــە بــیرو وەك ئەوكاتانــە لەگــەڵ بنەماڵەكــەمو خــەڵكی دیكــە هەڵــسوكەوتم دەكــرد. مــن تــازە تێگەیــشتبووم كــە چــیم كــردوە، هــەر بۆیــە زۆرم هــەوڵ دا كــە هەڵــسوكەوتم بگــۆڕم، بــەڵام تــازە پــێم نــەدەكرا، چــونكە ئـــەو شـــێوە هەڵـــسوكەوتانەی نێـــو گرتووخانـــە وەك خـــورە كـــەوتبوە نێـــو دەمارەكانمو ببــووە مــێملمو نەمــدەتوانی بــە هاســانی خــۆمی لیٚ رزگــار كــەم. زۆر جــاران شــەوانە دەرۆیــشتمە بــەر دەرگــای ئــەو ماڵــەی كــە بنەماڵەكــەم تێــدا نووســتبوونو چاوەڕوان بووم كــە یــەكێكیان بێتــە دەرەوەو بــە شــێوەی نیزامــی "بــەڵیٚ قوموتــان"م پــیٚ بڵیٚ. ئەگەریش كەس نەهاتبایە، بەم شێوەیە هاوارم دەكرد:

- كوڕە نیگابان! بەندییەكان، ئێوە لە كوێن؟

ئەوە بــوو كــە هــەر هــەموویان لــە خــەو هەڵدەســتانو دەهاتنــە دەرەوە. زۆر جــاریش لێدانیان دەخوارد".

من پێم خۆش نەبوو كە زۆر پرسیاری شەخسیی لیٚ بكەم، هەر بۆیە پێم گوت:

- دوایی دێینە سەر ئەو باســە، بــەڵام دوای ئــەو خواردنــە خۆشــە، یوزباشــی لــە پێوەنــدی لەگەڵ ئێوەدا چی كرد؟

- ئــەو بەشــە زۆر گرینگــە. لــەویٚ دوای نــانو چــای خــواردن، ئێمــەی ریــز كــردو بــەم شێوەیە دەستی كرد بە قسەكردن:

- بــڕوانن هاوڕێیــان! هــەر وەك بــۆ خۆتــان دەزانــن، خزمــەتی ســەربازی زۆر زەحمەتــەو كــەس نیــە كــە ســەربازی بكــاتو لێــدان نــەخوات. كــەس نیــە نیگابــانی نــەدات. ئەمــە بەشی هەر كەسێكە كــە دەســت بــە خزمــەتی ســەربازی دەكــات. لــە مــاوەی ئــەو چــەند



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژەدا زانـیم کـە هـەرکام لـە ئێـوە سـەربە کـام لـە شـارەکانن‌و ڕەوشـی بنەماڵـەکانتان چۆنە؟ هەر بۆیە ئێـوەم هەڵبـژارد. ئەگـەر ئێـوە بـە قـسەم بکـەن، وەزعەکـەتان زۆر بـاش دەبێ. ئەو شتانەی کە من لە ئێـوەم دەوێ بـۆ شەخـسی مـن نیـە، بـەڵکوو بـۆ پاراسـتنی دینـی ئێمـە ئیـسلام‌و بـۆ وڵاتـە ئازیزەکەتانـە. بـۆ ئـەو دوو شـتە، مـرۆڤ دەبـێ هـەموو فیداکارییێك لە خـۆی نیـشان بـدات. چـونکە هـیچ کەسـێك نـاتوانێ بـێ دیـن‌و بـێ وڵات بـژی. هـەروەك ئێـوە دەزانـن لـەو دوو سـاڵەی دواییـدا زۆر کەسـی کومونیـست، ئانارشیـست، بـێ دیـن‌و کوردچـی دەیانهـەوێ دیـن‌و وڵاتمـان لێ بـستێنن. ئـاخۆ ئێـوە دەزانن کومونیستەکان چیان دەوێ؟ ئێمەش هەر هەموومان پێکەوە گوتمان:

- نە گەورەم.

- باشە، بۆتان باس دەکەم، چاك گوێم لێ بگرن.

کومونیـست ئـەو کەسـەیە کـە لـەلای ئـەو، هـیچ فـەرقێك لـە نێـوان ژن‌و دایـك، خوشـك‌و بـاب‌و بـرادا نیـە. ئـەو دەتـوانێ لای خوشـك، یـان دایکـی خۆشـی بخـەوێ. کەسـانی ئانارشیـست خۆشـیان لـە کوشـتنی پـولیس‌و نیزامیـەکان دێـت. ئێـوە لـە تلویزیونـدا دەبیـنن کـە ڕۆژ نیـە سـەربازو پولیـسەکانمان نـەکوژرێن. بـەڵام ئەوانـەی کـە زۆر جێگـای مەترسـین‌و بـۆ ئێمـە زەرەریـان هەیـە، کوردەکـانن. ئـەوان دەیانهـەوێ بـە هاوکـاریی دوژمنـەکانمان، وڵاتـی ئێمـە پارچـە پارچـە بکـەن. کاتێـك ئـەوان وڵاتیـان پارچـە پارچـە کـرد، ئـیتر دەسـت دەکـەن بـە کوشـتو کوشـتارو سـەری خـەڵك دەبـڕن. ئـەوان هـەم کومونیـست، هـەم ئانارشیـست‌و هـەمیش کوردچـین. ئـەوان گـەورەترین هەڕەشـەن بـۆ سـەر ئێمـە. ئەوانـەی ئـەو کارانـە دەکـەن، زۆریـان ئێـستا گـیراون‌و لـە گرتووخانـەی دیاربـەکر دان. دەبـێ ئـەوان تەربیـەت بکـرێن، مێـشکیان لـە خراپیـەکان پـاك بکرێتـەوە. دەبـێ بیانکـەین بـە کەسـانی چـاك بـۆ وڵاتـە شـیرینەکەمان. ئـەوان زۆربـەیان خوێنـدەوارن‌و دەتـوانن خـەڵك فریـو بـدەن. هـەر وەك ئێـوە دەزانـن ڕێبـەرو سەرۆکەکانیان لـە ئورووپـان‌و سـامانێکی زۆرو ژیـانێکی خۆشـیان هەیـە. ئێمـە هێنـدێك



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لـە ڕێبــەرو ســەرۆکەکانی ئــەوانمان گرتــووەو لــەلای ئێمــەن بــۆ ئــەوەی کــە بیانکــەین بــە مرۆڤ. پێم وایە کـە ئێـوە لـەو کەسـانەن کـە دەتـوانم پـشتیان پـێ ببەسـتم. ئەگـەر ئێـوە هاوکـاریم بکـەن، ئێمـە پێکـەوە دەتـوانین ولآتـی خۆمـان لـەو هـەموو میکرۆبانـە پـاك کەینەوە. ئەگەر ئێوە بتـوانن ئـەو کەسـانە بینینـە سـەر ڕێگـای ڕاسـت، هـەر هـەمووتان لەبـەر هەسـتی نیـشتمانپەروەری خـەلآت دەکـرێن. ئێـوە لـە گرتووخانـەدا دەسـەلآتێکی تــەواوتان هەیــەو تــەواو ســەربەخۆن. هــەروەها بــەتامترین خــواردنو خوراکتــان دەبــێو هەر هەمووی لەسەر حیسابی دەوڵەت دەبێ.

ئێـوە ئـیتر هـەم "قوموتـان"ی خۆتـانو هـەمیش هـی گرتووخانـە دەبـن. ئێـوە لـە کـاری خۆتانـدا لـە منـیش گـەورەتر دەبـن. ئەگـەریش هەڵـەییێکم کـرد، ئێـوە دەتـوانن سزام بـدەن. ئێـوە لـە دەرەوە نیگابانیتـان نـابێ. ئێـوە سـەربەخۆن لـە خـواردنو خـەوتن. هەر یەکێك لە ئێـوە دەبێتـە بەرپرسـی گرتووخانـەو بڕیـار لـە دەسـت ئێـوەدا دەبـێ. مـن تــەنیا داوایــێکم لــە ئێــوە هەیــەو ئــەویش ئەمەیــە کــە بەوپــەڕی دڵــسۆزییەوە ئــەو کەسانەی کومونیـست، کوردچـی، ئانارشیـستو بـێ دیـن، بهێننـە سـەر ڕێگـای ڕاسـت. ئەوانـەی کـە زۆرتـر لـە کارەکانیانـدا سـەرکەوتوو بـن، زۆرتـر ئیـستراحەتیان پـێ دەدرێ. بـەلآم ئەوانـەی کـە لـە کارەکانیانـدا سـەرکەوتوو نـەبن، دەیانگەڕێنینـەوە سـەر خزمـەتی سەربازی. لەوێ ئەرکەکانتان قورستر دەبێو لێدانی چاکتریش دەخۆن.

قـسەکانی یوزباشـی کۆتاییـان پێهـات، بـەلآم لـە ڕاسـتیدا ئـەو هـەم ئامۆژگـاریو هەمیش هەڕەشـەی لـە ئێمـە دەکـرد. هێنـدێك لـە ئێمـە لـە بـەر بـێ پـارەییو هـەژاری هاتبووینــە ئــەوێو هێنــدێکیش لەبــەر ئــەوەی کــە ئەشــکەنجەی کومونیــستەکانو کوردچیەکان بکەین. ئەوان ناوی ئێمـەیان گـۆڕیو نازناویـان بـۆ ئێمـە دانـابوو بـۆ ئـەوەی دواتر کەس کێشەی بـۆ دروسـت نـەبێ. ئـەوە بـوو کـە ئێمـەیان سـواری ماشـینێك کـردو بـەرەو گرتووخانـەی دیاربـەکر وەڕێ کـەوتین. ئـەو گرتووخانەیـە بـۆ ئـەو کەسـانە دروسـت کرابوو کە کوردایەتی دەکەن".





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی ٥



گرتووخانــەی بــەناوبانگی دیاربــەکر لــەژێر نــاوی "٥ نۆلــۆی" لەســەر رێگــای "ســێورەگێ" و لــە ناوچــەی " باخلارا" ســاز کرابــوو. ئــەو گرتووخانەیــە زۆر مــۆدێرن ســاز کرابوو. ئـەویش نـە لەبـەر ئـەوەی کـە بەندییـەکان ئاسـودە بـن، لـە بـەر ئـەوەی کـە بتـوانین زۆر راحـەت ئەشـکەنجەیان بکەین. ئـیتر مـن لـەوێ بـووم بـە میـوانو رۆژەکـانم لـەوێ تێپـەڕ دەبـوون. بـە هـۆی ئـەوەی کـە مـن لـە خزمـەتی سـەربازیو نیگابـانیو لـە ئەشـکەنجە رزگـارم ببـوو زۆر خۆشحال بووم. مـن بـەو نەزانینـەی خـۆم لـەوێ ببـووم بـە بـەرپرسو بڕیـاردەر. هـەروەها کەسانی خوێندەوارو بەتەمەن لە ژێر دەستمدا بوونو زۆر جاران ئەشکەنجەم دەکردن.

لەسەر بڕیاری یوزباشـی ئێمـە چـل کـەسمان هاتینـە ئـەوێ بـۆ ئـەوەی کـە بـبین بـە گاردیان. کاتێك ئێمە لـە سـەیارە دابـەزین، یوزباشـی لەگـەڵ چـەند کەسـی دیکـە بـەرەو پیرمانەوە هاتنو یوزباشی بە خێرهاتنی هەموومانی کردو گوتی:

- بـەخێر بـێن بـۆ ئـەو قوتابخانەیـەی کـە کافرەکـان دەکاتـە موسـلمانو کومونیـستەکان دەکاتە ولاٚتپارێزی تورکو ئەوانەی کە کوردایەتی دەکەن، دەکاتە تورکی ئەسیل.

دواتر گەڕایەوە لای "چاوش"ی تەنیشت خۆیو پێی گوت:

- چاوش!

- فەرموو گەورەم.

- ئەو هاوڕێیانـە کـە تـازە هـاتوون بیانبـە سـەر جێگـای خۆیـانو بـا حـەمامێکی چـاك بکەنو کەمێك بحەسێنەوەو بەیانی لەگەڵ ئێوەدا بێنە ناو گرتووخانە.

- بەسەرچاو گەورەم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رۆژی دواتــر ئێمــەش وەك هــەر کەسـێکیتـر رۆیــشتین بـۆ ئـەو شـوێنەی کـە لـەوێ فێــری نیزامــی ســەربازی بــین. لــەوێ بــە ریــز راوەســتابووین کــە دیتمــان یوزباشــی بــە زەردەخەنــە دێتــە لامــانو سەگەکەشــی بــە دوایــدا دێــت. کاتێــك کــە گەیــشتە لامــان، لەگــەڵ ئــەوەی کــە دەســتی بــە ســەر ســەری ســەگەکەیدا دەهێنــاو ملــی ســەگەکەی دەخورانـد، ئـەحواڵی ئێمەشـی پرسـی. دواتـر چـاوێکی لـە گاردیـانی لای ئێمـەی کـردو گوتی:

- ئەو هاوڕێیانە ببە بۆ گرتووخانـەو گـشت شـوێنێکیان پـێ پیـشان بـدە، بـۆ ئـەوەی کـە ئەوانیش فێری کاروباری نێو گرتووخانە بن.

- بەرلــەوەی کــە ئێمــە دەســت بــە کــارە پیرۆزەکــانی خۆمــان بکــەین، گــشت هــۆڵو بەنــدەکانی گرتووخانــەیان پــێ پیــشان دایــن. لــەوێ مــن بــە بینینــی ئەوانــەی کــە ئەشکەنجە کراونو ئەوانـەی کـە تـەنیا ئێـسكو پێـستیان مـابوو، زۆر تـووڕە بـوومو حـاڵم پێ تێك چوو.

کاتێك کە لـە نێـو گرتووخانـەدا دەگـەڕاین، لـە لایەکـەوە دەنگـی خوێنـدنی سـروودی نیزامـــی دەهـــاتو لـــە لایـــەکی دیکەشـــەوە، دەنگـــی ئەشـــکەنجەو هـــاتو هـــاواری بەندییەکان دەهات. ئێمە بە بینینـی ئـەو دیمەنانـە لـە راسـتیدا ئـازاری زۆرمـان چێـشت، بــەڵام بــۆ ئــەوەی کــە لــە بەرامبــەر بەندییەکانــدا شــێتو هــارو تونــد بــین، زۆر جــار "چاوش" دەیگوت:

- گاردیانەکان! "یوزباشـی" یەکـەمان هـەموو کاتێـك دەڵـێ کـە ئێـوە نـابێ زگتـان بـەو بەندییانــە بــسوتێ، ئێــوە نــازانن کــە ئەمانــە چــەندە بــەڵان. ئەگــەر یــەکێکتان لــە شــوێنێك، بکەوێتــە دەســتی ئەمانــە راســت دەتــانکوژن. چــونکە ئەمانــە مــرۆڤ نــینو خــواش ناناســنو دوژمنــی تورکــەکانن. هــەروەها ئەمانــە ســەربازو پولیــسەکانی ئێمــە دەکـوژن. ئـەو قـسانەی چـاوش زۆر کـاری تـێ کـردین. ئـەو ببـووە وتەبێـژی یوزباشـی. هەر بۆیـە فێـری ئاژیتاسـیۆن ببـوو. ئـەو زۆر جـاران ئێمـەی دەترسـاندو جـاری واش بـوو

کـه ئێمـەی فێـری لێـدان دەکـرد. یوزباشـی ئـەوی کردبـووە پـسپۆڕێکی لێهـاتوو. ئەگـەر بە قـسەی ئـەوانمان نـەکردبا ئێمـەش لێـدانێکی چـاکمان دەخـواردو بـۆ شـوێنی خزمـەتی سەربازیش دەگەڕێندراینەوە. بۆ ئـەوەی کـە ئێمـە فێـری لێـدان بـبین، گاردیانـەکان بەرلـە ئێمە بانگی هێندێك لە بەندییەکانیان دەکردو بە ئێمەیان دەگوت:

- لێی بدە ئێستا نۆرەی تۆیە.

ئـەوان بـە پێـی ئـەوەی کـە کـێ چـاکتر لـە بەندییـەکان دەدا گاردیانـەکانیان هەڵدەبـژارد. ئەوانـەی کـە لـە لێدانیانـدا تونـدو هـار نـەبوون بـۆ شـوێنی خزمـەتی سـەربازییەکانیان دەگەڕێندرانـەوەو ئەوانـەی وەك منـی زاڵمـیش هـەر لـەوێ مانـەوە. من وام لە بەندییەکان دەدا، کە زۆر جاران یوزباشی پێی دەگوتم:

- کـوڕم! وەك مـن بیـستوومە، تـو کەسـێکی خـراپ نـی. ئەگـەر هـەروا بـەردەوام بـی، لەلایەن منەوە دیاریێـك وەردەگـریو دەتکـەم بـە "ئـون باشـی" یـان " چـاوش". کاتێـك ببی بە چاوش، پارەییێکی چـاکت دەدەمـێو دەبـی بـە کەسـە هـەرە نزیکـەکانم. بـەڵام تـا کۆتایی کاروباری نیزامی، نـە بـووم بـە کەسـە هـەرە نزیکـەکانیو نـە پـارەیێکی زۆریـشم وەرگرت. دواتر تێگەیـشتم کـە یوزباشـی بـە هـەموو ئەوانـەی کـە دەبـوون بـە گاردیـان، هەر ئەو قسەیەی دەگوت.

یوزباشی ماچی کردمو ئافەرینێکی چاکی پێگوتم. رۆژ رۆژی من بوو:

- کـوڕم! تـو لـەوانی تـر باشـتری، هـەر بۆیـە دەتکـەم بـە "قوموتـان"ی بەنـدێکی ئـەم گرتووخانەیـە، بـەڵام نـابێ زگتـان بـەو بەندییانـە بـسووتێ. هـەوڵ بـدەن کـە زۆرتـر لـە کاتی خواردنەوەی مەشروباتی ئەلکولیدا لێیان بدەن.

یوزباشـی هـەموو بـەیانیان ئێمـەی کـۆ دەکـردەوەو بـە دژی بەندییـەکان هـانی دەدایـن. ئێمـەش بەوپـەڕی دلڕەقـیو بـوغزو کینـەوە بـەر دەبووینـە گیانیـانو پێمـان وابـوو کـە ئـەوان خیانـەتکارو دژی گەلەکـەمانن، هـەر بۆیـە دەبـێ بیانهێنینـە سـەر رێگای راست. ئـیتر کەوتـە نێـو باسـەکەو پـێ خـۆش بـوو هـەمووی یـەك بـە یـەك بـاس

بکـا. لـه کـاتی قـسەکردندا جـاری وابـوو فرمێـسکی دەبارانـدو جـاری واش بـوو وای نیـشان دەدا کـه لـه کارەکـانی پەشـیمانه، بـەڵام ئـیتر تـازه هـیچ کـەڵکی نـەبوو. لەبـەر ئەوەی کە دوو سـاڵ خزمەتەکـەی بـه راحـەتی تـەواو بکـات، چـی بەسـەرهات، بـا گـوێی لێ بگرین.

- مـن‌و هاوڕێیـانم کـه ببـووین بـه گاردیـان، بـیرو بـڕواو هـەتا مرۆڤایەتیـشمان لـه بـیر چـووبۆوه. ئەوانـەی دەگـیران، بـەر لـه گرتنیـان لـه دەسـت پولیـسەکاندا ئەشـکەنجەیێکی زۆریـان دەدیـت‌و ماوەیـەکیش بـۆ ئـەوەی کـه برینـەکانیان چـاك بێتـەوه، لـه ژێـر چـاوەدێریدا دەمانـەوه. دواتـریش دادگـایی دەکـران‌و بـەرێ دەکرانـه لای ئێمـه گاردیانـەکان. لـەوێش دوای دوو سـێ مـانگ راگرتنیـان لـه بەنـدی تاکەکەسـی دەگوێزرانـەوه بـۆ بەنـدی گـشتیی گرتووخانـه. شـەرتی هاتنـه دەرەوه لـه بەنـدی تاکەکەسیش ئەوه بوو کە سروودی نیزامی بـه تـەواوی فێـر بـن‌و بـزانن کـه ئاکـامی هـەر شێوه نارەزایەتی دەربرین‌و بەرخودانێك لە گرتووخانەدا چیە.

ئەوانەی کە مـاوەی ژێـر چـاوەدێری بوونیـان تێپـەر دەکـردو دەدرانـه دادگـا، ئەگـەر بڕیاری گرتنیان درابـا، بـەرێ دەکرانـه لای ئێمـەو یـەکێك لـه ئێمـه گاردیانـەکان نزیکـی دەبوو و پێی دەگوت:

- هـــۆۆۆ هاووڵاتیەکـــەم، زۆر بـــەخێر بێـــی. وەی وەی وەی! واخ، واخ، واخ دیـــاره لـــه مێژه خۆت نەشـۆردوه. کـوڕه، ئەمـه کـوا کـاری مرۆڤایەتیـه. دا وەره حـەمامێکی چـاك بکــه، خــواردنێکی چــاك بخــۆ، دواتــر بــڕۆ ســەر جێگەکــەت. جــارێ جلوبەرگــەکانت دەربێنــەو ســەرت بــشۆ. ئــەم بەدبەختانــه باوەڕیــان بــه قــسەکانی ئێمــه دەکــرد، نەیانـدەزانی کـه فـشەو گاڵتـەیان پـێ دەکـەین. پێیـان وابـوو حـەمام دەکـەن‌و دواتـریش پاروه نانێك دەخۆن. هەر بۆیە بە پەلە جلوبەرگەکانیان دەردەهێناو دەیانگوت:

- من ئامادەم!

ئێمــه گاردیانــه‌کان به‌ده‌وریــدا ده‌خۆلاینــه‌وه‌، وه‌ك گــورگێکی هــار کــه‌ نێــچیرێکی ده‌ســت کــه‌وتبێ. ئــه‌وان نه‌یانــده‌زانی کــه‌ ده‌بــێ ژێــر شه‌لواره‌کانیــشیان ده‌ربێــنن. هــه‌ر بۆیه‌ یه‌کێکمان به‌ وانی ده‌گوت:

- هاوولاتیه‌کــه‌م! ئــه‌تۆ ده‌بــێ ژێــر شه‌لواره‌که‌شــت ده‌ربێنــی، وا دیــاره‌ له‌مێــژه‌ حــه‌مامت نه‌کردوه‌. ئــه‌وه‌ بــوو کــه‌ هه‌ســتیان بــه‌وه‌ ده‌کــرد کــه‌ وه‌زع زۆر بــاش نیــه‌، بۆیــه‌ هــه‌ولێیان ده‌دا که‌ خۆیان روت نه‌که‌نه‌وه‌. به‌لاّم یه‌کێك له‌ ئێمه‌ به‌ تووڕه‌ییه‌وه‌ پێمان ده‌گوت:

- ژێر شه‌لواره‌کانیشتان ده‌ربێنن، ئێوه‌ بۆ چی راوه‌ستاون!.

ئــیتر ده‌یــانزانی کــه‌ هــیچ چــاره‌یێکیان نیــه‌و ناچــار ده‌بــوون کــه‌ شــه‌لواره‌کانیان داکه‌نن. دواتر ئه‌وانمان ده‌برده‌ سه‌ر بانی ئــه‌و بەنــده‌ کــه‌ پــڕ بــوو لــه‌ پیــسایی (چ پیــاو، چ ژن). ئه‌وانمان له‌وێ راده‌گرت‌و پێمان ده‌گوت:

- خۆتان فرێ ده‌نه‌ خوارێ.

ئه‌وان وه‌ك ئه‌وه‌ی که‌ تێنه‌گه‌یــشتبن کــه‌ ئێمــه‌ پێیــان ده‌ڵــێین خۆتــان فــرێ ده‌نــه‌ نێــو ئــه‌و پیــساییه‌، چــاوێکیان لــه‌ ده‌وروبــه‌ری خۆیــان ده‌کــرد، وه‌ك ئــه‌وه‌ی کــه‌ بلّــێن خۆمــان فرێ بده‌ینه‌ کوێ. هێندێکیان ده‌یانویــست کــه‌ پــه‌نا ببه‌نــه‌ بــه‌ر فــرت‌و فێــڵ. بــه‌لاّم ئێمــه‌ له‌گه‌ڵ لێــدان ئــه‌وانمان فــرێ ده‌دایــه‌ نێــو پیــسایی. ئــه‌وانیش لــه‌نێو پیــساییدا، لــه‌ ترســی لێــدان خۆیانیــان ئه‌وه‌نــده‌ ده‌جوولاّنــد کــه‌ تــه‌واوی گیانیــان ده‌بــووه‌ پیــسایی. دواتــر ئــه‌وانمان ده‌هێنایــه‌ ده‌رێ‌و له‌ســه‌ر ســیمان درێــژمان ده‌کــردن‌و به‌رده‌بووینــه‌ گیانیــان‌و وامــان ئه‌شــکه‌نجه‌ ده‌کــردن بــۆ ئــه‌وه‌ی کــه‌ لــه‌ پیاوه‌تیــان بخــه‌ین. ئــه‌و مێتۆدانــه‌ی ئه‌شــکه‌نجه‌ کــه‌ دور لــه‌ عــه‌قڵ‌و مــه‌نتیق بــوون، هــه‌ر هــه‌موویان لــه‌ژێر ســه‌ری یوزباشــی دابوون. به‌لاّم ئێمه‌ تــا شــوێنێکیان نه‌شــکابا، ده‌ســتمان لــێ هــه‌ڵ نــه‌ده‌گرتن. ئێمــه‌ نــاوی ئــه‌و شــێوه‌ لێدانــه‌مان دانــابوو، "بــه‌ خێــر هــاتن"!. رۆژێــك دیــسانه‌که‌ هێنــدێك که‌ســی دیکــه‌یان هێنــابووه‌ لامــان. ئێمــه‌ش ئــه‌وانمان بــرده‌ بــۆ به‌نــدی تاکه‌که‌ســی‌و کــه‌مێك چاکی‌و چونیمان له‌گه‌ڵیان کرد‌و دواتر گاردیان بانگی "گه‌ستاپۆ" ی کرد‌و گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- ئــەریّ گەســتاپۆ! ئــەمڕۆ لــە کــەسمان نــەداوە، چــی ئــەڵێی. ئــەمڕۆ میوانمــان هەیــە، دەست پیّ نەکەین؟

- لەوە باشتر چی هەیە، دەبیّ ریّز لە میوانەکانمان بگرین.

گەســتاپۆ لــە دارکــاریی بەندییەکانــدا نــاو و ناوبــانگی دەرکردبــوو، هــەر بۆیــە ئێمەش دەبیّ ئیجازەمــان لــیّ وەربگرتایــە، چــونکە لــەو کارانــەدا پــسپور بــوو. گەســتاپۆ زوو زوو بە سەریاندا دەیگوڕاند:

- بە پەلە جلوبەرگەکانتان لە کەمەرەوە بۆ سەریّ داکەنن.

بەندییــەکان کــە ئاگــاداری ئــەم شــێوە رەفتارانــە نــەبوون، نەیاندەویــست کــە جلوبەرگــەکانیان داکــەنن‌و ئــەملاو ئــەولایان دەکــرد، بــەڵام رزگــار بوونیــان زۆر چــەتوون بوو.

گەستاپۆ دیسانەکە زۆر بە تووڕەییەوە بە سەریاندا گوڕاندی:

- زوو زوو داکەنن.

بەڵام دیسانیش بــە قــسەی ئــەویان نــەکرد. ئــیتر گەســتاپۆیەکەمان شــێت‌و هــار بــوو و بانگی ئێمە گاردیانەکانی کرد:

- وەرن، وەرن. ئەم کەرِبابانە بە قسەم ناکەن.

ئێمــە چــەند کەســێکمان بــە هانــای "گەســتاپۆ"وە چــووین. ئــەو کەســێکی زۆر ترســنۆك بــوو، بــەڵام چــونکە لــەکاتی ژیــانی شەخــسیدا لێــدانی زۆری خواردبــوو، هــەر بۆیــە رق‌وقینــی ئەوکاتــەی بــە ســەر بەندییەکانــدا دەڕژانــد. ئــەو لــەنێو هاوڕێیانیــدا لــە هەر هەموویان کەمتر دەهاتەوە بەر چاو.

کاتێك کە گەســتاپۆ چــاوێکی لــە دەوروبــەری خــۆی کــردو دە کەســی لــە دەوروبــەری خۆیدا دیتەوە، گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- بــە پەلــە جلوبەرگــەکانتان داکــەنن. ئێمــە هــەر جــارێ یــەکێکمان دەگــرتو بــە زۆری رووتمــان دەکــردن. ئــیتر گەســتاپۆش رقوقینــی بــە ســەریاندا دەڕشــتەوە. دواتــریش ئــەو دارەی کە پیسایی پێوە بوو پیشانی بەندییەکانی دیکەی دەداو پێیان دەگوت:

بــڕوانن دوژمنــانی نەتــەوەی ئێمــەو بەندییــە پیــسەکان! ئەگــەر ئێــوە عاقــڵ نــەبن، ئەو بەڵایە بەسەر ئێوەشدا دێت.

گەســـتاپۆ بـــەو کردەوەیـــە ،هـــەم حەســـایەوەو هـــەمیش ئافـــەرینێکی لـــە "یوزباشــی"یــەوە وەرگرتبــوو. "یوزباشــی" هــەموو بــەیانیان مێــشکی ئێمــەی بــە شــتی چەوتو بێ بنەما پڕ دەکردو دەیگوت:

- رۆڵــەکانم! ئەمانــە فێڵبــازن، زانــاو تێگەیــشتوون. بیروڕاییێکــی جیاوازیــان هەیــەو ئێمــە لێیان تێناگەین. هــەر بۆیــە ئەمانــە دەتــوانن ببنــە هــۆی راپــەڕینی بەندییــەکان. ئــەوکات ئــەوان دەتــوانن بتــانکوژن، یــان ســەقەتو ئیفلیجتــان بکــەن. ئێــوە دەبــێ لــە هــەموو حەرەکەتێکیان بە شكو گومان بن.

ئێمــە لــە جۆڵــەو لــە مــشەی ئــەوانیش بــە شــكو گومــان بــووین. ئێمــە هــەموو بــەیانیان بــە خــەونی نــاخۆش لــە خــەو رادەچــڵەکاین. هــەروەها هــەموومان بــووین بــە عــەرەق خــۆر. "یوزباشــی" عــەرەقو هــەتا خەشخاشــی بــۆ ئێمــە دەهێنــاو ئێمــەش دەستمان دەکرد بــە رابــواردنو ســەرخۆش دەبــووینو چــەند ســاتێکمان بــە شــادیو خۆشــی رادەبوارد.

ئــیتر وەرە ســەرخۆش بــەو بەندییــەکانیش لەبــەر دەســتت بــن. بــەڵاییێکی وامــان بــە سەریاندا دەهێنا، مەگەر خوای عالــەم بــۆ خــۆی بزانــێ. چــونکە ئــەوان تاوانبــار نــەبوونو ئێمــەش دەمــانگوت کــە بــەبێ تــاوان لەکــەس نــادەین، هــەر بۆیــە تاوانێکمــان دەخــستە ملیانو بە بیانووی ئــەو تاوانــە بــەر دەبوینــە گیانیــان. ئەمــە بڕیــارو فــەرمانی یوزباشــی بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی شەشەم



بـۆ ئـەوەی کە ئـەو کەسـانە بکـــەین بـــە مـــرۆڤ. دەبوایـە ئـــەوانمان فێـــری مەشـــــــقی نیزامــــــــیو لەبـــــەرکردنی ســــــــروودی نیزامــی کردبـا. ســەرەتا ئـەوانمان فێــری مەشــقی ســــــەربازی، مامۆســـــــتایی (لـــە کاروبـــاری نیزامـــــــی)و کۆمانـــــدۆییمان دەکـردن. لـە راسـتیدا ناچـارمان دەکـردن کـە هـەموو فەرمانـەکانی ئێمـە بـەبێ هـیچ دردۆنگییێك جێبـەجێ بکـەن. رۆژ بـە رۆژ مـاوەی مەشـقی نیزامـیو سـروودی نیـشتمانی زیاترو زۆرتر دەبوو. لـەو کاتانـەدا هیـچکەس نـەدەبا هـیچ هەڵـەییێکی کردبـا، دەنـا هـەر هەمووشـــیان لێـــدانیان دەخـــوارد. لـــەکاتی مەشـــق کردنـــدا لـــەناکاو دەمـــانگوت: "



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دانیــشن، هەڵــسن، بــاز بــدەن، ئــەژنۆکانتان بگەیەننــە ئاسـتی زگتــان، دەنگتــان هــەڵێنن و ....  . بــۆ ئــەوەی کــە لێــدانێکی چــاك بخــۆن، وا بــە ســەریاندا دەمانگوڕانــد، کــە لــە خۆیان تێك بدەن.

بــەیانییێکی زوو، کاتێــك گاردیانەکــەمان بــۆ بردنــی قاپــە بەتاڵــەکانی هاتــەوە ژوریٚ بــۆ ئــەوەی کــە نــانی بــەیانیمان بــۆ بێنــیٚ، بــەر لــەوەی کــە دەرگاکــە دابخــات، ئــاوڕێکی دایەوەو گوتی:

- ئــەمڕۆ یــەکێکتان دەڕوات، بــەڵام بــۆ کــویٚ دەڕوات منــیش نــازانم. یــان لــەنێو دوو پارچەی سپیدا دەچێتەوە بۆ ماڵ یان دەڕواتە نەخۆشخانە.

ئەو رۆیشت، بــەڵام هــەر هــەمووەمان دەمــانزانی کــە وەزعیــەتی بەنــد تێــك دەچــیٚ. هەر بۆیە هــەموومان بــەڵێنمان بــە یــەکتردا کــە هــەم مەشــقە نیزامیەکــەمان بــاش بــیٚو هــەمیش ســروودی نیزامــی بــە دەنگێکــی ئەوەنــدە بــەرز بخــوێنین کــە خــەڵکی دیاربــەکر گوێیان لیٚ بیٚ. بەڵام سەرەڕای ئەمە دەمــانزانی کــە ئــەمڕۆ یــەکێك لــە ئێمــە لەگــەڵ ئــەو ســزا قورســە بــەرەوڕوو دەبــیٚ، هەربۆیــەش تــرسو دڵەخۆرپــە دای گرتبــووین. نــانی بــەیانیمان خــواردو خۆمــان بــۆ رۆیــشتنە دەرەوە ئامــادە دەکــرد کــە لــەناکاو گاردیــان بانگی کردین:

- بەند! خۆتان بۆ هاتنە دەرەوە ئامادە بکەن.

- بەسەرچاو گەورەم.

لەگـــەڵ تـــرسو دڵەخورپـــەییێکی زۆر، دەســـتمان بـــە خوێندنـــەوەی ســـروودی نیــشتمانیی تورکیــەو دواتــریش قــسەکانی ئاتــاتورکو ســوێند خــواردن کــرد. گاردیــانیش لەوە تێگەییشت کە بــۆ یەکــەم جــارە کــە ئێمــە بــەم شــێوەیە بــە دەنگــی بــەرز ســروودی نیشتمانی دەخــوێنین. لــە راســتیدا ئێمــە دڵنیــا بــووین لــەوەی کــە ئــەو رۆژە یــەکێك لــە ئێمە دەکــوژریٚ، یــان بــۆ مــردن ئەشــکەنجە دەکــریٚ، تــەنیا نەمانــدەزانی کــە ئــەو کەســە کێیە. گاردیان بە دەنگی بەرز دەیقیڕاند:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- دەنگتان هەڵێنن، ئەمە چ دەنگێکە.

ئێمــە بــە تــەواوی هێــزەوە هاوارمــان دەکــرد، بــەڵام گاردیــان بــەوەش رازی نــەبوو و دیسانەوە دەیگوت:

-کوا دەنگی لاقەکانتان، لاقەکانتان زۆر توند لە عەرز بکوتن.

گاردیــان کــە دەیزانــی ئێمــە هــیچ هەڵــەیێکمان نیــە، دەیگــوت: " راکــشێ، هەڵسە". لەمەشدا هیچ هەڵەیێکی نەدیت.

لــە کــاتی مەشــقی نیزامیــدا هــەر ریزێــك لــە چــوار کــەس پێکهــاتبوو. گاردیــانیش



هــەر جــارێ ریزێکــی دەهێنایــە دەرەوەو دەبــوا ســروودی نیزامییــان خوێنــدبا. لەمەشــدا گاردیان هیچ هەڵەیێکی نــەدیت، هــەر بۆیــە بــیری لــە میتــۆدێکی دیکــە دەکــردەوە. هــەر بۆیــە ئێمــەی راگــرت. کــەمێك بــیری لــێ کــردەوەو رۆیــشتە لای هاورێیــانی خــۆیو لــە ئێمەی روانی. دواتر گەڕایەوەو دیسان لە ریزی سەرەوەدا دەستی پێکردو گوتی:

- ئامــادە، بــڕۆن. کاتێــك هــەر چــوار کەســەکە دەســتیان بــە رۆیــشتن کــرد، گاردیــان لــە باتی ئەوەی کــە لەســەر لاقــی چــەپ بڕیــاری راوەســتان بــدات، لەســەر لاقــی راســت ئــەو فەرمانەی دا. لێرەشدا ئەو چوار کەسە بەبێ هەڵە راوەستان.

دواتــر نــۆرەی ریــزی پێنجــەم هــات. لــەو ریــزەدا یــەکێکیان کــە تەمــەنی پــەنجا ســاڵ دەبوو هەڵەی کرد. لەوکاتە دابوو کە گاردیان بە پێکەنینەوە گوتی:

- بەند راوەستە!

- هــەمووومان راوەســتاین. ئــەو راوی خــۆی دیبــوو. هــەر بۆیــە بــە پێکەنینــەوە هاتــەوە نزیكو پێی گوت:

نەکا دەتەویٚ برۆی بۆ ماڵ هــا، هــا. نــەکا بــیری مــاڵو منــداڵت کــردوە هــاااا باشــە، باشە؟

باشە ئەورۆ دەتخەمــە نێــو دوو مــیتر پارچــەی ســپیو دەتنێرمــە بــۆ مــاڵ. بــڕوا بکــە راستت پیٚ ئەڵێم. بــەم شــێوەیە فــشەی بــە خــاڵۆی تەمــەن پــەنجا ســاڵ دەکــرد. قــسەکانی لە لێدان بــەژانتر بــوون، بــەڵام لــە راســتیدا ئێمــە هــیچ شــتێکمان لــە دەســت نــەدەهات. گاردیــانیش کــە تــازە نێــچیرەکەی دیبــوو و بــە دەوریــدا دەخۆلایــەوە، هەســتایە ســەر پەنجــەو زیلــەییێکی وای لــەو پیرەمێــردە بــە تەمەنــە دا کــە لێــدانو کەوتنــە خــوارەوە لەگەڵ یەك بوو.

خــوێنێکی زۆر لــە ســەری هــات. گاردیــانیش بــەو لێدانــە دڵــی تــەواو ئاســودە بــوو و بە پێکەنینەوە گوتی:

- ئێوە برۆن، با دوو کەســی دیکــە بــێنو ئــەو تەرمــە لەگــەڵ خۆیــان ببەنــەوە بــۆ ژووریٚ. با دوو کەسیش ئەو خوێنــە پیــسە بــشۆنەوە. ئێمــەش زۆر بــە پەلــە ئــەومان هــەڵگرت بــۆ ئــەوەی کــە زینــدوو بمێنێتــەوە. لــە ژورێــدا ئێمــە نیــوە دوکتورێکمــان هــەبوو. نیــوە دوکتورەکەمان مزگێنی ئــەوەی پــیٚ دایــن کــە خــاڵۆ جــاریٚ لــە ژیانــدا مــاوە. خــاڵۆ دوای سیٚ حەوتوو هاتەوە هۆش خۆی.

خــاڵۆ کــوردێکی بــە مەزهــەب مەســیحیی دەوروبــەری "مــدیات" بــوو. ئــەو بــە تــاوانی قاچــاخی چــای گیرابــوو، بــەڵام لــە راســتیدا مەســیحی بوونەکــەی ســزای ئــەوی چــەند قــات کردبــوو. بــەڵام لەبــەر هەســتی نیــشتمانپەروەری ئــەویان بردبــووە ژوری

بەندییــە سیاســیەکان. ئــەو بــەردەوام دەیگــوت: " ئێمــە چــاك دەزانــین کــە بڕیــاری قڕکردنــی مەســیحیەکان لەلایــەن تورکەکانــەوە درابــوو، بــەڵام هێنــدێك کــوردی نــەزانو موســڵمان بــۆ چــەند "قــوروش" پــارە، یــان لــە بــەر ئــەوەی کــە بــەڵێنیی چــوون بــۆ بەهەشــتیان پــێ درابــوو، ئێمــەیان دەکوشــت. لــە راســتیدا دوژمنەکــەمان ئێمــەی بــەر دەدایــە گیــانی یــەکترو بــۆ خۆشــی کــەڵکی خــۆی لــەو دوژمنایەتیــە وەردەگــرت. لــە راســتیدا هەرچــەند مەزهــەبی ئێمــە یــەك نیــە، بــەڵام ئێمــە کــوردینو وڵاتەکــەمان کوردستانە. بەڵام دوژمن ئێمەی بەردایە گیانی یەکتر.

دەبــێ ئێــوە بــە هاوکــاری لەگــەڵ بــرا کــوردە مەســیحیەکانی خۆتــان دڵــی ئــەوان وەدەســت بهێــنن. زۆر مرۆڤــی نــەزانیش هــەن کــە دەڵــێن " کــوردە موســڵمانەکان ئێمــەیان کوشــتووە، ئێمــە دەبــێ تۆڵــەی خۆمــان لــە وان بکــەین. ئێمــە نــاتوانین قــەت لەگەڵیان ببین بە براو لــە شــوێنێك بــژین. ئــەوان لــە دەرفــەتێك دەگــەڕێن کــە بمــانکوژن".

خالۆ مرۆڤێکی وا تێگەیشتوو بوو.

بەو قــسەیە "عــەلی"م هاتــەوە بــیر کــە کــاتی خــۆی لــە بەنــدی ئێمــە بــوو. عــەلی خــەڵکی گونــدێکی ســەر بــە "لجــێ" بــوو. بێجگــە لــە گونــد هــیچ شــوێنێکی دیکــەی نــەدیبوو و کارەکــەی تــەنیا شــوانی بــوو. ئــەو نــە دەرســی خوێنــدبووەو نــە تورکیــشی دەزانی. لەکاتی مەشــقی نیزامیــدا کاتێــك کــە گاردیــان دەیگــوت: "راســت"، ئــەو لاقــی چــەپی هەڵــدەگرتو بــە پێــچەوانەوە. گاردیانــەکان چــاك دەیــانزانی کــە عــەلی نــەك بــە ئەنقەســتو لــە رووی پیاوەتیــەوە، بــەڵکوو لــە بــەر نــەزانیو نــەفامی تووشــی هەڵــە دەبوو.

رۆژێك لە "عەلی" مــان پرســی کــە ئــاخۆ لەســەر چــی گــیراوە؟ ئــەویش بــەم شــێوەیە وەڵامی دایەوە کە:

" رۆژێــك لــە رۆژان مــن خــەریکی لەوەڕانــدنی مــەڕەکانم بــووم کــە ســەربازەکان ئاوریــان لێــدام. یــەکێکیان بــانگی کــردمو گــوتی: " لــە جێگــات مەجۆڵــەو دەســتەکانت




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بـــنێ بـــان ســـەرت"، منـــیش ئـــەو فەرمانـــەم جێبـــەجێ کـــرد. دواتـــر کـــە نـــزیکم بوونـــەوە، یەکێکیان بە بەرپرســـی ســـەروەتری خـــۆی گـــوت: " گـــەورەم ئەمـــە بـــوو ئەمـــە. ئەمـــە بـــوو لە دەستمان هەڵات، دەیناسم بۆ خۆیەتی".

دواتـــر دەســـتی منیـــان کەلەبـــچە کـــردو منیـــان بـــرد بـــۆ شـــوێنێکی دیکـــەو لـــەوێ چـــاویان بەســـتمو چـــەند کەســـێك پرســـیاریان لـــێ دەکـــردم. لـــە راســـتیدا مـــن لـــە پرسیارەکانیان هیچ تـێ نەدەگەیـشتم، هـەر بۆیـەش وەڵامێکـی وام بـە وان نەدایـەوە. لـە بەر بێدەنگ بوونی من تا کە هێزیان هەبوو

لێیـــان دام. هـــەموو شـــێوەکانی ئەشـــکەنجەیان لـــە ســـەرم تـــاقی کـــردەوە، بـــەڵام هـــیچ لێم تێ نەگەیشتن.

هێنـــدێکیان دەیـــانگوت: " بـــە خـــوا ئەمـــە ســـەرۆکەکەیانە بۆیـــە قـــسە ناکـــات. هێنـدێکیانیش دەیـانگوت، دەبـێ ئـەو کەسـێکی پایـە ناوەنـدییان بـێ". بـەڵام مـن لـە قـــسەو باســـەکان هـــیچ تـــێ نەدەگەیـــشتم. دواى تـــەواو بـــوونی مـــاوەی ئەشـــکەنجەو



چـــاوەدێری کـــردن، منیـــان هێنایـــە ئێـــرە. ئێـــستاش نازانم لـە سـەر چـی منیـــان گرتـــووەو بۆچـــی ئەشـــکەنجەم دەکەن.

بـــەم شـــێوەیە رۆژ بـــە رۆژ زۆرتـــر ســـروودی نیزامیمـــان دەخوێنـــدەوە. بـــۆ ئـــەوەی کـــە بـــاری بەندییـــەکان قورستر بێو ئـەوان بـیر لـە هـیچ شـتێکی تـر نەکەنـەوە. "یوزباشـی" تـەنیا بـە مەشـقی

نیزامـــیو خوێنـــدنی ســـروودی نیزامـــی رازی نـــەدەبوو. بـــەڵکوو ئێمـــە دەبوایـــە کتێبـــی ئاتـــاتورك (ئاتـــاتورك ئیلکلـــەری و ئیـــنکلاب تـــاریهێمز)یـــش کـــە لـــە ١٠٢ لاپـــەڕە پێکهـــاتبوو، هـــەر هـــەمووی لەبـــەر بکـــەین. زۆر جـــاران ئێمـــە کتێبێکمـــان هەڵـــدەگرتو دەرۆیـــشتنە نێـــو بەندییـــەکان. لـــەوێ بـــۆ نمونـــە لاپـــەڕەی ٩٦ مـــان دەکـــردەوەو لـــە بەندییـــەکان دەمانپرســـی " لاپـــەڕەی ٩٦ پـــاراگرافی ٣ بخوێنـــە". بـــەم شـــێوەیە ئـــەوانمان ناچـار دەکـردەوە کـە ئـەو کتێبـە لەبـەر بکـەن. ئـەوانیش دەیـانزانی کـە ئەگـەر لەبـەری نەکەن چیان بەسەر دێت.

لـــە راســـتیدا "یوزباشـــی" دەیهەویـــست کـــە بـــەلاّییێکی وا بەســـەر بەندییـــەکان بـــێنێ کـــە قـــەت بـــاس لـــە هەســـتی نیـــشتمانپەروەری نەکـــەن، هـــەر بۆیـــە بـــەردەوام بـــیری لـــە مێتـــۆدێکی نـــوێی ئەشـــکەنجە دەکـــردەوە. "یوزباشـــی" بـــەردەوام دەیگـــوت: " ئـــەو گاردیانانـــەی کـــە بتـــوانن مێتـــۆدی نـــوێ بـــۆ ئەشـــکەنجە بدۆزنـــەوە خـــەلاّت دەکـــرێن". خەلاّتـەکانی بـە پێـی ویـستو داواکـانی ئێمـە بـوون. ئـەویش حـەوتوویێك مورەخەسـی، پـارە یـان بەرزبوونـەوەی پلەکـەت بـوو. هـەر بۆیـە ئێمـە بـەردەوام بیرمـان لـەو شـتانە دەکردەوە، هەتا لـەکاتی نووسـتنیش. جـاری وابـوو تـا بـەیانی خـەومان لـێ نەدەکـەوتو ئێمەش تۆڵەی نەخەوتنمان لەو بەندییانە دەکردەوە.

ئەوانـــەی کـــە مێتـــۆدێکی نـــوێی ئەشـــکەنجەیان بـــە مێـــشکدا بهاتایـــە، یوزباشـــیان ئاگـــادار دەکـــردەوە. یوزباشـــیش ئـــەو مێتۆدانـــەی کـــە بـــە دڵـــی بوایـــە، بـــەڕێوەی دەبـــردو ئێمـــەش خـــەلاّت دەکـــراین. هـــەر بۆیـــەش لـــە نێومانـــدا بـــەردەوام لەســـەر ئـــەو شـــتانە رکەبەرایـــەتی هـــەبوو. زۆربـــەی گاردیانـــەکان سادیـــست، وەحـــشی، یـــان وەك مـــن هـــەژارو بێ پارە بوون. کارەکانمان بۆ بەرژەوەندیی شەخسی لەکاتی سەربازیدا بوون.

یـــەکێك لـــە هاوڕێیـــانی ئێمـــە کـــە مێتـــۆدێکی نـــوێی ئەشـــکەنجەی بـــە مێـــشکدا هاتبوو رۆژێك هاتەوە لامانو گوتی:

- هاورێیان من دوای بـیر کردنـەوەیێکی قـوڵ، ئـەوەم بـە بـیردا هـات کـە ئێمـە دەتـوانین نیگابـانی بـە بەندییـەکان بـدەین. یوزباشـیەکەمان ئـەوەی پەسـەند کـرد بـۆ ئـەوەی کـە بزانێ ئەوکات وەزعی بەندییەکان چۆن دەبێ.

کەمێك دواتر یوزباشیەکەمان هاتەوە لامانو بە ئێمەی گوت:

- بـڕوانن! ئـەو هاورێیـەی ئێـوە چ میتـۆدێکی باشـی دۆزیوەتـەوە کـە ئێمـە لەسـەر بەندییـەکان تـاقی کەینـەوە. ئێـوە دەبـێ ئـەم مێتـۆدە جێبـەجێ بکـەن. ئەگـەر کاریگەرییەکەی باش بێ، ئەو هاورێیە خەڵات دەکەم. دواتر گوتی:

- ئێوە دەتوانن هەر لە ئێستاوە خەریکی کارە پیرۆزەکەتان بن. ئیتر هەر خۆش بن.

ئێمەش پێکەوە گوتمان:

- زۆر سوپاس. هەر یەکێك لە ئێمـە بـەرەو بەنـدەکانی خۆمـان ڕۆیـشتین بـۆ ئـەوەی کـە قاپـەکان هـەڵگرینو نـانی بـەیانی تێـدا بێـنین. بـەڵام چ نـانی بەیانییـەك!. لەگـەڵ دانـی نانی بەیانی بە وانمان دەگوت:

- بەند!

ئەوانیش پێکەوە دەیانگوت:

- فەرموو گەورەم

- ئـیتر بـە "فـەرموو گـەورەم"، خۆشـحاڵییێکی لـە رادەبـەدەر دایـدەگرتم. دیـارە هـەر هـەموومان وا بـووین. چـونکە ئـەو بەندییانـە کـە زۆربـەیان دوکتـور، موهەنـدیس، یـان پارێزەر بوون، ئێمـەیان وەك بەرپرسـی خۆیـان قبـووڵ دەکـرد. ئـاخۆ ئـەو شـانازییە دەبـوو بە نەسیبی کێ.

- ئێـوە دەبـێ بـە شـەو نیگابـانی بـدەن، هەرکـەس دوو سـەعات دەبێتـە نیگابـانی ئـەو بەندە، لە کاتی نیگابانیەکەدا هـەر چـی روو بـدا، بـۆ خـۆی بەرپرسـیار دەبـێ. لـە کـاتی نیگابانیدا قـسە کـردن، پـاڵ دانـە دیـوارو ڕۆیـشتن بـۆ ئاودەسـت قەدەغەیـە. ئێـوە دەبـێ لەکاتی نیگابانیدا لەنێو دیوی بەند ئەویش بە شێوەی نیزامی هاتوچۆ بکەن.

دوای قــسەکانی گاردیــان مــن بــە بــاوەڕ بــەخۆ بــوون بــانگی بەرپرســی بەنــدی خــۆمم کردو پێم گوت:

بـــەرپرس! دەبـــێ هـــەر لـــە ئێـــستاوە لیـــستی نیگابانیەکـــەت بنووســـی. کـــاتی نیگابانی لە کاتـژمێر نـۆزدەوە دەسـت پـێ دەکـات تـا شەشـی بـەیانی. گـرینگترین شـت ئەوەیە کە هەرکاتێ گاردیان هاتو ئـەو شـەبەکەیەی کـردەوە کـە لـە دەرگـا دایـە، دەبـێ نیگابــان هــەنگاوێك دوورتــر رابوەســتێو ریـّـزی نیزامــی لــێ بگــرێ، دەنــا بــۆ بەنــدی تاکەکەسی دەگوازرێتەوە.

ئـــەو شـــتانە یاســـاو نیزامـــی گرتووخانـــە بـــوو. دوای بـــیرورِا گۆرینـــەوەی زۆر ئێمـــە بڕیارمان دا کە دەبـێ هـەر شـەوە شـەش کـەس نیگابـانی بـدەن کـە هـەر یـەکێکیان دوو ســەعاتی بــەر دەکــەوت. یوزباشــیش ئــەو بڕیــارەی پەســند کردبــوو و بڕیــاری جێبــەجێ کردنی دابوو.

هــەر کاتێــك گاردیانێــك شــەبەکەی دەرگــای بکردبایــەوە، بــۆ وێنــە دەبــێ نیگابــان گوتبــای: " مــاردین، بلــوکی د. بەنــدی ... مــن نیگابــانی ســەعات بیــستوسێ تــاکوو یەك، هیچ شتێك رووی نەداوە".

دوای قسەکانی نیگابان ئێمەش دواتر دەمانگوت:

- هەموویان نووستوون؟

- بەڵێ گەورەم.

- کەس رۆیشتۆتە سەر ئاودەست؟

- نە گەورەم.

- نیگابانیەکەت چاك بدە.

لە راستیدا ئەوان لــە ترســی لێــدانو ئەشــکەنجە هــەر بڕیــارێکی ئێمــەیان بــە باشــی جێبەجێ دەکردو هەروەها نیگابانیەکەشیان لە هی ئێمە باشتر بوو.

- بڕیارەکەتان لەسەر سەرو چاومانە گەورەم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بــە دانــانی ئــەو نیگابانیــە ئــەو راحەتیــەی کــە هــەشمان بــوو لــە دەســتماندا. هــەر بۆیــە بــە ئەزیــەتو ئــازاری بەندییــەکان رقو قینــی دڵــی خۆمــان بەســەر بەندییەکانــدا دەڕشــــتەوە. دەرگـــای گـــشت بەنـــدەکان دوای ســـەرژمێریی ئێـــواران دەبەســـــترایەوەو کلیلەکــەش دەدرایــە دەســت یوزباشــیو تــەنیا ئــەو دەیتــوانی دەرگاکــان بکاتــەوە. ئەگــەر یەکێك لە نیگابانــەکان گــوێی نەدابایــە بڕیــاری ئــەو نیزامیــە نیگابانــەکان، بــە تونــدترین شــێوە ســزا دەدران. ئێمــە بــۆ ئــەوەی کــە نیگابانــەکان ئەزیــەت بکــەین، شــەبەکەی دەرگامــان دەکــردەوەو بــەر لــەوەی کــە ئــەوان بڕیــاری پێویــست لــەو کاتانــەدا جێبــەجێ بکەن، پێمان دەگوت: دەبێ پێنج جـار سـەرتان لـە دیـوار بـدەن، ئـەوانیش بـۆ ئـەوەی کـە بــەیانی ســزا نــەدرێن بڕیارەکــەیان جێبــەجێ دەکــردو دەیــانگوت: بڕیارەکــەتان جێبــەجێ کرا گەورەم!

لــە کــاتی نیگابانیــدا قــسە کــردن لەگــەڵ یــەکتر، نووســتنو دانیــشتن قەدەغــە بــوو. ئەگــەر ئێمــەش شــتێکمان پیویــست بوایــە، نــەدەبا بــە ئێمــەیان دابــا، هــەر بۆیــە زۆر جاران ئــەوانمان تــاقی دەکــردەوە. زۆر جــاران یوزباشــی جلوبــەرگی ســەربازە نیگابانــەکانی لەبــەر دەکــردو ســەردانی بەندییــەکانی دەکــرد بــۆ ئــەوەی بزانــێ نیگابــانیی شــەو چــۆن دەدرێ.




شەوێك من‌و چەند گاردیـانی دیکـە، ئێمـە نیگابـانی کاتـژمێر یـەك بـۆ سـێ بـووین‌و
لــەنێو گرتووخانــەدا پیاســەمان دەکــرد. کاتێــك کــە ئێمــە لــە هــۆڵی بلــووکی "د"



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تێپەرینو گەیشتین بە بەندی (...). گاردیان ویستی کە ناوونیشانی بەندەکان بڵێ. تەنیا دەیگوت فلان کەسو فلان بەند. هاوڕێیەکی ئێمە گوتی:

- هاوڕێیان با بزانین نیگابانی ئەو بەندە چی دەکا. هەر چونێك بێ دەبێ بیانوویان پێ بگرین، هەتا ئەگەر هیچ هەڵەییێکیانیش نەبێ.

- هاوڕێیەك گوتی:

- چۆن، چی بە سەری دێنین؟

- بەڵاییێکی وایان بە سەر دێنین کە تووشی هەڵە بن. یەکێکی تر گوتی:

- چۆن؟

ئێمە چوار کەسمان لەو کونانەی کە لە شەبەکەی دەرگا دا هەیە، لێیان دەڕوانین. (کاتێك کە قاپاخی ئەو شەبەکانە دەبەستران، ئەوانەی کە لە ژورێ بوون ئێمەیان نەدەدیت، بەڵام ئێمە ئەوانمان دەدی). دواتر دووکەسمان دەڕۆینە بەر دەرگا، ئەگەر هەڵەییێکمان لێ دیتەوە، ئەوە پێویست بە بیانوو ناکات، بەڵام ئەگەر هیچ هەڵەییێکمان لێ نەدیتەوە، ئەوکات داوای ئاویان لێ دەکەین. ئەگەر ئاویان پێ نەداین، کارێکی وا دەکەم کە زگی پێیم بسوتێ، بەڵام ئەگەر ئاوی پێ داین، دیارە کەچی بە سەری دێ.

هەر هەموومان پێکەوە گوتمان:

- وەڵڵا ئەوە فکرێکی خراپ نیە با ئەوەشی تاقی کەینەوە.

کاتێك شەبەکەی دەرگامان کردەوە، نیگابان بەبێ هیچ هەڵەییێك هەموو بڕیارە نیزامیەکانی جێبەجێ کردو گوتی:

- من "ئێس ئێی" نیگابانی کاتژمێر یەك بۆ سێ، بەندەکەمان لە پەنجاودوو کەس پێك هاتوە. کەسیش نەڕۆیشتوە بۆ ئاودەستو هەر هەمووشیان نوستوون. هیچ شتێکیش رووی نەداوە گەورەم!. گاردیان پێی گوت:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- بڕوانە منـيش وەك تـۆ نيگابـانم، بێجگـە لـە مـن‌و تـۆ كـەس بەخـەوەر نيـە. مـن زۆر تينوومە، ئەگەر بتوانی ليوانێكی ئاوم پێ بدەی من زۆر خۆشحاڵ دەبم.

نيگابانيش گوتی:

گـەورەم داوای تـۆ لـە سـەر سـەرو چـاوم دادەنـێم، بـەلاّم هـەر وەك بـۆ خۆشـت ئاگـاداری، دان‌وسـتاندنی هـەر شـتێك لـەكاتی نيگابانيـدا قەدەغەيـە. بۆيـە مـن نـاتوانم داواكەت جێبـەجێ بكـەم. بـەلاّم گاردیـان كـە زۆر فـرت‌و فێـڵ زان بـوو و مـن پـێم وايـە كە هەر لە بەر ئەمەش بوو كە ببوە گارديان، زۆر بە دڵسوتاوييەوە گوتی:

- بـاوەڕ كـە مـن زۆر تينوومـە، ئەگـەر پـەرداخێك ئـاوم پـێ بـدەی بـە هـيچ كەسـێك ناڵێم.

- نە گەورەم من ناتوانم كارێكی وا بكەم.

بەلاّم گارديان دەيهەويـست بـە هـەر شـێوەيێك بێـت، ئـازاری ئـەو نيگابانـە بـدات، هەر بۆيە پێی دەگوت:

- بڕوات بێ مـن زۆر تينوومـە. ئەگـەر كـەمێك ئـاوم پـێ بـدەی، ئـەوە تـەنيا لـە نێـوان مـن‌و تـۆدا دەمـێنێ. گاردیـان كـارێكی وای كـرد كـە نيگابـان زگـی پـێ سـووتا. لـە راستيدا ئەو بەندييانە كەسانی زۆر باش‌و بەڕێز بوون. هەر بۆيە پێی گوت:

- بە راستی لە نێوان خۆماندا دەمێنێ؟

- بەڵێ، بەڵێ.

- باشە ئاوت بۆ دێنم.

ئەوە بـوو كـە پـەرداخێك ئـاوی بـۆ هێنـا. بـەلاّم گاردیـان هـەر كـە ئـەو ئـاوەی لـە دەستی نيگابان وەرگرت بە سەرو چاوی دا كردو پێی گوت:

- هـەی لـە ..... بـەيانی بـەلاّيێكی وات بـە سـەر دێـنم كـە قـەت لـە بـيری نەكـەی. كـەڕباب مەگـەر نـازانی لـەكاتی نيگابانيـدا ئـەو شـتانە قەدەغەيـە. ئـيتر شـەبەكەی



كتێبخانەی ديجيتاڵی
www.rabari.org

دەرگامــان تونــد پێــوەداو ڕۆیــشتین. ئــەو بەندییانــە زۆر جــاران بــەم شــێوەیە دەکەوتنــە داوی ئێمە. ئەو ئیتر نەیدەزانی کە بەیانی چی بە سەر دێت.

بــەیانی ئــەو ڕووداوەمــان بــۆ گــشت گاردیانــەکان گێڕایــەوە. هــەر بۆیــە بــەیانی زوو لەکاتی بردنی قاپــەکان بــۆ خــواردنی بــەیانیان، ئێمــە دە پــازدە گاردیــان لــە ناکــاو وەژوور کــەوتین. ئــەو گاردیانــەش کــە شــەو پیلانــی بــۆ نیگابــانی نێــو بەنــد داڕشــتبوو، بــە دەنگێکی زۆر بەرز گوڕاندی:

- نیگابانی کاتژمێر یەك بۆ سێ کە ئاوی دابوو بە گاردیان بێتە دەرەوە.

لــەکاتی تــەواو بــوونی قــسەکانی گاردیــان ئــەو بێــچارەیە ســێ هــەنگاو هاتــەوە پێشێ‌و بە شێوەی نیزامی ڕاوەستاو گوتی:

- " من ئێس ئێی مێردین، فەرموو گەورەم"!

ئێمە وەك گــورگی هــارو برســی کــە نێــچیرێکی وەچــنگ کــەوتبێ دەورمــان دابــوو. گاردیان سەری بەرز کردو بە بزەو پێکەنینەوە پێی گوت:

- هۆۆۆۆۆ هاوولاتیەکەم ئــەحوالّت چــونە؟ نــەکا ئــاوت بــە مــن دابــێ. دەتتــوانی لــەباتی ئاو شتێکی دیکــەت بــە مــن دابــا. لەگــەڵ تــەواو بــوونی قــسەکانی، مــستێکی وای لــەو بەندییە بێ تاوانەدا کە کەوتو ئــیتر هەڵنەســتا. ئێمــە دەســتمان کــرد بــە پێکــەنین. هــەر بۆیە گاردیان گوتی:

- جــارێ هەڵــسە، هەڵــسە. تــۆ بــەم ئاســانیە لــە دەســتم ڕزگــارت نــابێ. لــەکاتی هەڵسانیدا گاردیانەکــەمان زەربــەیێکی تونــدی لێــدا، بــەڵام بەرلــەوەی کــە بکەوێتــە ســەر عەرز هەر هــەمووەمان پێکــەوە هێرشمــان کــردە ســەری. دەتگــوت کــە مــشکێك کەوتۆتــە نێــو دەســتو لاقــی دە پــشیلە. وەك تــۆپی پــێ ئــەومان شــووت دەکــردە لای یــەکتر. هــاتو هــاوارو زریکــەی دەگەیــە ئاسمــان. بەندییــەکان کــە هــیچ کارێکیــان لــە دەست نــەدەهات، ڕاوەســتابوونو تــەنیا لــەو دیمەنانــەیان دەڕوانــی. بــەڵاییێکی وامــان بەســەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێنـــا کـــە کـــەوتو ئـــیتر هەڵنەســـتا. ئێمـــە دەســـەڵاتێکی تـــەواومان هـــەبوو، هـــەتا دەسەڵاتی کوشتنیان.

دوای ئـەو لێدانـە تـەواو حەسـاینەوە. بـەڵام ئـیتر دەمـانزانی کـە کەسـێکیتـر ئـەم هەڵەیە دووپات ناکاتەوە. بەر لە رۆیـشتنی ئێمـە گاردیـانی بەنـدی ئـەوان بـۆ ئـەوەی کـە پیاوەتی خۆی پێشانی بەندییەکان بدا زۆر بە تووڕەییەوە بە وانی گوت:

- بەند!

- فەرموو گەورەم

- ئێوە تا سێ رۆژی دیکـە نـابێ خـواردن بـدەن بـەو کابرایـە کـە بـووە هـۆی ئـەوەی کـە بەندەکان رەخنەی بێتە سەر. هەر هەموویان پێکەوە گوتیان:

- فەرموو گەورەم

ئـەو بڕیارانـە هـەر هـەمووی جێبـەجێ دەکـران، ئەگـەریش جاروبـار بـە دزییـەوە جێبـەجێ نـەکرابان، ئێمـە لـە رێگـای ئـەو کەسـانەوە کـە کـاری سـیخوڕییان بـۆ ئێمـە دەکرد، لە هەموو رووداوێکی نێو بەندەکان ئاگادار دەبووینەوە.

لـەو شـێرە ئاوانـەی کـە لـەنێو بەنـدەکانی گرتووخانـەدا بـوون، یـەك دڵـۆپ ئـاویش نـەدەهات. چـونکە یوزباشـی ئـەو بڕیـارەی دابـوو. هـەر بۆیـە یوزباشـی هـەموو کاتێـك دەیگوت:

- پێویستە کە ئەمانە هەموو کاتێ برسیو تینـوو بـن بـۆ ئـەوەی کـە بێنـە سـەر رێگـای راسـت. ئەگـەر راسـتیەکەت بـوێ ئێمـە زۆر جـاران وەك یوزباشـیو بگـرە خـراپتریش بیرمـان دەکـردەوە. هـەر بۆیـە ئێمـە لـە مـانگی ئاگوسـتو لـەو هـەوا گەرمـەی شـاری دیاربـەکردا زۆرتـرین مەشـقی نیزامیمـان بـە وان دەکـرد. شـوێنی مەشـقی نیزامـی لـە سیمان دروست کرابوو و لە نێوان چـوار دیوارییێکـدابوو. هـەر بۆیـە کاتێـك کـە خـۆر لێـی دەدا هـەڵمی لێ هەڵدەسـتا. ئێمـە خۆمـان دەدایـە بـەر سـیبەرێك، بـەڵام ئـەوان ئەوەنـدە مانـدوو دەبـوون کـە زمانیـان میترێـك درێـژ دەبـۆوەو گـەروویان وشـك دەبـوو و ئاواتیـان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خواردنی قومێك ئـاو دەبـوو. بـەڵام یوزباشـی نەیدەهێـشت کـە ئاویـان بـۆ بـڕوات. ئێمـە لەو بـێ ئاویـەدا کاتێـك کـە چێـشتمان بـۆ دەبـردن، ئـەو چێـشتەمان زۆر سـوێر دەکـرد. ئیتر ئەو رۆژ رۆژی ئێمە بوو، چونکە دەمانزانی چیان بەسەر دێت.

کاتێـك کـە بەندییـەکان تینوویـان بوایـە، خواردنمـان بـۆ دەبـردن، بـەڵام کاتێـك کـە برسـیان بـا، ئاومـان بـۆ دەبـردن، بـەڵام نـەك لەبـەر ئـەوەی کـە تینـوو و برسـیان نـەبێ. ئاخو چـۆن دەبـێ کـە دوژمنـەکانمان واتـە کومونیـستەکانو ئەوانـەی کـە وڵاتـی ئێمـەیان لەت لەت کردوە تێر بکەین؟.

راستی لەژێر کاریگـەریی ئـەو بیروباوەڕانـەدا چـۆن دەمـانتوانی کـە راسـتو دروسـت بـیر بکەینـەوە؟ مرۆڤێکـی عـارەق خـۆر، مەسـتو سـەرخۆشو موعتـاد چـۆن دەتـوانێ راست بیر بکاتەوە. چـونکە هـەر چـیمان پێویـست بوایـە، یوزباشـی بـۆ ئێمـەی جێبـەجێ دەکـردو هـەتا زۆر جـاران پێکـەوە دەمـانخواردەوە! یوزباشـی پیاڵەکـەی هەڵـدەگرتو پێکەوە پەیکی مەشروبمان لێ دەداو دەیگوت:

- بە خۆشیی ئەوەی کە بتوانین ئەمانە بهێننە سەر رێگای راست.

ئێمــەش تــەواو وەك یوزباشــی یــان چــاکترە بلّــێم تونــدتریش ببــووین. هــەموو شـتێکمان ببـووە ژیـان لـەو گرتووخانەیـەدا. ژیـانیش لـەو گرتووخانەیـەدا هـەر هـەمووی لێدانو ئەشـکەنجە بـوو. کـەوابوو لـە رەوشـێکی ئاوەهـادا چـۆن مـرۆڤ نابێتـە سادیـستو لە مرۆڤایەتی دوور ناکەوێتەوە؟".

- کاتێك ئەو قـسانەی دەکـرد فرمێـسك لـە چـاوانی دەبـارینو تـەواو سـوور هەڵگـەرابوو و نـووزە نـووزی دەکـرد. ئەوەنـدە تـووڕە ببـوو، کـە دەتگـوت هـەر ئێـستا هەڵدەسـتێو تێـرو پـڕم لـێ دەدا. دواتـر جگـەرەیێکی هـەڵکردو چـەند قـومێکی لێـدا. ئـەو لـە گێڕانـەوەی ئـەو بەسـەرهاتەو منـیش لـە گـوێ گـرتن مانـدوو ببـووم. بـۆ خۆشـم تـەواو رۆیـشتبوومە نێـو بیرەوەرییـەکانی سـەردەمی گرتووخانـە کـە بـۆ خۆشـم ماوەیێـك لـەوێ بووم. بە قسەکانی نـاوبراو یـەك بـە یـەك بیرەوەرییـەکان لـە مێـشکمدا زینـدوو بوونـەوە.

لێـدانو ئەشـکەنجەی بەندییـەکان لەلایـەن گاردیانـەوە دەهاتـەوە بـیرم. جـاری وابـوو بـیرم لەوە دەکردەوە، کە هەستمو تێرو پڕ لەو کابرایە بدەمو تۆڵەی خۆمی لێ بکەمەوە.

بـەڵام دواتـر تێگەیـشتم کـە بـە کوشـتنی سـەربازێك یـان کەسـێك تۆڵـە نابێتـەوە، بەڵکوو تۆڵە تەنیاو تەنیا بە رزگارکردنی نەتەوە دەبێتەوە.

لـە نێـو بیروهزرێکـی وەهـادا نـوقم ببـوومو لێـدانو ئەشـکەنجەی هاورێیـانی خـۆمم دەهاتەوە بەرچاو، کە لەناکاو بە دەنگی ئەو راچڵەکام کە گوتی:

- بـا باسـی جگەرەکێـشانی نێـو گرتووخانەشـت بـۆ بکـەمو دواتـر دەڕۆینـەوە مـاڵ. پـێم وایە کە ئەتۆش کەمتر لە من ماندوو نەبوویت.

- زۆر چاکە بیڵێ.

"بــە مێتــۆدێکی نــوێ جگەرەکێــشانمان قەدەغــە کردبــوو. ئــەو مێتــۆدەش لەلایــەن سەربازێکەوە کەشـف کرابـوو کـە خـەڵکی دەوروبـەری زەریـای سـپی بـوو. بـە پێـی ئـەو بڕیــارە ئێمــە گاردیانــەکان لــەنێو بەنــدەکانی گرتووخانــەدا بــڵاو دەبووینــەوەو بــانگی بەرپرسـی بەنـدەکانمان دەکـرد. ئـەوانیش دەهاتنـە پێـشێو بـە شـێوەیێکی نیزامـی لـە بەرامبەر ئێمەدا رادەوەستانو ئێمەش پێمان دەگوت:

- بەرپرسـی بەنـد! ئێـوە دەبـێ هەرچـی جگـەرە هەیـە لـە بەندییـەکان وەرگـرنو لـە بەرامبــەر دەرگــای بەنــدی خۆتــان داینــێن. دواتــر ئەگــەر هــەتا یــەك جگــەرەش بدۆزرێتەوە، بۆ خۆتان بەرپرسیار دەبن.

- هەرچی ئێوە بفەرموون گەورەم.

ئیتر ئێمـە دەڕۆیـشتینو دەمـانزانی کـە بڕیارەکـەمان جێبـەجێ دەکـرێ. دواتـریش کـە دەگەڕاینـەوە، لـەنێو ئـەو هـەموو جگەرەیـە، جگـەرەی چـاکمان بـۆ خۆمـان هەڵـدەگرت. بەم شـێوەیە هـەم ئـەو نـەزمو دیـسیپلینەی کـە پێویـست بـوو جـێگیر دەبـوو و هـەمیش ئەوانەی کە گـیرۆدەی مـادە سـڕکەرەکان بـوون، بۆمـان دەردەکـەوتن. ئـەم جـۆرە کەسـانە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لــەو کاتانــەدا تــەنیا بــۆ ئــەوەی کــە جگــەرەیان پــێ بــدەین، ئامــادەی هــەر جــۆرە هاوکارییەك دەبوون.

هــەر بەنــدێك پێویــست بــوو کــە رۆژانــی دووشــەممە لیــستێك ئامــادە بکــەن بــۆ ئــەو کەســانەی کــە جگــەرەیان پێویــستە. رۆژێــك دووشــەممە بــوو کــە ئێمــەی گاردیانــەکان ئاگــادار بــووین کــە بەنــدی ....مانیــان لــە جگەرەکێــشان گرتــووە. هــەر بۆیــە ئێمــە بــە پەلە خۆمان گەیاندە ئەوێ. گاردیانی ئەو بەندە گوتی:

- هاوڕێیان! بەندی ئێمە لیستەم پــێ نــادەن. بەرپرســی بەنــد ئــەڵێ هیــچکەس لــە بەنــدی ئێمە جگــەرەی نــاوێ. ئــەو کــارە لــەنێو بەنــدا بــە مانــای مانگرتنیــان بــوو. هــەر بۆیــە گاردیانی بلووکی "د" بانگی بەرپرسی بەندی کردو پێی گوت:

- بەرپرس! زوو وەرە ئێرە. ئەوە چ باسە؟ بۆچی لیستەتان بە گاردیان نەداوە؟

- گــەورەم کــەسمان نیــە کــە جگــەرە بکێــشن. هــەر هــەموویان ئــیتر جگــەرە نــاکڕن و ناکێشن.

گــەورە بەرپرســی ئێمــە گاردیانــەکان، لــە گاردیــانی ئــەو بەنــدە تــووڕە بــوو و پێــی گوت:

- بە پەلە گشت بەندییەکان بهێنە دەرەوە، با بزانین ئەمانە چۆن جگەرە ناکێشن.

گاردیــان دەرگــای کــردەوەو هــەر هــەموویانی هێنایــەوە دەرێ. ئێمــە گاردیانــەکان بــە دارو بــاتۆم وەك گــورگی هــار کــە کەوتبێتــە نێــو مــەڕ، بەربووینــە گیانیــانو بــەلاییێکی وامان بەسەر هێنان کە مەگــەر خــوا بــۆ خــۆی بزانــێ. هــی وا بــوو کــە دەســتی شــکابوو، هــی واش هــەبوو کــە ســەر، لاق، یــان پەراســووەکانی شــکابوون. لــە راســتیدا کــەس بــە ساغو سەلامەت دەرنەچوو.

کاتێــك لــە وانمــان دەدا، یوزباشــی لــە ژوورێ چــاوی لــە ئێمــە بــوو. بەندییــەکانیش کە نیــوە گیــان لەســەر عــەرز کــەوتبوون، هــەڵمان گــرتنو بردمانــە نێــو بەنــد. گاردیــانی ئەو بەندە بانگی بەرپرسی بەندەکەی کردو پێی گوت:

- بەرپرس!

بەرپرسیش بە پەلە هاتە لای دەرگاو دوای راوەستانی نیزامی گوتی:

- فەرموو گەورەم

- تا سەعاتێکی تر لیستەی جگەرەکێشان ئامادە بێ.

- هەرچی ئێوە بفەرموون گەورەم!

- ئەمڕۆ خواردنتان نابێ، بۆ خوتان سزای خۆتان دەزانن.

- هەرچی ئێوە بفەرموون گەورەم.

ئێمە دوای جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکە پیرۆزەمان تەواو حەسابووینەوە. جارێ لە یەکتر دانەبڕابووینەوە کە یوزباشیەکەمان هاتەوە پێشێ‌و گوتی:

- ئافەرین، رۆڵەکانم ئافەرین! من لە هەر شوێنێك دەتوانم پەسنتان بکەم. ئەمڕۆ خواردنی نیوەڕۆتان لەسەر حسابی منە. ئێوە بۆ خۆتان دەتوانن بڕۆنە نێو شارو لە هەر چێشتخانەیەکیشدا کە پێتان خۆش بێ دانیشن‌و عارەقیش بخۆن. دواتر بانگی سەرگاردیانی کردو پێی گوت:

- سەرگاردیان؟

- فەرموو گەورەم

ئەو پارەیە بگرەو لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە بڕۆ نێو شارو خواردنیان بۆ بکڕە.

- بەسەر چاو!

بەم شێوەیە ئێمە فێری لێدان ببووین‌و زگمان بە حاڵی کەس نەدەسووتا. لە بەر بەرژەوەندیی شەخسی دەستمان بۆ هەموو کارێك دەبرد. چونکە یوزباشی هەر چی پێویستمان بوایە، پێشکەشمانی دەکرد.

کاتی نیوەڕۆ بوو کە هەر هەموومان سواری ئوتوموبیلێك بووین‌و رۆیشتینە بەر دەرگای ئەو چێشتخانەیەی کە پێیان دەگوت: "ئاسیم کەباب سالونو". دواتریش بە زگی تێرو بە چاوی سوور گەڕاینەوە بۆ نێو گرتووخانە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئـاخۆ كـەس هـەبوو بەرلـە هـەر شـتێك بـیر لـە بەرژەوەندییـەكانی خـۆی نەكاتـەوە، ئێمەش وابـووین. بـۆ پـارووییێكی نـان، بـۆ كەوچـكێك خـواردن، بـۆ رۆژێـك مورەخەسـی، یان بۆ پـەیكێكی مەشـرووب بـەلاّییێكی وامـان بەسـەر بەندییـەكان دەهێنـا كـە دوور بـوو لە عەقڵ...".

كاتێـك كـە گاردیـان باسـی لـە قەدەغـەكردنی جگـەرەی دەكـرد، ئـەو بەلاّیـەی كـە كاتی خۆی لە بەنـدی تاكەكەسـیدا هـاتبووە سـەرم، كەوتـە بـیرم. رۆژێـك لـە رۆژان بڕیـار درا كــە بەندییــەكانی بەنــدی ئێمــە بــۆ بەنــدی تاكەكەســی بگوازرێنــەوە. بۆچــی؟ بــۆ خۆشمــان نەمانــدەزانی. لــە راســتیدا هــەر كردەوەیێكــی ئێمــە كــە بــە دڵــی گاردیــان نەبوایە، تاوانێكی گەورە بوو.

سێ رۆژو سێ شەو دەبوو كە دەممـان نـە لـە چێـشتو نـە لـە چـای دابـوو. هـەر لـە رۆژی یەكەمەوە جگەرەمان لـێ بڕابـوو. لـە راسـتیدا بێجگـە لـە جگـەرە شـتی دیكـەمان ئەوەنـدە لـەبیر نـەبوو، چـونكە بـەبێ جگەرەكێـشان ژیـانی نێـو گرتووخانـە زۆر سـەخت بوو. ئێمە لـە بەنـدەكانی قـاتی سـێهەم بـووین. ئـەو بەندانـە كـە تـەنیا بـۆ تاكەكەسـێك دروسـت كرابـوون، دە تـاكوو دوازدە كەسـیان تێـدا جـێ كرابـۆوە. لـە هـەر قاتێـك پێـنج بەنــد لــە تەنیــشت یــەك بــوون. هــەر بۆیــە ئێمــە دەمــانتوانی بــە نهێنــی لەگــەڵ بەندییەكانی نێـو بەنـدەكانی دیكـەش قـسە بكـەینو داوای جگـەرەیان لـێ بكـەین. هـەر كاتێ جگەرەكەمان تەواو دەبوو، بانگی حوجرەی تەنیشت خۆمان دەكرد:

- هاوڕێیان جگەرەمان پێ نەماوە، ئێوە دەتوانن چەند جگەرەییێكمان بۆ بنێرن.

وەڵامیان ئەمە بوو:

- نەماوە هی ئێمەش تەواو بووە.

جگــەرەكانمان تــەواو ببــوونو نەمانــدەزانی كــە چــی بكــەین. ناچــار بــووین تاقــەتی ئــەو رەوشــە بیــنین كــە تێكــەوتووین. كــات كــاتی نیــوەڕۆ بــوو، گاردیــان بــانگی ئێمــەی كرد:



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- کـەرِباب، زوو چـەند کەسـێکتان وەرنــە خـواریّ. ئـەمڕۆ چێـشتمان بـۆ ئێـوە هێنـاوە. دوای سیّ ڕۆژ برسـیەتیو تێنوویـەتی، خواردنێـك چـێژ دەبەخـشیّ. هـەر بۆیـە سـیّ چـوار کەس خۆیانیان ئامادە کردو چاوەڕێی گاردیان مانەوە.

هـاتنی گاردیـانو کرانـەوەی دەرگـاو وەژوور کـەوتنی پێـنج کـەس بـوو بـە یـەك. هاوڕێیانی ئێمە لەگەڵ هێنـانی چێـشت، چـەند سـندووقی پـڕ لـە پورتقاڵیـشیان بـۆ ئێمـە هێنـا. هـەر کـە چـاومان بـە پورتقاڵـەکان کـەوت زۆر خۆشـحاڵ بـووین کـە دواتـر پورتقـاڵیش دەخـۆین. هـەر بەنـدێك سـندووقێکیان بـەر کـەوت. هـەر بەنـدێك دە تـاکوو دوازدە کەس بـووین. کاتێـك ئـەو هـەموو پورتقاڵـەیان هێنایـەوە ژوریّ، پێمـان وابـوو بـە دڵی خۆمان تێر تێر دەخـۆین. ئـەوە بـوو کـە بەوپـەڕی خۆشـحاڵییەوە دوعـای "خـواردن، خـواردن" مـان بـە دەنگێکـی بـەرز خوێنـد. دوای تـەواو بـوونی ئـەو دوعایـە گاردیـان بانگی کردینو پێی گوتین:

- کەرِباب بـڕوانن! ئێـوە دەبـیّ ئـەو پورتقاڵانـە هـەر هـەمووی بـە پێـستەوە بخـۆن. نـابیّ پێستی یەك پورتقاڵیش لێرە بە جیّ بمێنیّ، دەنـا بـۆ خۆتـان دەزانـن کـە چـیتان بـە سـەر دێنم. بەو قـسەیەی گاردیـان تـەواو سـارد بووینـەوەو دڵەخۆرپـە دایگـرتین. بیرمـان لـەوە دەکـردەوە "ئـاخۆ پێـستی ئـەو هـەموو پورتقاڵانـە چـون دەخـۆریّو ئەمـە چ خۆشـیەکی هەیە".

لـە هـەر بەنـدێك دۆشـەکێك هـەبوو. ئێمـە لـە دەوری یـەك کۆببووینـەوەو بیرمـان لـەوە دەکـردەوە کـە چـۆن خۆمـان لـە خـواردنی پێـستی ئـەو هـەموو پورتقاڵانـە ڕزگـار بکـەین. هـەروەها دەردی بـیّ جگـەرەییش دەردی سـەر هـەموو دەردان بـوو. ئێمـە لـەو حاڵەدا بووین کە هاوڕێیەك گوتی:

- هاوڕێیان، ڕێگاییێکم دیـیەوە، ڕێگاییێکم دییەوە...

هەموومان پێکەوە گوتمان:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- چ ڕێگایـەکت دییـەوە، زوو کـە بڵـێ. تـاکوو گاردیـان نـەهاتووە بـا ئـەو پورتقاڵانـە بخـۆین. ( لـە کـاتی تەنگانـەدا مێـشکی مـرۆڤ چـاك کـار دەکـات. لـە بەرامبـەر هـەر شتێکی قەدەغەکراو ڕێگایێك دەبینرا).

- هاوڕێیـان بـا ئـەو پورتقاڵانـە بیخـۆین‌و پێستەکانیـشی بیخەینـە نێـو ئـەو دۆشەکە.( لە هەر بەندێك دۆشـەکێکی هـەبوو). تـا ئەمانـە پـێ بـزانن زۆری پـێ دەچـێ. ئەوکاتێش نازانن کە ئەمە کاری کێ بووە.

ئەو کەشفە وەك کەشفی ئامریکا بوو لە لایەن کریستۆف کۆلۆمبەوە ...

- خـواردنی پورتەقاڵـەکان چـێژێکی باشـی پـێ بەخـشین. دواتـریش دەسـتمان کـرد بـە درانـدنی ئاسـتەری دۆشـەکەکە، بـۆ ئـەوەی کـە پێـستی ئـەو پورتقاڵانـەی تـێ ئـاخنین. هاوڕێیەك دەستی پڕ کرد لە پێـستی ئـەو پورتقاڵانـەو خـەریك بـوو لـە نێـو دۆشـەکەکەی دەخـست کـە لـەناکاو واق مـاو لـە ئێمـەی ڕوانـی. دواتـر بزەیێکـی هاتـەوە سـەر لێـو. پێمان سەیر بوو کە ئەمە بۆچی وادەکا؟ لەناکاو بە پێکەنینەوە گوتی:

- مـزگێنیم پـێ بـدەن هاوڕێیـان! ئەگـەر هەڵـە نـەبم، ئێـستا شـتێك کـە دەسـتم لـە سـەریەتی، پاکـەتی جگەرەیـە. چـونکە زۆر جـاران لـە سـەر ئـەو شـتانەی کـە نـەمانبوو شـۆخیمان دەکـرد، پێمـان وابـوو کـە ئـەو هاوڕێیـەمان فـشە دەکـات هـەر بۆیـە پێمـان گوت:

- دە فشەمان پێ مەکە. حاڵمان ئەوەنـدە باشـە کـە ئـەتۆش لـە سـەر کارمـان دادەنێـی. زوو کە کارەکەت بیکە تا گاردیان نەهاتوە.

ئەو هاوڕێیـە هەرکـە دەسـتی هـەڵگرت، ئەوەنـدەمان دی کـە پێـنج جگـەرە لـە نێـو دەستەکانیدابوون. لە خۆشیان نەماندەزانی کە چ بکەین.

بـە پەلـە هەرچـی پێـستی ئـەو پورتقاڵانـە بـوو لـەنێو ئـەو دۆشـەکەدا جێمـان کردەوەو جگەرەکانیشمان بەسـەر ئـەو بەندانـەدا دابـەش کـرد کـە لـە قـاتی ئێمـە بـوون. هـەر بەنـدێك جگـەرەیێکی بـەر کـەوت. دواتـر هـەر هـەمووومان کۆبوینـەوەو

جگەرەکەمان هەڵکردو بـە نـۆرە لـە دەسـتی یـەکترمان وەرگـرتو هـەر یەکـەو مـژیکمان لیٚ ئەدا. تا نـۆرە گەیـشتە دوایـین کـەس، ئـیتر جگەرەکـەمان تـەواو بـوو. بـەڵام ئـەویش تـەنیا مـژێکی لـیٚ دا، هـەر چـەند کـە لێـوی سـووتا. دوای چـەندین رۆژ دەردی بـیٚ جگـەرەیی ئـەو جگەرەکێـشانە وەك ئـەوە بـوو کـە تـەواوی میـوەو خـواردنی دونیامـان خـواردبیٚ. دەتگـوت کـە ئـەو جگەرەیـە تایبـەتی دروسـت کـراوە. بـۆنێکی ئەوەنـدە خۆشی هەبوو کە خـوا بـۆ خـۆی بزانـیٚ. بـەڵیٚ ئێمـە بەجێگـەی تـیٚ کردنـی پێـستی ئـەو هـەموو پورتقاڵانـە لـەنێو دۆشـەك هـەم خۆمـان لـە خـواردنی پێـستی ئـەو پورتقاڵانـە رزگـار کـردو هـەمیش جگـەرەمان دۆزیـەوە. بـەڵام دواتـر چـی رووی دەدا نەمانـدەزانی. رەنگە ئەمە ببێتە بەڵای سەری زۆر بەندیی تر.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی حەوتەم



"هـەر لێـدانو مێتـۆدێکی نـوێی ئەشکەنجە لـە مێتۆدەکـانی تـر تونـدتر دەبـــوون، یـــەکێك لـــەو مێتۆدانـــە پێوەنـــدی هـــەبوو لـــە گـــەڵ چـــــاوپێکەوتنی بەندییـــــەکانو بنەماڵەکانیان، بـەڵام ئێمـە قـەت لـەو پیلانـــەدا ســـەرنەدەکەوتین. ئێمـــە بـــە بەندییـــەکانمان دەگـــوت، بـــا بـــە بنەماڵـەکانیان بڵـێین کـە ئـیتر نەیـەن بـۆ سـەردانیان. بـەڵام بنەماڵـەکانیان دەیانگوت:

- بۆچـــی؟ بـــەبێ تـــۆ ئێمـــە ســـەبرو تاقەتمان نیە.

- بەندییـــەکانیش نەیانـــدەتوانی کـــە پێیـان بڵـێن " گاردیانـەکان وایـان پـێ باشـەو کاتێـك ئێـوە دێنـە سـەردانمان زۆرتـر ئەزیـەتمان دەکـەن". چـونکە لـەکاتی مولاقـات کردنـدا یـەکێك لـە ئێمـە لـەلای مولاقاتـچیەکانو ئـەوی تـریش لـەلای بەندییـەکان رادەوەسـتا. ئـەوەش وەك بڕیارێـك بوو، بۆ ئەوەی کە ئێمە نەتوانین کەسوکاری خۆمان ببینین.

کاتێـك کـە بەندییـەکان بـە تـەنیایی لەگـەڵ مولاقاتیـەکانیان دەمانـەوە، دەیـانتوانی هـەموو نهێنییـەکانی ئێـرە ببەنـە دەرەوە. چـونکە زۆر جـاران لـە ئورووپـاوە هەیئـەت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بــۆ ســەردانی ڕەوشــی نێــو گرتووخانــەکان دەهــاتن، هــەر بۆیــە ئێمــە دەبوایــە ئاگامــان لەوان بێ بۆ ئــەوەی کــە قــسەکانی ئێــرە نەبەنــە دەرەوە. ئەگــەریش شــتێکی وایــان کردبــا ئاشکرایە کە بــە تونــدی ئەشــکەنجەمان دەکــردن. لــە ڕاســتیدا لــەنێو بەندییەکانــدا تــەنیا هێندێك کەسی ناکومونیستو ناکوردتچی هەبوون کە لە ترسی لێدان دەیانگوت:

-ئەگەر جارێکی تر ئێوە بێن، ئێمە ئامادە نابین کە بێنە لاتان.

لێـــرەدا یوزباشـــی داواکـــانی جێبـــەجێ نـــەبوون، هـــەر بۆیـــە خـــەریکی دیتنـــی مێتـــۆدێکی نـــوێ بـــوو. یوزباشـــی پـــێ ســـەیر بـــوو کـــە دوای ئـــەو هـــەموو لێـــدانو ئەشکەنجەیە بنەماڵەکانی ئەو بەندییانە زیـاتر لــە جـاران بـۆ ســەردانیان دێــن. هــەر بۆیــە زۆر جـــاران یوزباشـــی بڕیـــاری گـــرتنو ئەشـــکەنجەکردنی مولاقاتیەکانیـــشی دەدا تـــەنیا لەبەر ئەوەی کە ئیتر نەیەنەوە.

ڕۆژانــی مولاقــات لــە حــەوتوودا بیــست تــاکوو بیــستوپێنج چــرکە بــوو. لــەو مــاوە کورتەدا ئــەوان تــەنیا دەیــانتوانی چــاویان بــە بەندییــەکان بکــەوێ. تــەنیا دەیــانتوانی کــە پێیان بڵێن " بە خێر بێی، ئەحواڵت چوونە، من باشم".

ســەرەڕای کــاتی کــەم دیــسانیش ئــەوان هــەر دەهــاتن. ڕۆژانــی هــاتنی مولاقاتیــەکان بــۆ ئێمــە هــەم خۆشــیو هــەمیش ئەشــکەنجە بــوو. خۆشــی بــوو لەبــەر ئــەوەی کــە ئێمــە ســـواری ســـەری کەســـانی زانـــاو خوێنـــدەوار دەبـــووین. ئـــەو ڕۆژە بـــۆ ئێمـــە ڕۆژی ئەشــکەنجەش بــوو، چــونکە ئێمــە لــە بەیانیــەوە تــا ئێــوارە ئیــستراحەتمان نــەبوو. کاتێــك کە مولاقاتیەکان دەهاتن، ئێمە

ناوی ئەوانمان دەنووسیو بانگی ئەوانمان دەکردو بە وانمان دەگوت:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-بڕوانن! ئێوە نـابێ ئیـشارەیان پـێ بـدەن، نـابێ قـسەی زیـادیش بکـەن، هـەروەها ئێـوە ئەگـەر لـەکاتی مولاقـات کردنـدا بـە شـێوەییێکی نیزامـی رانەوەسـتن، دڵنیـا بـن کـە بـە ساغو سەلامەتی ناگەڕێنەوە بۆ ئێـرە. دواتـر دەمـانبردن بـۆ هـۆڵی گرتووخانـە بـۆ ئـەوەی کـە لـە نـۆرەدا رابوەسـتن، هـەر لـەوێش لـەوانمان دەداو قـسەی ناشـیرینمان پـێ دەگـوت، چونکە زۆریـان هـەبوون کـە بـە لێـدان تێـك نەدەچـون، بـەلام بـەو قـسانە تێـك دەچـون.



دواتـریش کـە نـۆرەی مولاقـــات کردنیـــان دەهـــات، ئێمـــە کـــە حـەفتا، هەشـتا کیلـۆ کێـــــشمان بـــــوو، ســـواریان دەبـــووین، سواری ئـەو بەندییانـە کـــە تـــەنیا ئێـــسكو پێـــستیان مـــابوو.

جاری وابوو کە بەوانمان دەگوت:

-ئەسپی من لە هی تۆ چاکترە!. یەکێکی تر دەیگوت:

- ئەسپی من " رەوانە".

-نـەوەڵلا ئەسـپی مـن لـە هـی ئێـوە چـاکترو زیـرەکترە، بـڕوانن مـن لـێ دەدەم بـەلام ناکەوێ. بێجگە لە زمانی تورکی قسەکردن بە زمانی دیکە قەدەغە بوو.

دیـارە نەتـەنیا ئـەوان بـەڵکوو مولاقاتیەکانیـشیان دەبوایـە بـە تـورکی قـسەیان کردبا. بەلام زۆربـەیان یـان تورکییـان نـەدەزانی یـان ئاگایـان لـە بڕیـارێکی بـەم شـێوەیە نەبوو. هەر بۆیـە زۆربـەیان بـە تـورکی قـسەیان دەکـردو ئێمـەش ئـەو رۆژانـەمان لـە وان دەکردە شین و تازی. بەلام دیسانیش نەماندەتوانی بەر لە هاتنیان بگرین".



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

كاتێـك گاردیـان باسـی لـه تاوانـەكان دەكـرد، وەزعـی هـەڤاڵ "نـووری"م هاتـەوه بیر. لـه رۆژێكـی مولاقاتـدا نێـوی هـەڤاڵ نـووری خوێندرایـەوه. ئـەویش چـونكه هـەموو حـەوتووییێك مولاقاتیـەكانی ئـەو نەیانـدەتوانی بێنـه سـەردانی، هـەر بۆیـه ئـەو رۆژه زۆر خۆشـحاڵ بـوو. دوای ئـەوەی كـه بەندییـەكان كـاتی مولاقـات كردنیـان تـەواو بـوو و گەڕانەوه، گاردیان هەڤاڵ"نووری"ی راگرت و پێی گوت:

- نووری!

- فەرموو گەورەم

- كەرباب من چـەند جـار بـه ئێـوەم وتـوه كـه قـسەكردن بـه كـوردی قەدەغەيـه؟ بۆچـی به كوردی به باوكت گوت: "باوكم، لوفك"...

- گەورەم وەڵڵا من به كوردی قسەم نەكردوه.

- ها!  پێت وایه من درۆ دەكەم ها! (گاردیان دەستی كرد به لێدانی)

- نه گەورەم، نه. من تەنیا گوتم باوكم بۆم...

- ئاهان، دیسان به كوردی قسەی كرد.

ئەوەندەی كه ئێمه لێـی تێگەیـشتن، ئـەوه بـوو كـه نـووری لەبـەر ئـەوەی كـه باسـی "لیفكـه"ی كردبـوو، كـه تـوركی پـێ دەڵـێن "لیفـه"، ئەشـكەنجه دەكـرا. گاردیـان كـه باوەڕی نەدەكرد نووری مەبەستی "لیفه" بووه، بانگی بەرپرسی كرد:

- بەرپرس!

- فەرموو گەورەم

زوو وەره دەرێ. بەرپرس هاتو به شێوەی نیزامی راوەستا.

گاردیان پێی گوت:

- بڕوانه! ئـەو شـتانه كـه لێـت دەپرسـم، دەبـێ راسـتیەكەی پـێم بڵێـی، دەنـا بـۆ خـۆت چاك دەزانی كه چت بەسەر دێت.

- فەرموو گەورەم .



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- "لوفك" چیە؟

- گەورەم "لوفك" لە تورکیدا دەبێتە "لیفە". بێجگە لەوە هیچ شتێکی تر نیە.


دیسان رۆژێك لە رۆژانی موولاقـات کـردن بـوو. نێـوی مـن خوێندرایـەوە کـە برۆمـە زیارەت. لە راستیدا هـیچ حەوتوویـەك نـەبوو کـە مـن موولاقـاتم نـەبێ، چـونکە هـەموو حەوتوویــەك خێــزانم لەبــەر دەرکــی گرتووخانــە رادەوەســتا. هــەروەها جــاری وابــوو کــە هاوڕێیانی ئێمە فشەیان دەکردو بە یەکتریان دەگوت:

- ئاخۆ ئەگەر حەوتوویەك خوشکی ئێمە "هاوا" نەیەت چ دەبێ؟

یەکێکی تر گوتی:

- وەڵڵا من بۆ ئەو دۆعایە نالێم ئامین!. ئیمکانی نیە کە هاوا نەیەت .

هــاتنی ئــەو زۆر باشــە. ورە بــە ســیدار دەبەخــشێ. رۆژانــی زیــارەت ســیدار هــەر





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەند لێدانیش بخوات زۆر گرینگ نیەو ...

کاتێــك کــە مــن نــاوم خوێندرایــەوە، منــیش وەك هاوڕێیــانی دیکــە، خــۆم بــۆ مولاقات کردن ئامادە دەکرد. دواتر گاردیانی ئێمە گوتی:

- ئەوانەی کە مــن نێویــان دەخوێنمــەوە بێنــە دەرەوە. ئێمــەش هــەر هــەمووومان پێکــەوە گوتمان:



- فەرموو گەورەم

- کاتێك کە مــن خـۆم گەیانـــدە شـــوێنی مولاقات کـردن، تـەنیا دایکـی خـۆمم دی کـە چـاوەڕوانم بـوو. هـەر بۆیـە ترسـێك دایگـرتم کە ئاخۆ بۆچـی دایکـم بە تەنیا هاتووە؟

دایکــم تــورکی نــەدەزانیو منــیش چــاوەڕوانی ئــەوە نــەبووم کــە ئــەو بــە تــورکی قسەم لە گەڵدا بکا. بەڵام هەر کە چاوم بە دایکم کەوت بە زمانی تورکی گوتی:

- کـوڕم وەزعــت چـونە؟ مــن وا تێگەیـشتم کـە دایکـم زمـانی تـورکی فێـر بـووەو ئـەو جـارە هـاتووە کـە هونەرەکـەی پێـشانم بـدات. هـەر بۆیـە منـیش بـە تـورکی وەڵامـم دایەوە:

- من باشم دایە. بۆ خۆت چونی؟

بـەو وەڵامــی مــن دایکـم چـاوانی پـڕ بـوو لـە فرمێـسك، دەنگـی نـەکرد. کـەمێك تێڕاماو دواتر بە زمانی کوردی گوتی:

- مــن باشــم ڕۆڵــه. بــا ســەری تــۆو هاوڕێیانــت ســاغ و ســەلامەت بــێ. جــاریٚ دایکــم قــسەکانی تــەواو نــەکردبوو کــە گاردیــان شــانو بــاڵی گــرتمو بردمــی بــۆ نێــو هــۆڵی گرتووخانە. لەویٚ لەبــەر ئــەوەی کــە دایکــم بــە کــوردی قــسەی کــردوە تێروپــڕی لــیٚ دام. دوای مــاوەییٚکی دورو درێــژ کــە مــن لــە گرتووخانــە هاتمــەوە دەریٚ، ڕۆژێــك دایکــم کــە لەلام دانیشتبوو و دەستی خستبووە نێو قژەکانم، لێی پرسیم:

- ڕاستی سیدار ڕۆژێك من بە تەنیا هاتبوومە سەردانت!

- بەڵیٚ دایە، بەڵیٚ

- کوڕم ئەوکات جاریٚ من قسەکانم تــەواو نــەکردبووە کــە ئــەتۆ لەبــەر چــاوانم ون بــووی. منیش نەمزانی کە چت بەسەر هات، ڕاستی خێر بوو. منیش بە پێکەنینەوە گوتم:

- دایــە کاتێــك کــە تــۆ بــە کــوردی وەلامــی منــت دایــەوەو گوتــت، "مــن زۆر باشــم"، گاردیان منی بردە شوێنی لێدانو تا هێزی لە جەستەدا بوو لێی دام.

- وەی ڕۆڵــە بــە قوربانــت بم، خــۆ نــەمزانی کــە نــابیٚ بــە کــوردی قــسە بکــەم. تورکیەکەشم تەنیا دوو وشە بــوون. دواتــر نەمویــست کــە قــسەت لــە گەڵــدا بکــەم. گــوتم تەنیا ڕادەوەستمو تێرو پڕ لێــت دەڕوانم. بــەلام نــەمتوانی کــە خــۆم ڕاگــرمو بــەبیٚ ویــستی من وشەی کوردیم هاتەوە سەر زار.

"ڕۆژانــی زیــارەت ئێمــە زۆر مانــدوو دەبــووین. وەرە بەندییــەکان بێنــەو ببیــە، تــا بــەیانی بەخەبــەر بــە. زۆر جــاران چێــشتی نیوەڕۆژمــان بــە ڕاحــەتی نــەدەخوارد. ئێمــە تەواو بیٚ تاقەت ببووین. هەر بۆیە قینی دڵی خومان بەسەر ئەواندا هەڵدەڕشت.

ئەوانــەی کــە بنەماڵــەکانیان زوو زوو ســەردانیان دەکــرد، پێمــان دەگــوت، بۆچــی ئەوەنــدە دێــن بــۆ ســەردانتان. بــەلام ئەوانــەی کــە بنەماڵــەکانیان نەدەهاتنــە ســەردانیان، پێمان دەگوت بۆچی کەس سەردانتان ناکات".

لــەو ڕۆژانــەدا کــە مولاقاتــان دەهــات، گاردیانــەکان جــاری وابــوو کــە ســواری ســەرمان دەبــوون تــا شــوێنی یــەکتر ببــنین. گاردیانــەکان هــەروەها ئــەو شــتانەی کــە بــۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێمە دەهاتن لێیــان وەردەگــرتن‌و بــۆ خۆیــان دەبــردەوەو شــتی بــێ کەڵکیــشیان بــە ئێمــە دەدا. بۆ وێنــە ئەگــەر چــاکیتیان بــۆ هێنابــاین، ئاســتەری ئــەو چــاکیتانەیان دەردەهێنــاو بەرۆکەکەیان دەدڕاندو دواتر بە ئێمەیان دەدا.

بەڵێ گرووپی بەندی ئێمە کە یەکــەم جــار بــوو بــۆ مولاّقــات کــردن رۆیــشتبوون، لــە کاتی گەڕانەوەیاندا لەبەر دەرکی بەند گاردیان گوتی:

- وەرنە ژوورێ.

هەر هەموویان هاتنەوە ژوورێ‌و گوتیان

- فەرموو گەورەم.

گاردیان دەستی کرد بە هات‌و هاوارو گوتی:

- ئەوانەی کە شتەکانیان وەرنەگرتووە با پــێم بڵــێن. ئــەوە بــوو کــە هاوڕێیــەکی ئێمــە بــە ناوی "ئازیز" لە نێو ئێمە هەڵساو گوتی:

- من ئازیز مێردین، گەورەم. باوکم بۆ من فەندەکی هێنابوو بەلاّم نەماوە.

کەس نــەدەبا شــتی وا بڵــێ، چــونکە بــەو قــسەیە گاردیــان دەبــوو بــە دز. چــۆن دەبــێ گاردیان دزی بکات، یان کــارێکی خــراپ بکــات؟ نــا، نــا. بــەلاّم ئــەو رۆژە هــاورێی ئێمــە "ئازیز"، بەو قسەیەی گاردیانی کردبوە دز.

هەر بۆیەش گاردیان پێی گوت:

-یالاّ بۆ دەرێ، دەی.

"ئازیز" پێــی وابــوو کــە گاردیــان فەندەکەکــەی پــێ دەدات، بــەلاّم لــەناکاو گاردیــان بــەربووە گیــانی‌و تــا تــوانی لێــی دا. ئێمــە ئەوانــەی کــە لــە ژوورێ بــوون، نەمانــدەزانی چمان بەسەر دێت.

دوای لێدانی، گاردیان پێی گوت:

- کوڕم چت ون کردوە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- من نـاوم ئـازیز مێـردین. فـەرموو گـەورەم. بـاوکم فەنـدەکێکی بـۆی هێنـابووم، بـەڵام مـــن لـــێم وەرنـــەگرتن. دیـــسان لێـــدان دەســـتی پـــێ کـــرد. ( بـــە دەنگـــی لێـــدان ئێمـــە دەمانزانی کە گاردیان تەنیا نیە بەڵکوو چەند کەسێکی تریش لە گەڵی دان).

گاردیان دیسانەکە پێی گوت:

کەرباب ئەتۆ چۆن ئێمە دەکەی بـە دز، ئـەتۆ چـۆن بـە ئەوانـەی کـە نامووسـی ئێـوە دەپارێزن دەڵێی دز، نەکا تۆ خائینی؟! تۆ ئەو کەسەی، کە مێشکی خەڵك دەشوێ.

گاردیانـەکان بـەڵایێکی وایـان بـە سـەر "ئـازیز"دا هێنـا کـە تـەواو لـە قـسەکانی خـۆی پەشـیمان بـۆوە، بـەڵام ئـیتر هیـچی لـە دەسـت نـەدەهات. ئـەو لێدانـەش تـەنیاو تەنیا لەبەر ئەوە بوو کە ئیتر کـەس نـەڵێ شـتێکمان لـێ ون بـووە. لـە راسـتیدا لـەو رۆژە بەو لاوە کەس نەیدەوێرا باس لەو شتانە بکات. دواتر گاردیان گوتی:

- ئەتۆ هەموو گاردیانەکانت کردە دز؟!

-نە گەورەم، نـە ئەسـتەغفرۆڵلا. مەبەسـتی مـن ئـەوە نـەبوو کـە بەرپرسـەکەم بکـەم بـە دز؟!

- نـە، نـە حاشـا لـە ئێـوە، ئەوانـەی کـە نامووسـی ئێمـە دەپـارێزن، چـۆن دزیمـان لـێ دەکەن. ئیمکانی نیە، رەنگە کەوتبێ یان باوکم بە هەڵە شتی وای باس کردبێ.

بـــەو لێدانـــە "ئـــازیز" هـــەم بـــاوکی خـــۆی کـــردە درۆزنو هـــەمیش فەندەکەکـــەی وەرگرت!.

"دوای تـــەواو بـــوونی رۆژەکـــانی ســـەردان، گرتووخانـــەمان دەکـــرد بـــە دوو بـــەش. بەشـــێکمان بـــەیانیو بەشـــێکیش دوای نیوەڕۆیـــان دەمانپـــشکنیەوە. لـــەو کاتانـــەدا تـــــەواوی بەندییـــــەکانمان دوای نـــــان خـــــواردنی بـــــەیانی دەمانکردنـــــە دەرەوەو هـــــەر هـــــەموویانمان روت دەکـــــردەوەو دەســـــتمان بـــــە لێـــــدانیان دەکـــــرد. هـــــەتا تـــــەواوی جلوبەرگـــەکانی ئـــەوانمان دەپـــشکنیەوە. دواتـــریش لـــە دەرەوە مەشـــقی نیزامیمـــان پـــێ دەکردن تا ئەوەی کە پشکنین کۆتایە پێ بێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- لـەکاتی پـشکنیندا هـەر هـەموو شـتێکمان تێـكو پێـك دەدا. جلوبەرگـەکانی ئـەوانمان دەدڕانـدو پـارەو سـەعاتمان لـێ وەردەگـرتن. هـەروەها ئـەو دۆشـەکانەی کـە هـەیانبوو، دەماندڕاندنو ئـەو پەمۆیـەی کـە تێیـدابوو، هـەر هـەموومان دەردەهێنـا بـۆ ئـەوەی کـە بزانین چی تێـدا شـاردراوەتەوە. دواتـریش دیـسان ئـەوان دەبوایـە هـەموو شـتەکانیان وەك جاری هەوەڵ لێ کردبا".

ئێمـە هـەموو کـارە شەخـسیەکانی خۆمـان چ شـۆردنی جلوبەرگـەکان بـێ، یـان ئامادەکردنی چێشتی گرتووخانە بە وانمان دەدا.

بـەلاییێکی وامـان هێنـابووە سـەریان، کـە هـەر کـاتێ بانگمـان کردبـان، هـەر هەموویان پێکەوە دەیانگوت: "فەرموو گەورەم".

ڕۆژێك کە چێشت لێنان نۆرەی ئێمە بوو، گاردیان بانگی کردین:

- بەند!

- فەرموو گەورەم.

با چەند کەسێك خۆیان بۆ هاتنە دەرەوە ئامادە بکەن.

- بەسەر چاو گەورەم.

لـە راسـتیدا ئێمـەوەك قـەلمان لـێ هـاتبوو. چـون کەسـێك بـانگی قـەل دەکـاتو قـەلیش ئـەو دەنگـە دەردەهـێنێ، خولـو خولولولولـو....، ئێمـەش لـە راسـتیدا وامـان بە سەر هاتبوو.

کاتێك گاردیان هاتەوە بـەر دەرگـا، ئێمـە زۆر کـەسمان لەبـەر دەرگـا چـاوەڕێ بـووین. لەگەڵ کرانەوەی دەرگا ئێمە یەك بەیەك خۆمان دەژماردو دەهاتینە دەرێ.

دوایین کەسیش گوتی:

چواردەو ئاخر کەس گەورەم!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گاردیـان دەرگـای داخـستو ئێمـەش دوو بـەدوو، ریـز راوەسـتاین. گاردیـان مەشـقی نیزامی پـێ کـردینو دواتـریش سـروودی نیزامیمـان خوێنـدەوەو دواتـریش رووومـان کـردە مەتبەخ. کاتێك گەیشتینە ئەوێ چواردە تەلیستی پڕمان دی. گاردیان گوتی:

- بەند راوەستە!

ئێمـەش بـە شـێوەییێکی زۆر رێکوپێـكو بـە شـێوەییێکی نیزامـی راوەسـتاین. دواتـر گوتی:

- بە پەلە هەر کەسێك لەلای تەلیستێك رابوەستێ.

ئێمـەش کـە لـە ترسـی لێـدان فێـری کـاری بـە پەلـە ببـووین، زۆر بـە پەلـە هـەر کەسێکمان لە بەر تەلیستێك راوەستاین.

دواتر گوتی:

- خۆتان بۆ هەڵگرتنی ئامادە بکەن.

- ئێستا هەڵگرن



ئێمەش بارەکەمان هەڵگرت.

- بەنـــد بـــە شـــێوەییێکی نیزامـــی بـــەرەو پێشەوە.

ئیتر بوو بـە تەپـە تـەپو وەڕێ کـەوتین. لە ژێر ئـەو بـارە قورسـەدا دەبوایـە سـروودی نیزامیشمان خوێنـدبا. سـەرەڕای ئـەم رەوشـە گاردیان زۆر بە خۆشحاڵییەوە دەیگوت:

- یەك. ئێمەش دەمانگوت:

- دوو

ئـەو تەلیـستانە پـڕ بـوون لـە فاسـولیاو ئەویش بۆ گاردیانەکان بـوو، نـەك بـۆ ئێمـە.

کاتێك گەیشتین بــە بەنــدی خۆمــان، یــەك بەیــەك ژمــارەی خۆمــان دەگــوتو دەرۆیــشتینە ژووریّ. دوایین کەسیش دەیگوت:

- چواردەو دوایین کەس، گەورەم.

دوای ســـەرژمێریی ئێـــواران، ئەوشـــتانەی کـــە هێنابوومانـــە ژووریّ، دەبوایـــە هـــەر هەموویمان پاكو خاوێن کردبا..

خاوێن کردنی ئەو هــەموو فاسـولیانە ئـەویش تـەنیا بـۆ بەنـدێکی بـچووك تـا بـەیانی کاری دەویستو کەس مــافی ئیــستراحەت کردنــی نــەبوو. لــە راســتیدا ئــەوە کــاری ئێمــە نــەبوو، بــەڵام گاردیانــەکان بــۆ ئەزیــەتو ئــازاری ئێمــەو بــۆ حەســانەوەی خۆیــان ئــەو کارەیان بە ئێمە دابوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی هەشتەم

کەم کەم داواکارییـەکانی گیراوەکـان دەبینـران. ئـەو بـۆ ئێمـە هـەم شـتێکی نـوێ بـوو و هـەروەها دەبـووە هـۆی ئـەوەی کـە ئێمـە شـێوەکانی نـوێ بـۆ لێـدانیان بدۆزینـەوە.



ئەوانەی کـە داواکارییـان هـەبا، لەلایـەن دادگاوە بانگ دەکـران. جـاری وابـوو کـە دە تاکوو بیست کـەس یـان زۆرتـریش بـۆ دادگـا بـانگ دەکـران. بـردنو هێنانیـان زۆریـش ئاسـان نـەبوو. لـەو کاتانـەدا "یوزباشـی" ئێمـەی کـۆ دەکـردەوەو دەیگوت:

- هاوڕێیـان ( لـە کـاتی تەنگانـەدا بـەم شـێوەیە لەگـەڵ ئێمـە قـسەی دەکـرد) لـەمڕۆوە ئێـوە دەبـێ لەسـەر ئـەو کـارە پیرۆزەتـان پێـداگرتر بـن. چـونکە ئێـوە ئەو کەسـانە بـۆ دادگـا دەبـەنو دێننـەوە کە دووژمنـی گەلەکـەمانن. ئێـوە دەبـێ لـەو کاتانـەدا زۆر ئاگاتـان لـە خۆتـان بـێ. چـونکە هاوڕێیـانی گیراوەکـان لـە دەرەوەی گرتووخانـە دەتـوانن پـێش بـە ئێـوە بگـرنو بتـانکوژنو بەندییـەکانیش بـڕفێنن. هـەر بـۆ خۆشـیان دەتـوانن لێتـان بـدەنو خۆیان لە ئوتومبیـل فـڕێ دەنـە خـوارەوەو هـەڵبێن. هـەر بۆیـە ئێـوە دەبـێ زۆر ئاگاتـان لە خۆتانو ئەوان بێ.

کاتێــك کــە کوشــتن یــا لێــدانی ئێمــە لــە گــۆڕێ دابــوو، ئێمــە هــیچ شــتێکمان نەدەناسی. دەمانگوت لـە بـاتی ئـەوەی کـە ئێمـە بکـوژرێن، یـا کەسـانی تـر ئەشـکەنجە بکـرێن. بـەو بیروباوەڕانـە کاتێـك ئـەوانمان دەبـردو دەهێنایـەوە، ئەمـە خـۆی لـە خۆیـدا ئەشـکەنجەیێکی نـوێ بـوو. ئێمـە ڕێگـای چـوونو هـاتنی دادگامـان بـۆ ئـەوان کردبـووە ڕێگــای ئەشــکەنجە. لەبــەر ئــەو ئەشــکەنجانە زۆربــەیان نەیاندەویــست بڕۆنــە دادگــا. مەبەسـتی "یوزباشـی"یەکـەشمان هـەر ئـەوە بـوو. "یوزباشـی" هـیچ ڕێگـاییێکی بـۆ بەندییـەکان نەدەهێـشتەوە. "یـوز باشـی" لـەوە دەترسـا کـە نـەکا کەسـێکیان لـەکاتی دادگـایی کرانیـدا بـێ تـاوان بناسـێنرێت و ئازادبکرێـت. بـە ئـازاد کردنیـان ژمـارەی بەندییــەکان کــەمتر دەبــوو و ئــەوەش خواســتی "یوزباشــی"نــەبوو. زیــاد بــوونی بەندییەکان دەبووە هۆی خۆشحاڵی گشتمان.

هەموو بەیانیان بـەر لـە خـواردنی نـانی بـەیانیان نـاوی ئەوکەسـانەمان دەخوێنـدەوە کـە دەبوایـە بڕۆنـە دادگـا نێویـان دەخوێندرایـەوە بـۆ ئـەوەی کـە دوای خـواردنی نـانی بـەیانی خۆیـان ئامـادە بکـەن. دوای نـان خـواردن ئێمـە "گاردیـان"ەکـان لـە بەنـدەکانی گرتووخانـەدا بلاوەمـان دەکـردو نـاوی ئـەو کەسـانەمان دەخوێنـدەوە کەدەبوایـە بڕۆنـە دادگا. بـەڵام سـەرەتا هـەر کـە دەهاتنـەوە دەرێ بـەبێ ئەملاوئـەولا تێروپـڕ لێمـان دەدان بۆ ئەوەی کە لە کاتی چوونیان بۆ نێو هۆڵی دادگا چاوترسێنیان بکەین.

سەرەڕای ئەوەی کـە هـەم ئێمـەو هـەمیش بـۆ خۆیـان دەیـانزانی کـە نـاتوانن هـیچ شـتێك لەگـەڵ خۆیـان ببەنـە دەرەوە، بـەڵام دیـسانیش هەمیـشە لـە ژێـر چـاوەدێریدا بـوون. چـونکە یوزباشـی زۆر لـە وان دەترسـا، هەمیـشە دەیگـوت: کـە ئەمانـە دەتـوانن بمانکوژنو دواتریش هەڵبێن. ئەو ترسە قەت لێی دوور نەدەکەوتەوە.

دوای ئەوەی کـە کـونترۆڵ کردنـی ئـەوان لەبـەر دەرکـی بەندەکـەیان کۆتـایی پێهـات، هــەر یــەکێك لــە ئێمــە تــا شــوێنی مەبەســت ســواریان دەبــووین. لــەوێ دەبوایــە هــەر هــەموویان ســەریان دابخــەن. هــەر بۆیــە یوزباشــییەکەمان دەیگــوت: هاوڕێیــان ســەرنج



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بدەن. ئەمانە زۆر فرتوفێڵ دەزانـن. هـەر كاتێـك كـە چـاو لـە يـەكترى بكـەن، دەتـوانن بـە چـاو ئيـشارە بـە يـەكترى بـدەن. هـەروەها ئـەوان دەتـوانن پێكـەوە يـەكگرتوو بـن‌و لێتان بدەن، هەر بۆيە دەبێ ئێوە نەهێڵن كە ئەوان چاو لە يەكترى بكەن.

كاتێـك دەسـتمان دەكـرد بـە لێـدانيان، بـە هـيچ شـێوەيێك نەماندەهێـشت سـەريان بـەرز بكەنـەوەو هـەنگاوێك پـێش خۆيـان ببيـنن. ئەگـەر يـەكێك لـەوان بـە هەڵـە نـەيزانيبا‌و سـەرى كـەمێك هـەڵێنابا، بـە بـاتۆم لێمـان دەدا. ئـەوانمان ناچـار دەكـرد كـە سروودى نيزامى بخوێنن‌و لـە هـەر چـوار لاوە دەنگـى ناڵـەيان دەهـات. دواتـريش نـۆرەى سـەرگارديانەكان دەهـات‌و ئـەوانيش بەردەبوونـە گيـانى بەنديـيەكان‌و تێروپڕيـان لـێ دەدان. لە راستيدا هـەر كاتێـك سـەر گارديانـەكان لـەوێ بـان، كـارى لێـدان‌و مـانۆر دان بۆ ئێمە نەدەمايەوە. سەرگارديانەكان بە بەندييەكانيان دەيگوت:

- بـڕوانن! لـە دادگـا چـوون بـۆ ئاودەسـت، لـووت خـاوێن كردنـەوە، داوا كردنـى ئـاو و هەروەها لـە شـوێنێكى تـر ڕوانـين، جگـە لـە وەڵام دانـەوە بـە پرسـيارەكانى لێپرسـێنەر‌و دادوەر، قەدەغەيە، تێگەيشتن؟

هـيچ كەسـێك نـەبوو كـە تێنەگەيـشتبێ، هـەر بۆيـەش گـشت بەنديـيەكان پێكـەوە گوتيان:

- بەسەر چاو گەورەم.

بڕيـارى يوزباشـيەكەمان ئـەوە بـوو كـە گـشت بەنديـيەكان دەبوايـە بـە جلوبـەرگى يەك رەنگ هاتوچۆى دادگـا بكـەن، بـۆ ئـەوەى كـە ئەگـەر هـات‌و كەسـێك راى كـرد، زوو بگيرێـت. هـەر بۆيـەش ئێمـە كەوتبووينـە نێـو ئـەنبارەكان‌و ئـەو جلوبەرگانـەى كـە سـەربازەكان لەبـەريان نـەدەكرد، دەمانهێنانـە خـوارێ‌و بـە بەنديـيەكانمان دەدا. بـۆنێكى ئەوەنـدە پـيس لـەو جلوبەرگانـە دەهـات كـە نەمانـدەتوانى هـەر نزيكيـشيان بـين، زۆربەيان بە بوونى ئەو جلوبەرگانە حاڵيان تێك دەچوو.

ئێمە ئەو جلوبەرگانەمان كۆ دەكردەوەو بەندييەكانيش بە ريز رادەوەستان.



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرگاردیان دەیگوت:

- خۆتان بۆ جلوبەرگ لەبەر کردن ئامادە بکەن!.

لە راســتیدا بیــنیەو بیــستن نــە وەك یەکـە. کاتێـك بەندییــەکان ئــەمریان پــێ دەکـرا، لــە بەرامبــەر جلوبەرگــەکانیان رادەوەســتانو کڕنوشــیان دەبــرد. وەزعیــەتی جلوبــەرگ لەبــەر کــردن بــەم شــێوەیە بــوو کــە ئەگــەر کەســێك دەســتی دابایــە جلوبەرگــەکان، یــان کڕنوشی بۆ نەبردبا، ئەمە ئــیتر دیــار بــوو کــە چــی بــە ســەر دێــنین. دوای ئــەمر پێکــردن ســەرگاردیان ســەری هەڵــدێناو بــە شــێوەییێکی باوەڕبــەخۆ بــوون لــە بەندییــەکان دەڕوانــی



بۆ ئــەوەی کــە بزانــێ ئــاخۆ ئــەوان بــە تــەواوی ئــەمری ئــەویان بــەجێ هێنــاوە یــان نــە.؟ جــاری وابــوو کــە ئــەوان بــۆ مــاوەی دە تــاکوو پــازدە خولــەك رادەوەســتانو چــاوەڕوانی ئەمرێکی دیکەی سەرگاردیان بوون. سەرگاردیان بە دەنگێکی بەرز دەیگوت:

-جلوبەرگەکانتان لەبەر کەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڕیار بە پەلە جێبەجێ دەکراو سەرگاردیانیش درێژەی پێ دەدا:

-دەبـێ تـا ژمـارە سـێ، ئێـوە بـەبێ کـەموکوڕی جلوبەرگـەکانتان لـە بـەر بکـەن. ئـیتر دەستی دەکرد بە ژماردن.

- یەك، دوو، سێ ی یێ یێ.

بەندییـەکان بـەم شـێوەیە جلوبەرگـەکانیان لـە بـەر دەکـردو دواتـریش ئـەمرێکی دیکـەیان پـێ دەکـرا کـە شـێوە راوەسـتانێکی نیزامـی بـوو و ئـەوانیش بـەم شـێویە رادەوەستان. دواتر سەر گاردیان بە دەنگێکی زۆر بەرز دەیگوت:

-خۆتان بۆ زنجیر بەستنەوە ئامادە بکەن.

لەگـەڵ دانـی ئـەو فەرمانـە بەندییـەکان دەسـتیان دەدایـە پـشت خۆیـانو رادەوەسـتان. واتـە بەندییـەکان بـەم شـێوەیە رادەوەسـتان کـە ئێمـە بتـوانین بـە زنجـیری ئەسـتور پێکـەوە بیانبەسـتین. ئێمـە هـەر پـازدە کـەسمان دەکـردە یـەك گـروپو ئـەوانمان پێکـەوە گـرێ دەدا. سـەرەڕای ئەمـە جمۆجۆڵمـان پـێ دەکـردنو سـروودی نیزامیمـان پـێ دەخوێندەوە. لەم کاتانـەدا پێویـست بـوو کـە هـەر یـەکێکیان سـەری لەسـەر شـانو بـاڵی ئەوی تر دابنێ بۆ ئەوەی کـە هـیچ شـوێنێکی تـر نـەبینێ. لـەو کاتانـەدا سـەر هـەڵێنانو لـوت خـاوێن کردنـەوە قەدەغـە بـوو. بـەو شـێوەیە ئـەوانمان دەبـردە لای ئوتومبیلێـك. هەڵبـەت هـەر بـە نێـو ئوتومبیـل بـوو، دەنـا وەك تـابووت دەچـوو. یوزباشـیەکەمان دەیگـوت: ئێمـە نـابێ ئوتـومبیلی نـوێ بـۆ ئـەو ئاژەڵانـەو دوژمنـانی نەتەوەکـەمان بـە کـار بێـنین. ئـەو ئوتومبیلانـە لـە سـەری ئـەوانو باوکیـان زیـادە. لـە پـێش ئـەو ئوتومبیلانەوە تەنیا شـەبەکەیێکی چـوکە هـەبوو. لـەو ئوتومبیلـەدا جێـی پێـنج تـاکوو شەش کەس دەبووە. بەڵام بـۆ ئـەوەی کـە زۆرتـر ئەزیـەتو ئـازار بکێـشن، بیـست تـاکوو سـی کەسـیان سـواری ئـەو ئوتومبیلـە کـۆنو رزیـوە دەکـرد. جـاری وابـوو کـە زیـاتریش سواریان دەکـرد. بـۆ یـەك یـا دوو کـەس نەمانـدەتوانی ئـەو ئوتومبیلـە ئامـادە بکـەین. دەبوا خەڵکێکی زۆرمان سوار کردبا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دواى ئـــەوەى كـــە ئامادەكارييـــەكان تـــەواو دەبـــوون، ئـــەوانمان ســـوارى ئوتومبيـــل دەكـــردو ئێمـــەش شـــەش تـــاكوو حـــەوت گارديـــانيش وەك چـــاوەدێر لـــە گـــەڵيان ســـوار دەبووين، بـــۆ ئـــەوەى كـــە ئـــەوان پێكـــەوە قـــسە نەكـــەن. هـــيچ شـــتێك بـــە يـــەكترى نـــەڵێنو ئاگادارى شتى تـــازە نـــەبن. ئەگـــەر ئێمـــە لەگـــەڵيان ســـوار نـــەباين، ئـــەوان دەيـــانتوانى زۆر شت بە دژى ئێمـــە بـــە يـــەكترى بڵـــێنو دەيـــانتوانى يـــەك بگرنـــەوە. بـــۆ ئـــەوەى لـــە رەوشـــى يـــەكتر ئاگـــادار نەبنـــەوە، ئێمـــە دەكەوتينـــە نێوانيـــانو تـــا لـــەوێ لێمـــان دەدان. ئەگـــەر بـــە هەڵـــەش وشـــەيەكيان بهاتبايـــە ســـەر زار، يـــان مشەمـــشيان كردبـــا، لێمـــان دەدان. هـــەتا خۆ خوراندنيش قەدەغە بوو. چونكە يوزباشيەكەمان بەردەوام دەيگوت:

" ئەو بەندييە كومونيـــستانە ئـــەو بـــێ ديـــنو ئيمانانـــە، ئـــەو كوردچـــيانە كاتێـــك كـــە خۆيـــان دەجـــووڵێنن، يـــان دەخـــورێنن، ئـــەوان دەتـــوانن ئيـــشارە بـــە يـــەكترى بـــدەن"، بۆيـــە ئەوان ئەو شتانەيان لە بەندييەكان قەدەغە كردبوو.

هەر چەندە لەوانمان دەداو بـــە قـــسەى ئێمەشـــيان دەكـــرد، بـــەلآم يوزباشـــى هـــەر لێيـــان دەترسا. من تاكوو ئێستاش هـــۆى ئـــەوەم نـــەزانيوە! ئـــەو كەســـانەى كـــە بـــەردەوام لـــە ژێـــر زوڵمو زۆرى ئێمەدا بوون. ئەوانـــەى كـــە دەســـتو لاقيـــان بەســـترا بـــوو، ديـــسانيش يوزباشـــى لێيان دەترسا. لەو ئوتومبيلانـــەدا كـــە وەك ژورێـــك دەچـــوو و بيـــست تـــاكوو ســـى كەســـيان تێـــدا جـــێ دەبـــوو، لـــەوێش ئێمـــە ســـوارى ســـەريان دەبـــووينو ئەشـــكەنجەمان دەكـــردن. بـــە پێى قـــسەى يوزباشـــى "ئێمـــە هـــەر چـــەندە لـــەوانمان دەدا، ئەوەنـــدەش ئێمـــە بـــە ولآتپـــاريز دەناســـراين". لـــەو ئوتومبيلـــەدا كـــە تـــەنيا پەنجـــەرەيێكى هـــەبوو، ئـــەويش لەلايـــەن ئێمـــەوە دەبەســـترايەوە. ئێمـــە لـــەوێ ســـواريان دەبـــووينو جگـــەرەيێكمان لـــەنێو زارمـــان دادەناو ئيتر فشەمان بە وان دەكرد. ئێمە بانگى يەكترمان دەكرد:

- مـــن ئێـــستا لـــە قـــاتى دووهـــەم دام، بـــۆ ئـــەتۆش ســـەر ناكـــەوىو نـــابى بـــە ميـــوانم. يەكێكى تريش بەسەر سەرى بەندييەكاندا هاوارى دەكرد:



كتێبخانەى ديجيتاڵى
www.rabari.org

- ئەمــە کێیــە کــە هەناســە هــەڵ دەکێــشێ، ئێمــە دەزانــین کــە ئەمانــە هــەمووی ئیشارەتن. لە کـاتی وادا ئـەوانمان دەبـردەوە بـۆ هـۆڵی دادگـا، لـەوێ زنجیرەکـانی ئـەوانمان دەکردەوەو ئەوانمان دادەنیـشاند، ئـەویش نـەك لەبـەر خۆیـان، بـەڵکوو ئەمـە ئـەمر بـوو. کاتێــك کــە ئــەوان دادەنیــشتن زۆر بــە رقو کینــەوە چــاومان لــێ دەکــردن. چــۆن دوژمنەکـەمان لەبـەر چـاوی ئێمـە ئاسـودە دابنیـشێو کارمـان پـێ نـەبێ؟. هـەر بۆیـە کاتێـك کـە ئـەوانمان دادەنیـشاند، سـەری ئـەوانمان نـەوی دەکـردەوە، بـۆ ئـەوەی کـە دەوروبەری خۆیان نەبینن. لـە سـەر دیـوار لـە بـان سـەریان نووسـرابوو" عەداڵـەت...". بەڵام لە راستیدا کام عەداڵـەت؟. ئەوانـەی کـە گوێیـان لـەو بڕیارانـە دەگـرت، بـۆ خۆیـان دەیـانزانی کــە توشــی چ ســزاییێك دەبــن. ئەگــەر نێــوی کەســێك لەلایــەن دادگــاوە بخوێندرایەتەوە پێویست بوو کە بە دەنگێکی زۆر بەرز بڵێ:

-فەرموو گەورەم.

زۆر جــار دادوەر بــە " فــەرموو گــەورەم" زۆر تــوورە دەبــوو، بــەڵام ئــەو بڕیــارە لەلایەن یوزباشیەوە درابوو و کەس نەیدەتوانی بیگۆڕێ.

کاتێك بڕیاری ئیستراحەت دەدرا، زۆر جاران بەندییەکان دەیانگوت:

-گـەورەم زۆرم میــز دێ. مــن ئێــستا میــز بــە خۆمــا دەکــەم. ئینـسافتان هــەبێ... .

جارێ قسەکانیان تەواو نەدەبوو کە بەم شێوەیە گوێیان لە وەڵامی گاردیان دەبوو:

- میز بە خۆتا بکە. با ئێوە باش بزانن کە هەموو شتێك قەدەغەیە.

ئەگەر لـە ناویانـدا کەسـی وا هـەبا کـە سـەرباز یـان پولیـسی کوشـتبێ، ئـیتر دیـار بـوو کـە سـزاکەی چ دەبـێ. نـە تـەنیا ئەمـە، بـەڵکو ئەگـەر بـە سـەرۆکایەتی کردنـی گروپێك تاوانبار کرابا، تا گرتووخانـە لێمـان دەدا، تـا ئەوکاتـەی کـە بـێ گیـان دەکەوتـە سـەر ئـەرز، ئـیتر فرێمـان دەدایـە نێـو بەنـدی گرتووخانـە. ئێمـە لـە بەیانیـەوە تـا دوای نیـوەڕۆ و جـاری واش تـاکوو ئێـوارە، لـە هـۆڵی دادگـادا برسـی، تینـوو و بـێ جگـەرە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەماینـەوە. هـەموو شـتێك تەحـەمول دەكـرا بـەڵام نەچـوون بـۆ ئاودەسـت زۆر زەحمـەت بوو. جاری وا بوو كە ئێمـە خۆمـان پـیس دەكـرد، ئـی واش هـەبوو كـە خـۆی رادەگـرت. بـەڵام ئەگـەر كەسـێك زگ ئێـشەی هـەبا، وەزعـی زۆر شـەپرز دەبـوو. ئەمانـەش لـەكاتی گەڕانـەوەدا لێـدانێكی چـاكیان دەخـواردو بـە خۆیانـدا دەكـرد. كاتێـك دەگەیـشتینە بەندی خۆمـان بـە پەلـە چـوار پێـنج كـەس پێكـەوە دەڕۆیـشتینە ئاودەسـت. جـاری واش وابوو كە ئێمە شـتی پێكـەنینیمان لەسـەر ئـەو وەزعیەتـە سـاز دەكـرد، جـاری واش بـوو كـە فـشەمان بـە یـەكتری دەكـردو نـاوی ئـەو وەزعیەتـەمان دانـابوو، ئاودەسـتی چـوار قۆڵی.





" گەڕانـەوە بـۆ نێـو گرتووخـانە بـۆ بەندییـەكان بـە واتـای مـردنو بـۆ گاردیانـەكانیش شـایێكی نـوێ بـوو. لـەنێو ئـەو ئوتومبیلـەدا جـێ كردنـی بیست تاكوو سی كـەس بـۆ خـۆی ئەشـكەنجەیێك بـوو. ئەمانـە بـۆ ئـەوەی كـە جێگایـان لـەنێو ئوتومبیلـدا ببێتـەوە، زۆر نزیكـی یـەكتری دەبوونـەوەو بـە یەكترییـەوە دەنووسـان، ئێمە بۆ ئەوەی كە بێ حورمەتیان پێ بكەین، دەمانگوت:

- بڕوانن! ئەمانە خـەریكی چـین. دیـارە ئەمانـە كومونیـستن‌و لـە نێویانـدا هـەموو شـتێ ئازادە. بەو شـێوەیە دەمانهەویـست بـە تـەواوەتی بیانخەینـە ژێـر گوشـار، بـۆ ئـەوەی كـە لـە كردەوەكانیـان پەشـیمان ببنـەوەو هاوڕێیـانی خۆیـان ئاشـكرا بكـەن. هـەر بۆیـەش

يوزباشــيەكەمان هــەموو كاتێــك دەيگــوت: " پێويــستە كــە ئــيتر ئێــوە ئــەو كەســانە ئەشــكەنجە نەكــەن كــە لــە كارەكانيــان پەشــيمان دەبنــەوەو هاوڕێيــانى خۆشــيان ئاشــكرا دەكەن. ئەمانە دەبن بە وڵاتپارێزى تورك".

ئەوانــەى كــە لــە دادگــا پەشــيمانيى خۆيانيــان رادەگەيانــد، بــە ئوتــومبيلى تايبــەتو بــە شــێوەيێكى زۆر راحــەت هاتوچــۆيان دەكــرد. ئێمــە روومــان دەكــردە بەندييەكانى ديكەشو بە وانمان دەگوت:

-بەندييــەكان! ئەگــەر ئێــوەش ئــەقڵتان هــەبێو بــە قــسەمان بكــەن، ئێــوەش دەتــوانن وا بە راحەتى هاتوچۆ بكەن.

ئــيتر بــۆ خۆتــان دەزانــن. لــەكاتى ئيــستراحەتدا كــە دادوەر رايدەگەيانــد، ئێمــە بــۆ ئەوەى كــە بەندييــەكان تــووڕە بكــەين، دەكەوتينــە نێويــانو تێروپــڕ پێيــان پــێ دەكــەنينو فشەمان بە وان دەكردو دەمانگوت:

- كەسى وا هەيە كە بڕواتە ئاودەست؟ هەر كەسێك هەيە با هەستێتە سەر پێ.

بــەو قــسەيە بزەيێكيــان دەهاتــەوە ســەر لێــو و پێيــان وابــوو كــە دەتــوانن بڕۆنــە ئاودەســت. هــەر بۆيــە چــەند كەســێكيان هەڵدەســتانە ســەرپێو چــاوەڕان رادەوەســتان. ئێمەش ئەوانمان لــەوانى تــر جيــا دەكــردەوەو دەمــانبردن بــۆ هــۆڵێكى تــر و لــەوێ پێمــان دەگوتن:

- دەتانەوێ بڕۆنە ئاودەست؟. ئەوانيش پێكەوە دەيانگوت:

-بەڵێ گەورەم.

- ئاخۆ سەربازەكان دەڕۆنە ئاودەست؟.

- بەندييەكان لە مەبەستى ئێمە تێگەيشتن، هەر بۆيە دەيانگوت:

- نە گەورەم.

- زۆر چاكە، ئێوە بۆ دەتانەوێ بڕۆنە ئاودەست.

- ئێمە هەڵە بووين گەورەم.

ئیتر هەر لەوێ ئەوان لێدانێکی چاکیان دەخواردو دواتر دەمانهێنانەوە بۆ شوێنی خۆیان. لەوێ ئەو بەندییانەی کە لە روانگەی ئێمەوە نیشتمانپەروەرو لە




روانگەی بەندییەکانەوە خۆفرۆش بوون وەزعیان باشتر بوو، چونکە ئێمە بۆ ئەوەی کە بتوانین بەندییەکانی دیکەش ناچار بە هاوکاری لەگەڵ خۆمان بکەین، ئەوانمان دەبرد بۆ هۆڵی دادگاو لەوێ نانو چاو جگەرەمان پێ دەدانو دەمانهێنانە ژورێ. ئیتر ئەوانیش بە ڕوویێکی خۆشو بە پێکەنینەوە دەهاتنەوە ژورێ. یوزباشی بەم شێوەیە دەیهەویست بەندییەکانی ناچار بە هاوکاری لەگەڵ خۆی بکات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی نۆهەم

بەندییـــەکانی گرتووخانـــەی بـــەناوبانگی دیاربـــەکر قـــەت تێـــر تێـــر ئاویـــان نەدەخواردەوە. ئێمە هەر بە ئەنقەست ئاومـان پـێ نـەدەدان. چـونکە ئەگـەر ئاومـان پـێ دابـان ئـەوانیش شـوێنی خۆیانیـان پـێ پـاك دەکـردەوە. پاكوخـاوێنی بـۆ ئـەوان دەرمانێکی نەدیتراو بوو. بـۆ ئـەوەی کـە ئـەوان هـەموو کاتێـك پـیسو پۆخڵـە بمێننـەوە، ئاومان پێ نەددان. ئێمە دەمانهەویـست ئـەوان هـەموو کاتێـك تینـوو بـن بـۆ ئـەوەی کـە بتـــوانین کـــەڵکی پێویـستیان لـێ وەرگـرین. ئێمـــە دەمـــانزانی تینوویـەتی لـە برسـیەتی زەحمـەتترە. ئیمـە ئـەو شتانە لـە یوزباشـیەوە فێـر ببووین.



جـاری وابـوو کـە تـا ئێواریٚ چـوار پێـنج دەبـەی ئاومـان پـێ دەدان، دەمـانزانی کـە تـا ئێـوارێ نـاتوانن تـەواوی بکـەن. ئاومـان دوای خـواردن بـە وان دەدا. دواتـریش چـاوەدێریی تـەواوی هاتوچـۆکانمان دەکـرد تـاکوو کاتژمێر دەبووە هەڤدە یان هـەژدە. بڕیـار وابـوو کـە ئـەوان کاتـژمێر نـۆزدە ئـیتر بخـەون. لـە راسـتیدا ئـەو ئـاوەی کـە پێمـان دەدان تـاکوو بـەیانی وەك خـۆی دەمایـەوە. بەرەبەیانیش بانگی بەندییەکانمان دەکردنو پێمان دەگوت:

- بەند!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- فەرموو گەورەم.

- ئێـوە چـەندە ئاوتـان هەيـە؟ لەگـەڵ پێـنج كـەس ئـەو ئـاوەی بێننـە دەرێ. دەمانـەوێ ئەو هۆڵە پيسەی پێ بشۆين.

- بەسەرچاو گەورەم.

بەندی هەرە چوكە چل تـاكوو پـەنجا كەسـی تێـدا دەژيـان. ئـەو كەسـانە رۆژانـە نيـو پەرداخ يان يەك پەرداخ ئاويان دەخوارد. ئەوە بڕياری يوزباشی بوو.

پێنج كەس بە دەبـەی پـڕ لـە ئـاو خۆيانيـان ئامـادە دەكـرد بـۆ ئـەوەی كـە هۆڵەكـە بشۆنەوە، كە ئەمەش خۆی لە خۆيدا ئەشـكەنجە بـوو. بـا ئێـستا ئـەوەتان بـۆ بـاس بكـەم كە چۆن هۆڵەكەمان بە وان دەشوشتەوە:

كاتێـك كـە دەرگامـان دەكـردەوە ئـەوان يـەك بەيـەك ژمـارەی خۆيانيـان دەگـوتو دەهاتنـەوە دەرێ. دوايـين كـەس وەك هـەموو كاتێـك دەيگـوت پێـنجو دوايـين كـەس. دواتر لە هۆڵەكەدا بە ريز رادەوەستانو چاوڕوانی بڕياری ئێمە دەمانەوە.

- شتەكانتان هەڵگرن.

بـە يـەك دەنـگو لـە يـەك كاتـدا هـەر هـەموويان شـتەكانيان هەڵدەگرتـەوەو دەيانگوت:

- بەسەر چاو گەورەم.

لـە راسـتيدا مەبەسـتی ئێمـە شوشـتنی هۆڵەكـە نـەبوو، بـەڵكوو دەمانهەويـست كـاتی بێكاريمـان بـەوان پـڕ كەينـەوەو هـەروەها دەمانهەويـست ئاوەكـەيان تـەواو بـێو فشەيان پێ بكەين. كاتێك شتەكانيان هەڵدەگرت پێمان دەگوت:

- خۆتان بۆ شۆردنەوەی هۆڵەكە ئامادە بكەن.

ئەوانـەی كـە "تـێ"ی موورزاييـك شوشـتنيان لـە دەسـتدا بـوو، سـەری تێيـەكانيان دەگەياندە ئەرزو ئەوانـەی كـە دەبـەيان بـە دەسـتەوە بـوو خۆيانيـان نـەوی دەكـرد، بـەڵام

نەدەبا دڵۆپێـك ئـاويش ڕژابـا. ئێمـە خـوا خوامـان بـوو كـە هەڵـەيێكيان لـێ ڕوو بـدات. دواتر دەمانگوت:

- دەست بە شـۆردنەوە بكـەن. تـا ژمـارە سـێ ئێـوە دەبـێ ئـەو هۆڵـە بـشۆنەوە. ئـيتر دەستمان بە ژماردن دەكرد:

- يەك، دوو، سێ.

هـەم ئێمـەو هـەميش ئـەوان دەمـانزانى كـە ئـەو هۆڵـە پـەنجا ميترييـە لـەو كاتـە ديـاريكراوەدا ناشـۆردرێ. بـەڵام هـەر ديـسانيش زۆر بـە پەلـە دەسـتيان بـە شـۆردنەوە دەكـردەوە. ئـەوان تـەنيا دەيـانتوانى دەرمـانى خـاوێن كردنـەوە لـە سـەر ئـەرز داكـەنو ئاوەكەشيان لـەوێ برێـژن. دەنـا كـارى ديكـەيان پـێ نـەدەكرا. ئێمـەش دەسـتمان دەكـرد بە پرتەو بۆڵەو بە سەرياندا دەمانگوڕاندو پێمان دەگوت:

- لەسەر ئەرز ڕاكێشن!

دواى ئـــەو فەرمانـــە هـــەر هـــەموويان لەســـەر ئـــەرز ڕادەكێـــشانو چـــاوەڕوانى بڕيارێكى تر دەمانەوە. دەمانگوت:

- بشۆنەوە.

ئـيتر ئـەوان بـۆ خۆيـان دەيـانزانى كـە چـۆن ئـەو هۆڵـە بـشۆنەوە. ئـەوان هـەر بـە ڕاكـشاوى لـەنێو ئـەو ئـاو و شـڵپاوەدا ئەوەنـدە خۆيانيـان دەجووڵانـدەوە كـە هۆڵەكـەيان وشك دەكردەوەو دواتريش دەيانگوت:

- بڕيارەكەت جێبەجێ بوو.

- بەڵام ئێمە لێيان تـووڕە دەبـووينو پێمـان دەگـوتن: ئێـوە چـاك خاوێنتـان نەكردۆتـەوە. بۆيـە سـزاكەتان زۆر قورسـتر بۆتـەوە. خۆتـان بـۆ لێـدان ئامـادە بكـەن. ئـيتر بەردەبوونـە گيـانى بەندييـەكانو تـا هێزيـان هـەبا لێيـان دەدان. بـەم شـێوەيە هـەم دەبـەكانى ئـاو بەتاڵ دەبوونەوەو هەم گاردديانەكانيش كارى خۆيانيان دەكرد.



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی دەیەم

بۆ ئەوەی کە ئێمــە شــکڵو شــێوەی نــوێ بــۆ ئەشــکەنجەدان ببینینــەوە، لەگــەڵ یــەکتر کەوتبووینــە رکەبەرایــەتی. ئێمــە لــەکاتی خەویــشدا بیرمــان لــەو شــتانە دەکــردەوە، هــەر بۆیــە دایــكو باوکیــشمان لــە بــیر کردبــوو. ئێمــە زۆر راحــەت هــەموو رۆژێ شــێوەیێکی لێــدانمان دەدۆزییــەوە. ئــەو شــێوە ئەشــکەنجانە تــەنیا چــەند رۆژێــك کاریگــەری خۆیــان هەبوو، دواتر بەندییــەکان خوویــان پــێ دەگــرتو ئێمــەش هــەوڵمان بــۆ دۆزینــەوەی شــێوە ئەشکەنجەیێکی تر دەدا، ئەوە بوو کە ئێمە بە بەندییەکانمان راگەیاند:

- گــوێ رادێــرن. لـــە ئێمـــرۆوە ئاخـــافتنی دوو بـــەدوو لـــەنێو بەنـــدی گرتووخانـــەدا قەدەغەیــە، ئــیتر بــۆ خۆتــان چــاك دەزانــن کــە ئەگــەر لــەو بڕیــارە دەربــچن، لەگــەڵ چ سزاییێك بەرەوڕوو دەبنەوە.

دوای ئەو بڕیــارە بــەبێ ئــەوەی کــە ئــەوان ئاگایــان لــە ئێمــە بــێ، لــە رێگــای ئــەو شــەبەکانەی کــە لــە دیــواردا جێمــان کردبوونــەوە چــاوەدێریمان دەکــردن. ئــیتر کاتێــك دوو کــەسمان دەدیــت کــە پێکــەوە قــسە دەکــەن، زوو دەرگامــان دەکــردەوەو دەچــووینە ژۆرێ. دەمانگوت ئەوانەی کــە پێکــەوە قــسەیان کــردوە بــا بێنــە دەرەوە. ئــیتر ئــەوان دەیــانزانی ئەگەر بۆخۆیان نەیەنە دەرێ، هەر هەموشیان ئەشکەنجە دەکرێن.

هەر بۆیە ئەوانــەی کــە پێکــەوە قــسەیان کردبــوو، بــۆ خۆیــان هەڵدەســتانو دەهــاتن. ئەگــەریش بــۆ خۆیــان نەهاتبانــە دەرێ، ئێمــە دوای لێــدانی گــشت بەندییــەکان، ئەوانــەی کــە پێکــەوە قــسەیان کردبــوو دەمــانبردن بــۆ ئەشــکەنجەگاو بــۆ مــاوەی چــەند رۆژ لــەوێ رامانــدەگرتن. زۆر کەســیش ئــیتر قــەت نەدەگەڕانــەوە بــۆ بەنــدەکانیان. هــەر بۆیــە زۆر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆراگرییـــان نـــەدەکردو زوو خۆیانیـــان ئاشـــکرا دەکـــرد. جـــاری وابـــوو کـــە ئـــەوانمان دەهێنایە دەرێو بانگی سەرگاردیانەکانیشمان دەکرد. ئیتر بە بەندییەکانمان دەگوت:

- زوو بڵێن. ئێوە چ پیلانێکتان بۆ هەڵاتنو بۆ راپەڕین دادەڕشت؟

هەڵبـەت بـۆ خۆمـان دەمـانزانی کـە هـیچ کەسـێك توانـای هـەڵاتنی نیـە. چـونکە ئەو گرتووخانەیـە بـە شـێوەییێك سـازکرابوو کـە هـیچ کەسـێك نەیـدەتوانی هـەڵێ. ئێمـە تـەنیا بیانوومـان پـێ دەگـرتن. جـاری وابـوو ئـیتر هاوڕێیـەکی ئێمـە دەهاتـە نێـو قـسەکانی ئێمـەو دەیگـوت: زوو بڵـێن، دەنـا دەتانخەینـە نێـو پارچـەییێکی سـپیو بـۆ ماڵـەکانتان بـەرێ دەکەینـەوە. کـەس گـوێ بیـستی قـسەی بەندییـەکان نـەبوو. ئێمـە باوەڕمان بە هـیچ قـسەییێکی ئـەوان نـەدەکرد. جـاری وابـوو کـە بـە یـەکێکمان دەگـوت: " کوڕە! چت گوت، ئەگـەر پـێم نـەڵێی، مـن دەزانم چـت بەسـەر دێـنم". بـەو قـسانە زۆر کەسی ترسنۆك دەکەوتنـە داوی ئێمـەو دەبـوون بـە پیـاوی ئێمـە. لـە ژێـر سـایەی سـەری ئەو کەسانەدا ئێمە ئاگاداری ئەو قسانە دەبووین کە لە نێو بەندا دەکران.

جـاری وابـوو کـە نەمانـدەتوانی کونترۆڵیـان بکـەین. هـەر بۆیـە ناچـار دەبـووین کـە لـە کـونی شـەبەکەکانی دیـوارەوە چـاوەدێرییان بـە سـەردا بکـەین. ئەمـەش کـارێکی هاسـان نـەبوو. هـەر بۆیـە ئێمـە بـۆ راحـەتیی خۆمـان، دوای خـواردنی نـانی بـەیانیو سـەرژمێریی گـشتی، گـشت بەندییەکـەمان دەهێنایـە دەرێو لـەوێ سـروودی نیزامیمـان بـەوان دەخوێنـدەوە. بـەڵام پێویـست بـوو ئەوانـەی کـە لـە نێـو بەنـدان، بـە شـێوەییێکی نیزامـی راوەسـتنو تـا نیـوەرۆ ئـەو کتێبـەی کـە لـە ١٠٢ لاپـەڕە پێـك هـاتبوو و نێـوی کتێبەکـەش "ئاتـاتورك ئیلـك و ئیـنقلابلاری" بـوو، هـەر هـەمووی بخوێننـەوە، یـان دەبـێ لـە جێگـای خۆیانـدا راوەسـتنو سـروودی نیزامـی بخوێننـەوە. بـەڵام بـەم شـێوەیە پێوەنـدیی نێـو ئـەوانمان دەگەیانـدە نـزمترین ئاسـتی خـۆی. لـەم کاتانـەدا رۆیـشتن بـۆ ئاودەستو خواردنی ئاو، بە پێی بڕیاری بەرپرسەکەیان بوو.




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆینـدنی ئـەو کتێبـە بـەم شـێوەیە بـوو کـە یـەکێك لـە بەندییـەکان دەهاتـە نێـوان ئەوانیترو لەسەر پـێ بـە شـێوەی نیزامـی رادەوەسـتاو تـا کـاتی نیـوەڕۆ بـە دەنگێکـی بەرز دەیخوێندەوە. بەر لەوەی کە ئێمـە نـانی نیوەڕۆیـان پـێ بـدەین یـەك بـە یـەك دەنگـی هەر هـەموویانمان کـونترۆڵ دەکـرد. ئەگـەر کەسـێك دەنگـی نەنووسـابا، ئـیتر بـو خۆمـان دەمانزانی کەچی بە سـەر دێـنین. ئەوانـەش کـە دەنگیـان دەنووسـا، وەزعیـان زۆر خـراپتر دەبوو و گەروویان دەدڕا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی یازدەهەم



رۆژ بــە رۆژ شــێوەو مێتۆدەکــانی ئەشــکەنجە زیاتر دەبــوون. ئــەوان نەیانــدەزانی کــە چییان بــە ســەر دێ، هەر بۆیــە نەیانــدەتوانی خۆیــان لــە بەرامبــەر ئــەو هــەموو ئەشــکەنجانەدا راگــرن. بــەڵام ناچــار بــوون کــە هــەر ئەشــکەنجەییێك قبــووڵ بکــەن. ئێمــە ئــیتر بــەو هــەموو ئەشــکەنجانە مانــدوو ببــووین‌و هاتبووینــە ســەر ئەو باوەڕەی کە بەندییەکان بە زۆری تەسلیم نابن.

تــەنیا شــتێك کــە لــە دەســتی ئێمــەدا بــوو، ئــەوە بوو کە ئێمــە بتــوانین لــەنێو ئەوانــدا جاســووس دابنــێین، بــۆ ئــەوەی کــە ئەوانــەی بــە دژی رەوشــی گرتووخانــە قســە دەکــەن‌و ورە بــە بەندییــەکان دەبەخــشن، بیانناســین. بۆیــە جگــە لــە هێنــدێك کــاتی پێویــست نــەبێ، لێــدانمان بــۆ ماوەییێــك راگــرت. تــەنیا جاروبــار لــە هێنــدێك کــەسمان دەدا بــۆ ئــەوەی کــە لــە رادەی جەســارەت‌و خۆراگرییــان ئاگــاداربین‌و دواتــریش بیانکەینــە جاسووســی خۆمــان لــەنێو بەندییەکاندا.

ئــیتر بــەم شــێوەیە ئەوانــەی کــە بــە دژی ئێمــە قــسەیان کردبــوو، دەمانهێنانــە دەرەوەو ئەشکەنجەمان دەکردن‌و پێمان دەگوتن:

- بڕوانــە کــوڕم! دەرکــەوتن یــان مانــەوەی تــۆ لــە دەســتی "یوزباشــی"دایــە، ئەگــەر داواکانی ئێمە بــەجێ بگەیــەنی، ئــەوکات دەتــوانی مــاوەییێکی کــورت ئــازاد بــی. تــاوانی

تۆ هەرچی بێت، چارەنووسی تۆ لەدەسـت "یوزباشـی"دایـە. ئەگـەر ئێمـە پێـی بڵـێین کـە تۆ هاوکاریمان دەکەی، لـە ئێمـڕۆوە لێـدان نـاخۆی. کارەکـەت تـەنیا لـەنێو بەنـددا دەبـێ. دەبێ لەنێو بەنـدی گرتووخانـەدا ئاگـات لـە وان بـێ، بـۆ ئـەوەی بزانـی کـە چـی دەڵـێن. ئەگـەر هێنـدێکیان بـە دژی ئێمـە قـسە بکـەن دەتـوانی بەدزییـەوە نێوەکانیـان بـە ئێمـە بدەی. نابێ بەندییەکان لـەو شـتە ئاگـادار بـن. ئێمـە هـەوڵی خۆمـان دەدەیـن کـە کـەس ئاگاداری رەوشی تۆ نـەبێ. دوو رۆژ جارێـك بانگـت دەکـەین بـۆ ئـەوەی کـە ئـەو شـتانەی لـە بەنـدی گرتووخانـەدا رووی دەدەن، پێمـان بڵێـی. دواتـریش کـە دەرۆی بـۆ بەنـدی گرتووخانە دەبێ خـۆت وا نیـشان بـدەی کـە لێـدانێکی زۆرت خـواردوەو پێیـان بڵێـی کـە گاردیان بـۆ لێـدان، منـی بـانگ کردبـوو. بـەم شـێوەیە هـەم لـە لێـدان رزگـارت دەبـێو هەمیش لە گرتووخانە رزگـارت دەبـێ. بـەڵام ئەگـەر راسـتییەکانمان پـێ نـەڵێی بـۆ خـۆت دەزانی کە چت بەسـەر دێـنین. بـەم شـێوەیە هێنـدێك کـەسمان بـۆ لای خۆمـان رادەکێـشا، بـەڵام لـە راسـتیدا ئەوانـەی کـە بـۆ ئێمـە زۆر پێویـست بـوون، ئـەوان لـەژێر لێـدانو ئەشکەنجەشـدا حـازر نـەدەبوون کـە هـیچ شـتێکمان پـێ بڵـێن. ئەوانـەی کـە حـازر بـوون هاوکاریمان بکـەن، لـە کومونیـستەکانو لـە کوردەکـان نـەبوون. هـی وا هـەبوون کـە دژی کومونیستەکانو کوردەکان بوون. کاتێـك ئەمانـە دیویـان کـە ئێمـە دەبـین بـە خاوەنیـانو خۆمـان لـەوان نزیـك دەکەینـەوە، زۆربـەیان هـەر بـۆ خۆیـان هـاتنو گوتیـان: "ئێمـە دەمانەوێ بە هـەموو شـێوەیێك هاوکاریتـان بکـەین." ئێمـە گوێمـان بـەو کەسـانە دەدا، بەڵام کاتێك کاری "یوزباشی" تەواو دەبوو، ئیتر گوێی پێیان نەدەدا.

ئەوانـەی کـە دەبـوون بـە سـیخوڕ، زۆر زوو لـە نێـو بەندییەکانـدا ئاشـکرا دەبـوون، نەماندەزانی کە هۆیەکەی چـیە؟ ئێمـە وا تێگەیـشتین کـە مـرۆڤ نـاتوانێ لـەنێو کەسـانی زانـادا بـۆ مـاوەیێکی زۆر، کـاری سـیخوڕی بکـات. بـەڵام بەندییـەکان نەیانـدەتوانی دژی ئەو سیخۆڕانە رابوەستن، چونکە دەیانزانی کە ئەوان لە لایەن ئێمەوە دەپارێزرێن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تــا ئەوکاتــەی کــە مــن لــەو گرتووخانەیــەدا "گاردیــان" بــووم، ڕۆژێــك لــە ڕۆژان نەمدی کە ئەمانە تێر نانو ئاو بخۆنــەوە، جگــە لەوانــەی کــە کــاری ســیخوڕییان بــۆ ئێمــە دەکرد. ئەوانیتــر هــەر هــەموویان برســیو تینــوو بــوون، بــەڵام ئەوانــەی کــە هاوکــاریی ئێمــەیان دەکــرد ڕەوشــیان زۆر باشــترو ئەوانــەش کــە خۆڕاگرییــان دەکــرد، ڕەوشــی ئــەوان زۆر خــراپ بــوو. جگــە لەمانــە ئــەوانیتــر هــەر هــەموویان لــە ڕەوشــێکی وەك یەکــدا بوون. ســەر شۆشــتنو جلوبــەرگ شۆشــتن هــەر لــەبیریان نــەمابوو، ئــەو حەمامــەی کــە بــۆ ئەوان ساز کرابوو، کردبوومانە جێگای ئەشکەنجە.

بەڵام ئەوکاتانەی کە هەیئــەتێك لــە ئورووپــا یــان پــارێزەرانی مــافی مــرۆڤ ســەردانی گرتووخانــەیان کردبــا، ئــەوکات هــەم دەرگــای حــەمام دەکرایــەوەو هــەم خــواردنێکی خــۆش دروســت دەکــرا. ئەویش تەنیا بۆ ڕۆژێــك بــوو، بــۆ ئــەوەی کە ئەوانەی لە ئورووپاوە دەهاتن



ڕەوشــی بەندیخانــە بــاش ببینــن، بــەڵام دواتــر کــە هەیئەتــەکان دەڕۆیــشتنەوە، تۆڵــەی ئــەو خواردنــە خۆشەمان لێ دەکردن.

ئێــستاش دەمهــەوێ لەســەر ئــەو وەزعییەتــەی ئــەوکات هێنــدێك نموونــەتان بــۆ بهێنمــەوە. کاتێــك لــە ڕاگەیەنــەکانی تورکیــەدا لەســەر بەندیخانــەی دیاربــەکر بــە شــێوەیێکی خــراپ پروپاگەنــدە دەکــرا، ئــیتر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


"یوزباشـــی"یەکـــەمان بـــۆ ئـــەوەی کـــە ئـــەو هەواڵانـــەی لـــە مـــەڕ ئەشـــکەنجەکردنی بەندییـــەکان بـــڵاو دەبنـــەوە بـــە پڕوپاگەنـــدەی نادروســـتو چەواشـــەکارانە بزانـــێ، هەواڵنێرانی بانگ دەکردە نێـو گرتووخانـەو ئـەو فیلمانـەی کـە بـە قـازانجی ئێمـە بـوون، بـۆ بـڵاو کردنـەوە پێیـانی دەدا. ئـەو رۆژەی کـە هـەواڵنێران هاتبـان، ئێمـە حـەمامان هەڵدەکردو بـۆ خۆشوشـتنەوە ئامـادە دەبـوو. دەتگـوت کـە ئـەو حەمامـە قـەت جێگـای ئەشـکەنجە نـەبووە. بەندییـەکان بـە ریـز رادەوەسـتان، جلوبەرگـەکانیان دەردەهێنـاو هـەر کامیـان قاپێـكو خاولییێکیـان هەڵـدەگرتو بـە نێـو هـۆڵێکی گـەورەدا دەمـانبردن بـۆ حـەمام، رایانـە تلویزیونـەکانیش فیلمیـان لـێ هەڵـدەگرت. کاتێـك فـیلم هـەڵگرەکان دەڕۆیـشتنە شـوێنێکی تـر، دەسـتمان دەکـرد بـە ژمـاردن: یـەك...دوو....سـێ... هـیچ کەس نەیدەتوانی بە سـێ ژمـارە خـۆی بـشوات. ئێمـەش هـەر شـتێکی وامـان دەویـست. بـەم شـێوەیە ئێمـە رووی خۆمـان لـە بەرامبـەر راگەیاندنـەکانی تورکیـەو هـەمیش لـە بەرامبەر نێردراوی گشتی سپی دەکردەوە (!)....



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی دوازدەهەم

لــە ڕۆژەکــانی جێــژنی نەتــەوەیی ئێمــەی تورکــدا، بــەڵای ســەیرو ســەمەرەمان دەهێنایــە ســەری بەندییــەکان. یــەکێك لـــەو ڕۆژانـــە، ڕۆژی ١٢ی ســـپتامبر بوو. ئەو ڕۆژە دەبـوو بـە ڕۆژی لێـدانو ئەشـــکەنجە کردنـــی بەندییـــەکان بـــە گشتی. ئێمە لـەم ڕۆژەدا شـێوەی نـوێ بــۆ ئەشــکەنجە کردنمــان دەدووزییــەوە. پێویـــست بـــوو ئێمـــە لـــەو ڕۆژەدا هێنــــدێك کــەس ســـەقەت بکـــەین. جـــاری وا بـــوو کـــە بـــۆ ئـــەو ڕۆژە قوربانیمـــان دەدا. کاتێـــك بـــەیانی دەهـــاتو ئێمـــە نیـــوە پیالەیـــەك چـــاو نیـوە قاپێـك شـۆرباومان بـە وان دەدا، پێمان دەگوتن:



Hevalno weke hûn dizanin, îro roja 12 îlonê ye.

ئێمــرۆ ١٢ ســپتامبرە، پێویــستە کە هێنـدێك لـە ئێـوە لـە نێـو دوو مـیتر پارچـەی سـپیدا بـۆ ماڵـەکانتان بـەڕێ بکـرێن. مانای ئەو قسەیە ئەمە بوو کە دەبوایـە هێنـدێك کـەس بکوژرابـان. ئێمـە لـە خـۆڕا ئـەو قـسانەمان نـەدەکردن، بـەڵکوو لـە کۆبوونـەوەی بەیانیـدا یوزباشـیەکەمان بـە "ئەسـات ئۆکتای یلدران"ی دەگوت:

- هاوڕێیـــان! هــەر وەك ئێـــوەدەزانن ئـــەمڕۆ ڕۆژی ١٢ی ســـپتامبرە. ئـــەم ڕۆژە بـــۆ هـــەر هاووڵاتییێکی تـــورك، ڕۆژێکـــی پـــیرۆزە. ئەگـــەر ئـــەم ڕۆژە نەبوایـــە، ڕەنگـــە زۆر لـــە ئێمـــەش نـــەبووباینو ولأتەکـــەمان ببـــوا بـــە دوو پارچـــە. ئەوانـــەی کـــە ڕەنگـــە ببانـــە هـــۆی دابـــەش بوونی ولأتەکـــەمان، هێنـــدێکیان لێـــرەن. پێویـــست ناکـــات زگتـــان پێیـــان بـــسووتێ. ئەگـــەر ئەوان لە جێگای ئێوەبان، لـــە یـــەك چـــرکەدا هـــەر هـــەمووتانیان وەبـــەر گوللـــە دەدا، بـــەڵام ئێمەوا ناکەینو نایانکوژین. ئێمە نانو ئاویان پێ دەدەینو بەخێویان دەکەین.

بـــەڵام لەبـــەر ئـــەو ڕۆژە کـــە ولأتەکـــەمان لـــە دەســـتیان ڕزگـــار کـــراوە، دەبـــێ ئێـــوە بەڵاییێکی وایان بەســـەر بێـــنن کـــە بـــۆ هـــەتا هەتایـــە تـــاڵیو ناخۆشـــیی ئـــەم ڕۆژانـــەیان لـــە بـــیرو زەینـــدا بمێنـــێ. ئێمـــەی بەدبـــەخت هـــیچ شـــتێکمان نـــەدەزانی، زۆربـــەی هـــەرە زۆری ئێمـــە لـــەوێ فێـــری ڕاســـتو چـــەپ ببـــووین. زۆربـــەمان وشـــەی " کوردتـــچێتی" (کوردایـــەتی) لـــەوێ فێـــر ببـــووین. ئێمـــە زۆر لـــە ژێـــر کاریگـــەریی "یوزباشـــی"دا بـــووین. "یوزباشـــی" بـــە پروپاگەنـــدەکانی خـــۆی، توانیبـــووی کـــە بەندییـــەکان لەبـــەر چـــاوی ئێمـــە بکاتـــە گـــەورەترین دوژمـــن. ئەگـــەر ئـــەو بڕیـــاری دابـــا ئێمـــە ئامـــادە بـــووین کـــە هـــەر هەموویان لەوێ بکوژین. بەڵام ناوبراو هەمیشە دەیگوت:

- نـــە هاوڕێیـــان! ئێمـــە نـــابێ بیـــانکوژین. ئێمـــە دەبـــێ بـــەخێویان بکـــەین، دەبـــێ بیانهێنینـــە ســـەر ڕێگـــای ڕاســـت. دەبـــێ ئـــەوان بـــاش بـــزانن کـــە دەوڵـــەتی تـــورك، لەگـــەڵ بەندییەکان چەند بە ڕەحمو بە ئینسافە کە دوژمنی خۆی ناکوژێ.

ئێمـــە بـــە تـــەواوی دەکەوتینـــە ژێـــر کاریگـــەریی قـــسەکانی "یوزباشـــی"و مێـــشکمان دەشۆرایەوە. کاتێك "یوزباشی" هەستی بەو شتە دەکرد، دەیگوت:

- ئـــیتر ئـــەمڕۆ ڕۆژی ئێوەیـــە دەتـــانبینم، ئـــەمڕۆ ڕۆژی خێـــرو بەرەکەتـــە. ئـــەمڕۆ ڕۆژی ڕزگـــاریی نەتـــەوەیی ئێمەیـــە لـــە ژێـــر دەســـتی کومونیـــستەکانو "کوردچـــی"یـــەکان. ئـــیتر بەیانیتان باش.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێمــەش وەك گــورگی هــار بــەرەو بەنــدەكان هەڵــدەهاتین‌و لــە نێزیــك بەنــد هــات‌و هاوارمان دەكرد:

- بەند! خۆتان بۆ هاتنە دەرەوە ئامادە بكەن. ئەوان بە یەك دەنگ هاواریان دەكرد:

- بەسەرچاو گەورەم.

پێم وایە ئــیتر دەیــانزانی كــە لــەو رۆژەدا هێنــدێكیان یــان دەرۆنــە نەخۆشــخانە، یــان لەنێو ٢ مــیتر پارچــەی سـپیدا بــۆ ماڵــەكانیان بــەرێ دەكــرێن. بــۆ هــەر دوو بەنــد تــەنیا یــەك جێگــای كۆبوونــەوەمان هــەبوو. بەندییــەكانی كــام بەنــد زووتــر بهاتبانــە دەرەوە، ئــەوی دیكــەش لــەنێو بەنــددا وەك ئەوانــەی دەرەوە، ســروودی نیزامیــان دەخوێنــد تــا ئەوەی كە نۆرەیان دەهات.

دواتــر بــە دار بەردەبووینــە گیانیــان‌و بــۆ ئێمــە هــیچ جیاوازییێــك لــە نێــوان ئــەوان‌و ئاژەڵــدا نــەبوو. هــەتا یوزباشــیەكەمان دەیگــوت: "ئــاژەڵ لــەو كەســانە باشــترو بەكەڵكترن". هەر بۆیە لــەكاتی لێدانیانــدا بــۆ ئێمــە زۆر گــرینگ نــەبوو كــە ئــاخۆ ئەمــە چــاوە، لووتــە، ســەرە، یــان ژنــە، كــەم ئەندامــە، گەنجــە یــان پــیرە. كــاری ئێمــە لێــدان‌و ئەشــكەنجە بــوو. هــەر بۆیــە زۆریــان دەكــەوتن‌و هەڵنەدەســتان. دواتــریش ئــەوانمان یــان دەنــاردە بــۆ ماڵــەكانیان، یــانیش دەماننــاردە نەخۆشــخانە، كــە لــە گرتووخانــە خــراپتر بــوو. لێــدانیان بــەردەوام دەبــوو تــا ئەوكاتــەی كــە كەســێك كوژرابــا، یــان بمانزانیبــا كــە دەمرێ، دواتر دەستمان لێ هەڵدەگرتەوە.

رۆژی ١٢ ســپتامبر بــوو. گاردیــان ئێمــەی هێنــابووە دەرێ، بــۆ ئــەوەی كــە رێــژە بــرۆین‌و ســروود بخــوێنین. لــەو كاتانــەدا لــە دەســتی گاردیــان، زۆر لێــدانمان دەخــوارد. چــونكە ئــەو رۆژە، رۆژی ١٢ ســپتامبر بــوو، پێویــست بــوو كــە هــەموو شــتێك بــە شـێوەییێكی تایبــەتی بــەرێوە چــووبا. لــەنێو ئــەو مەشــقە نیزامیــەدا، هاورێیــەك بــەر لــە ئێمــە هــەنگاوێك چــووە پێــشێ. گاردیــانیش چــاوی پێكــەوت‌و ئێمــەی راگــرت، دواتــر



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەبــەر ئــەو کەســە راوەســتاو وای لێــدا کــە زاری پــڕ بــوو لــە خــوێن. ئــیتر کــەوتو هەڵنەستایەوە.

دواتر گاردیان ئێمەی راگرتو گوتی:

- بەندییەکان! ئەو تەرمەی هەڵگرنو برۆنە ژووری تا من دێم.

ئێمــەی نــاردە ژۆرێو رۆیــشت. ئێمــە وا تێگەیــشتین کــە دەیهــەوێ بــۆ وەرگرتنــی خــەڵات مزگینــی بــدا بــە یوزباشــی. کــەمێك دواتــر دیتمــان کــە بــە خۆشـحاڵییەوەو بــە هەڵاتن لەگەڵ چەند گاردیانی تر دەرگای کردەوەو بە پێکەنینەوە گوتی:

- بەر پرس! کوا ئەو کەسەی مردووە بێننە ئێرە. بەرپرسیش گەڕایەوەو پێی گوت:

- گەورەم! ئەو کەسە نەمردووە، هەر ئێستا دیتم کە چاوەکانی کردەوە.

بــەو وەڵامــی بــەرپرس، گاردیــان زۆر تــووڕە بــوو و رەنــگو رووی گــۆڕا. دەرگــای بەندی توند پێوەداو لەبەر خۆیەوە گوتی:

- ئەو قسەیە ناخوات، نەمردووە، نەمردووە، نەمردووە!.

گاردیان بۆیــە تــووڕە بــوو، چــونکە نەیــدەتوانی ببێتــە خــاوەنی خــەڵات، هــەر بۆیــە گوتی:

- بە ریز راوەستن، دوای دوو سێ خۆلەکێك دێمەوە.

هــەر بۆیــە دەرگــای داخــستو رۆیــشت. چــەند خولــەکێك دواتــر کــە لەگــەڵ چــەند کەسێکیتر گەڕایەوە، رووی لە ئێمە کردو گوتی:

- ئەمرۆ دەبێ یەکێکتان بکەم بە قوربانی ئەو رۆژە پیرۆزە.

دەمێکــی پــێ نەچــوو کــە لەگــەڵ چــەند گاردیــانی دیکــە بــە تووڕەییــەوە دەرگــای کــردەوەو کەوتنــە ژوورێو بــە دەورمانــا دەهــاتنو دەچــون. گاردیــان دەســتی دەکــرد بــە کەف چــەراندن. بــیری لــەوە دەکــردەوە کــە چــۆن خەڵاتەکــە ببــات. هــەروەها ترســی لــەوە بــوو کــە نــەکا پیلانەکــەی ســەر نــەگرێو یوزباشــیش ئــەوی بــۆ شــوێنی ســەربازی بــەرێ بکاتەوە، هەر بۆیە بەسەر ئێمەدا هاواری دەکرد:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-وا نــابێ، وا نــابێ. دەبــێ ئــەمڕۆ یــەکێك لــە ئێــوە لــەنێو دوو مــیتر پارچــەی ســپیدا بڕواتەوە ماڵ. دەنا "یوزباشی" من بەم شێوەیە دەنێریتە بۆ ماڵ.

بــەو تــرسو قــینو کینــەوە دارەکــەی هــەڵگرتو دەســتی کــرد بــە لێــدانی ئێمــە. هێنــدێکمان دەکــەوتینو دیــسانەکە هەڵدەســتاینەوە. ســەری چــەند کەســێکمان شــکا، تــا ئــەوەی کــە "یوزباشــی" گــوتی: "مــن ئــەوم ئــازاد کــرد، ئــەمڕۆ بەشــی ئێمــە کەوتوّتــە سەر عەرز. هێندێکیان مردوونو هێندێکیشیان لە حاڵی مردن دان ".

هــەر چــەند پێوەنــدیی نێــوان گاردیانــەکانو "یوزباشــی" زۆر خــۆش بــوو، بــەڵام دیــسانیش ئــەوان زۆر لــە "یوزباشــی" دەترســان. کاتێــك ئــەوانیش تووشــی هەڵەیــەك ببوونایــە، یــان کــارێکی نابــەدڵی "یوزباشــی"یــان کردبــا، وەزعیــان لــە ئێمــە باشــتر نــەدەبوو. ئــەوان ناچــار بــوون کــە لــە هەمبــەر چــاکیی یوزباشــیەکەیاندا بــە کــاری بــاش دڵی ئەو شاد بکەن.

هــەر بۆیــەش گاردیــان تۆزێــك راوەســتاو کــەمێکی لێــی روانــین. دواتــر شــانو پیلــی یــەکێك لــە هاوڕێیــانی ئێمــەی گــرتو بردیــە دەرەوە. لــەوێ گوێمــان لــە دەنگــی لێــدان بوو، لێــدانێکی تونــد. زۆری پــێ نەچــوو کــە بێــدەنگییەك فەزاکــەی داگــرت. دواتــر ئیــدی دەنگــی هــاواری ئــەو هاوڕێیــەمان گــوێی لــێ بــوو. چ روویــدا، نەمانــدەزانی. هــەر کــە دەرگــای بەندەکــەمان کرایــەوە، ئــەو هاوڕێیــەمان نیــوە رووت دی. گاردیــانیش هاتــە ژووریّو بە پێکەنینەوە بەو هاوڕێیەمانی گوت:

- زوو کــە بڵــێ، مــن لــە دەرەوە چــم بــە ســەر تــۆ هێنــا؟ هــەمووی بــۆ هاوڕێکانــت بگێرەوە، بۆ ئەوەی کە هاوڕێکانیشت لە رەوشی تۆ ئاگادار بن.

هاوڕێیەکــەمان دەســتی بــە ئاخــاوتن کــرد. ئەگــەر ئــەو بەڵایــەی کــە گاردیــان بــە سەریدا هێنــابووی، باســی نــەکردبا، دەکــرا وەزعــی ئــەو لــەوەش کــە هــەبوو خــراپتر بــێ. ئیمکانی ئــەوە هــەبوو کــە لــەنێو دوو مــیتر پارچــەی ســپیدا بۆماڵــەوەیان بــەرێ بکــرێ، هەر بۆیەش گوتی:

"قوموتـان" منـی بـرده دەرەوە، سـەرەتا بـە چـاکی لێـی دام. دواتـر گـوتی، ژنـت هەیـە؟ منـیش گـوتم بـەڵێ. ئـەویش گـوتی: "هـەی لـە....."، منـیش گـوتم: لـە خزمەتت دایـە. دواتـر گـوتی، دایکـت هەیـە؟ گـوتم بـەڵێ. ئـەویش گـوتی: " هـەی لـە دایکت .... ". منیش گـوتم لـە خزمـەتت دایـە. دوای ئـەم جنێوانـە لەگـەڵ هاوڕێیـانی، پانتۆڵی منیان هێنایـە خـوارو سـەری منیـان نـەوەی کـردو سمتـی منیـان بـەرز کـردەوەو داریان کردە.... . دواتر ئـەو پیـساییەی کـە بـە دارەکـەوە نووسـا بـوو، بـە زمـانی خـۆم دەملێستەوە.

دواتر لە گاردیانی روانیو گوتی:

- بڕیارەکەت جێبەجێ بوو گەورەم.

1. دوای ئەو بەڵاییەی کـە گاردیـان هێنابوویـە سـەری ئـەو بەندییـە، هـەم گاردیـان دڵـی ئاسـوودە بـوو و هـەمیش "یوزباشـی" کاتێـك ئەمـەی گـوێ لێ بـوو، خۆشـی لـەو گاردیانە هات. ئیتر گاردیان قەرزداری یوزباشی نەبوو ... .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی سێزدەهەم



هــەر دوو مــانگ جارێــك لەلایــەن لێپرســێنەرەوە لاپــەڕەییێك کــە تــاوانی بەندییــەکانی تێیــدا دەنووســرا بــۆ گرتووخانــە دەنێــردرا. لــەو کاتانــەدا لێــدانێکی باشــیان دەخــوارد. خوینــدەوارییێکی وامــان نــەبوو کــە ســەر لــەو نامانــە دەربێــنین، یــان بــزانین کــە ئــەو کاغــەزە بــۆ چــیە، تــەنیا شــتێك کــە دەمــانزانی ئەمــە بــوو کــە بــە پێــی ئــەو ســزایەی کــە بۆیــان دیــاری کرابــوو لێــدانێکی چــاکیان لــە دەست ئێمەوە دەخوارد!.

لــەکاتی هــاتنی ئــەو کاغەزانــەدا، کــەیفمان دەکــرد. سەرەتا نامەی ئەو کەســانەمان بــڵاو دەکــردەوە، کــە تاوانیــان ســووك بــوو. دواتــر نــۆرەی نامەی ئــەو کەســانە دەهــات کــە بــە کوشــتنی ســەربازو پــۆلیس تاوانبــار کرابــوون، یــان ئەوانــەی کــە رێکخراویــان دامەزرانــدبوو. لەگــەڵ چــەند گاردیــان نامــەکانمان بــڵاو دەکردەوە.

ئێمە پەنجەرەی دەرگامان دەکردەوەو بانگمان دەکردن:

- فلان کەس. ئەویش وەڵامی دەدایەوەو دەیگوت:
- فەرموو گەورەم.
- وەرە دەرێ!
- بەسەرچاو گەورەم.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئــە ئــەو جــاریٚ نەیــدەزانی کــە چــی بەســەر دیٚــت. کاتیٚــك دەهاتــە دەریٚو دەیبینی کـە ئیٚمـە چـوار تـاکوو پیٚـنج گاردیـان چـاوەڕوانین، ئـیتر دەیزانـی کـە وەزعەکـە ئالۆزە. هەر بۆیـە دەیهەویـست کـە هـەموو کارەکـانی بـە باشـترین شـیٚوە ئـەنجام بـدات، بۆ ئـەوەی کـە ئـازاد بکـریٚ، بـەلاّم رزگـار بـوونی نـەبوو. کاتیٚـك لـە دەرگـاوە دەهاتـەوە دەریٚ، بە دەنگیٚکی بەرز دەیگوت:

- یەك‌و دوایی گەورەم!

هــەر کــە دەهاتــەوە دەریٚ، یــەکیٚك لــەم لاو یــەکیٚکی تــر لــەو لاوە بــە دارو بــاتۆم هیٚرشیان دەکردە ســەری. بیٚــچارە نەیــدەزانی کــە چــی کــردوە. دوای لیٚــدانیٚکی زۆر، ئــیتر گاردیانی بەند لیٚی دەپرسی:

- دە پیٚم بلیٚ، تۆ لە ژیـانی شەخـسی خۆتـدا چـەند سـەرباز، یـان پۆلیـست کوشـتووە یـا بە کوشتت داوە؟

بــۆ خــۆی هەرچــی گوتبــا، ئیٚمــە بڕوامــان نــەدەکرد. چــونکە ئــەو کاغــەزەی کــە لیٚپرسیٚنەر بۆ ئیٚمـەی نـاردبوو، هـەموو تاوانـەکانی تیٚیـدا نووسـرا بـوون. "ریٚکخراویٚکـی چەکداری دامەزرانـدووە"، یـان " لەگـەلّ سـەربازو پۆلیـسەکان شـەڕی چـەکداری کـردوەو لەو شەڕەدا هیٚندیٚکیان شەهید بوون". تەنیا ئـەم تاوانانـە بـەس بـوون بـۆ ئـەوەی کـە بـە دارو باتۆم بەربینـە گیانیـان. ئیٚمـە وا تیٚگەیـشتبووین کـە پـۆلیس، سـەرباز، لیٚپرسـیٚنەر یان هەر کەسیٚك کە کارمەنـدی دەولّـەت بـیٚ، قـەت درۆ ناکـات. تـەنیا بەندییـەکانن کـە درۆزنــن. بــەو بــیرو باوەڕانــەوە، بڕوامــان بــە هــیچ قــسەییٚکی بەندییــەکان نــەبوو، هــەتا ئەگەر راستیش قسەیان کردبا. جاری وابوو کە بەندییەکان دەیانگوت:

" گـەورەم ئـەو شـتانەی کـە نووسـراون تـەنیا قـسەن‌و لـە راسـتی بـە دوورن، هـەر بۆیە دەبیٚ لە دادگادا راست بکریٚنـەوە. ئـەو شـتانەی کـە نووسـراون، نـە مـن کردوومـەو نــەش دەتــوانم بیانکــەم. کەســیٚك گــیراوەو تاقــەت‌و بڕســتی ئەشــکەنجەی نــەهیٚناوەو زۆر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شــتی درۆی گرتۆتــه ئەســتۆی خــۆیو هــەمیش خــستۆته ئەســتۆی هاوڕێیــانی. ئێــوەش دواتر دەیبینن زۆر کەس کە بە تاوانی قورس تاوانبار کراون، ئازاد دەکرێن".

کاتێــك قــسەکانی تــەواو دەبــوون، پێکــەنینمان دەهــات کــە بــەو ئاســانیە دەیهــەوێ کڵاومان لەسەر دابنێ. هەر بۆیە ئێمەش فێر ببووین کە پێیان بڵێین:

- ئێــوە، هــەمووتان بێتــاوانن، ئێــوە بــە هەڵــە هاتوونەتــە ئێــرە. ئێمــە گاردیانــەکان تاوانبارین!

ئێمـــەوەك ئـــەوەی کـــە نێـــچیرێکمان دۆزیبێتـــەوە، بـــە دارو بـــاتۆم بەردەبووینـــە گیانیان. جاری وابوو کە یەکێك لە ئێمە لەکاتی لێدانیاندا دەمانگوت:

- زوو بڵێ تاوانت چیە؟ چەند کەست کوشتووە، یان بە کوشتت داوە؟

لە کاتی لێداندا دەبوو بە هاتو هاواری ئەو کەسەو دەیگوت:

- بە خوا هیچ تاوانێکم نیە، هەمووی بوختانە!


تــا ئەوکاتــەی چــەند دارمــان بــە ســەریدا نەشــکاندبا، رانەدەوەســتاین. وامــان لێ دەکرد کە بۆ ماوەی چەند رۆژ بکەوێتە نێو جێگا.

ئێمــە قــەت بڕوامــان بــەوان نــەبوو. بــەڵام لــە راســتیدا زۆر لــە قــسەکانیان راســت بــوون. لــە دادگــادا بــۆ خۆشــم شــاهیدی ئەمــە بــووم کــە هێنــدێك لەوانــەی کــە ســزای قورسیان بە سەردا سەپا بوو، ئازاد کران.

کاتێك ئەو شتی ســەیرو ســەمەرەی وەهــای بــاس دەکــرد، ئــەو رووداوەی کــە بــۆ خــۆم لــە نێویــا ژیــا بــووم، یــەك بــە یــەك دەهاتنــە بــەر چــاوم. بــە تایبــەتی ئــەو رۆژەی کــە لێدانێکی چاکم خــوارد، چــونکە ئــەو نامەیــەی کــە لــە لایــەن لێپرســێنەرەوە گەیــشتبووە دەســتم، تــاوانی مــن بــەم شــێوەیە تێــدا نووســرابوو : "رێکخراوێکــی چــەکداریی ســاز کردوەو کاروباری ناوەندیی ئەو رێکخراوەیەی بەرێوە بردوە".



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




ڕۆژێــك کــە نامەکــەم لــە دەســتی گاردیــان دابــوو و چــەند گاردیــانی دیکەشــی لەگــەڵ بوون، لەگەڵ کردنەوەی دەرگا هاواری کرد:

- سیدار!

- فەرموو گەورەم.

زوو وەرە دەرێ ، دەبــێ دان بــە تاوانــەکانت دابنێــی. مــن زۆر ترســام چــونکە دان نان بە تاوانێك لـەنێو گرتووخانـەدا ئەوەنـدە ئاسـان نـەبوو. یـان دەبـوو هـەموو شـتێکمان بە دڵی "یوزباشـی" بـاس کردبـا، یـان دەکـوژراین. مـن بـە هـەڵاتن هاتمـە دەرەوە، دیـتم چـەند کەسـێکی تـریش لەگـەڵ گاردیـان ڕاوەسـتاون. لـە دەسـتی هێنـدێکیان بـاتۆمو لـە دەستی ئەوانی تر کالاس هـەبوو. کاتێـك چـاوم پێیـان کـەوت زۆر ترسـام. هـەر بۆیـە بـە دەنگێکی بـەرز گـوتم :" سـیدار مێردینـی، لـە ژێـر ئـەمرو بڕیـاری تـۆ دایـە گـەورەم". ئەویش بە تووڕەییەوە گوتی:

- تاوانت چیە؟

- من بێتاوانم گەورەم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێکەنی‌و گوتی:

- ئێستا بێتاوانی هاا!؟

- بەڵێ گەورەم.

- راستیەکەی بڵێ، تاکوو ئێستا چەند کەست کوشتوە یان بە کوشتنت داوە؟

- بـە خـوا مـن هـیچ کەسـم نەکوشـتوەو کەسیـشم بـە کوشـت نـەداوە. شـتی وام لـێ ناوەشێتەوەو من بێتاوانم.

- وادیارە ئەوانەی ئێرە هەر هەموویان بێتاوانن، تاوانبار تەنیا ئێمە گاردیانەکانین!

- نە حاشا لە ئێوە، گەورەم.

بە وەڵامەکانی من زۆر توورە بوو، بۆیە لێی روانیم‌و گوتی:

کە وابوو زۆر باشـە. چـاوێکی لـە هاوڕێیـانی خـۆی کـرد‌و ئەوەنـدەم دی کـە بەربوونـە گیـانم. ئەوەنـدەیان لێـدام وەك ئـەوەی کـە دانیـان لـەنێو جۆنیـدا کوتـا بێـت. ئەونـدەیان لێدام کە ماندوو بوون‌و ئیتر بە نۆرە لێیان دەدام.

دواتر دیسان گاردیان لە منی پرسی:

- زوو بڵێ، تاوانت چیە؟ راستیەکەمان پێ بڵێ، دەتنێرین بۆ بەندەکەت.

- بەخوا من بێتاوانم، گەورەم!

ئیتر زانیان کە مـن هـەر یـەك قـسە دەکـەم، بۆیـە گاردیـان بـانگی بەرپرسـی بەنـدی کرد‌و پێی گوت:

- بەرپرس!

- فەرموو گەورەم.

-زوو کە تەنافێکم بۆ بێنە.

مـن نـەمزانی بـۆ چـی گاردیـان داوای تـەنافی کـرد. بـەڵام کـە تـەنافیان هێنـا، گاردیان دیسان لە منی پرسی.

- ژنت هێناوە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- بەڵێ گەورەم

- ئەگەر راستیەکەم پێ نەڵێی، لە پیاوەتیت دەخەم.

- هەر چی ئێوە بفەرموون گەورەم.

- بڵێ تاوانت چیە؟

- وەڵڵا، بیللا هیچ تاوانێکم نیە، گەورەم.

گاردیان تووڕە بوو و بەرپرسی بانگ کرد.

- بەرپرس!

- فەرموو گەورەم

وادیـار بـوو گاردیـان شـێوەییێکی نـوێی ئەشـکەنجەی دۆزیبـۆوە، هـەر بۆیـە خوشـحاڵ دیار بوو. گاردیان بە بەرپرسی

گوت:

- ئەو تەنافەی لـە ئالـەتی ئـەو کەربابـەی ببەسـتە. دواتـر گاردیـان بـە تووڕەییـەوە پێـی گوتم:

- زووکە پاتۆڵەکەت بێنە خوارێ!

- منیش پاتۆڵەکـەم هێنایـە خـوارو بەرپرسـیش ئـەو بڕیـارەی جێبـەجێ کـرد. دواتـر بـە گاردیانی گوت:

- بڕیارەکەت جێبەجێ بوو گەورەم!

گاردیان چاوێکی لێ کردمو گوتی بڵێ تاوانت چیە؟

-دیسان هەر وەڵامی پێشووم دایەوە. گاردیان بە بەرپرسی گوت:

-بەرپرس! تەنافەکە بگرەو بیکێشە تا ئەوکاتەی کە من دەڵێم بەسە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیتر پێویست ناكات مـن باسـی ئـازاری ئەوكاتـە بكـەم، ئاشـكرایە كـە چ ئـازارێكی هەیە.



مـــــــنو بەرپرســــــەكەم پێـــــشتر لـــــە رێكخراوێكـــــدا بـــووین. بـــەڵام ئـــەو ناچـــار بـــوو كـــە بڕیـــاری گاردیـــــــان جێبەجێ بكـات. ئەگـــەر ئـــەو بـــە قسەی گاردیـانی نەكردبا، ئـەویش ئەو بەڵایـەی بـە سـەردا دەهـات. بۆیــــە ئێمـــــە پێشتر پێكەوە بە شـێوەیێك قـسەمان كردبـوو كـە دەبـێ بـە قـسەی گاردیـان بكـەین، بـۆ ئـەوەی هـەردووكمان ئەشـكەنجە نـەكرێن. بـە دوای ئەشـكەنجە كردنـی مـن گاردیانـەكان ڕۆیشتنەوە. ئێمەش ڕۆیشتین بۆ نێو بەندەكەمان.

هەر هەموویان دەوری ئێمەیان داو ئەحواڵی ئێمەیان پرسی.

- چییان بە ئێوە گوت؟

منیش بە پێكەنینەوە گوتم:



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- وەڵڵا هیچیان بە مــن نــەگوت. بــەڵام ئــەم پیاوچــاکە ( لــە بەرپرســەکەم روانــی) ئــاوری تێ بەردام. ئەمە بوو کـە ئەشـکەنجەی کـردم. گاردیـان پێـی گـوت بیبەسـتە، ئـەویش لـە گاردیـان تونـدتری بەسـتەوە. بـەڵام منـیش ئاڵەتەکـەم خـستە دەسـتی ئـەو. هاورێیـانی بەند لە مەبەستەکەم تێگەیشتنو دەستیان کردە پێکەنین.

گاردیان بەردەوام بوو لەسەر ئاخاوتنی خۆی.

" هــەر وەك پێــشتریش باســم کردبــوو، ئێمــە شــەو و رۆژ خۆمــان بــۆ دۆزینــەوەی مێتــۆدێکی نــۆیی ئەشــکەنجە، خــەریك دەکــرد. هــەموو رۆژێ مێتۆدێکمــان دەدۆزییــەوە. هـــەموو رۆژێ ئەشـــکەنجەیەکمان لەســـەر بەندییـــەکان تـــاقی دەکـــردەوە. ئـــێتر ئێمـــە شـــێوەییێکی زۆر مۆدێرنمـــان کەشـــف کردبـــوو، بـــەبێ ئـــەوەی کـــە زەحمـــەتێکی زۆر بـــە خۆمان بدەین. بـەبێ ئـەوەی کـە شـوێنێکی بەنـد کراوەکـان بـە لێـدان رەش بێتـەوە، یـان بشکێ، یان دەنگی هاواریان بـەرز بێتـەوە. ئـەو مێتـۆدە چ بـوو؟ ئـەوە بـوو کـە ئـەوانمان ناچار دەکرد کە مۆمی دە تـاکوو پـازدە سـانتی مـێتری وەك خـەیار بخـۆن. خـواردنی ئـەو مۆمانـە ئەونـدە نـاخۆش بـوو کـە لـەکاتی خواردنـدا چـاویان دەنووقانـد، لـەکاتی چـاو بەستندا پێمان دەگوتن؟

-کـەرباب، خەیارەکـەت تاڵـە، بۆیـە چـاوەکانت دەبەسـتی. بـۆ تـو نـازانی سـزای چـاو نووقاندن خواردنی نیو مۆمی دیکەیە؟

ئەوانە دواتر دڵیان تێکەڵ دەبـوو و سـەریان گێـژ دەبـوو، هـەر پێـنج خولێـك جارێـك هەڵدەهاتن بـۆ ئاودەسـتو لـەوێ دەرەشـانەوە. لـەکاتی رەشـانەوەدا دەمـانگوت کـە هـەر ئێـستا جـەرگو هـەناویان دێتـە دەرێ. ئەمانـە تـا یـەك حـەوتوو نـەخۆش دەکـەوتنو نەیانـدەتوانی هـیچ شـتێك بیخـۆن. خـراپترین شـت ئـەوە بـوو کـە ئـەوان زگچوونیـشیان دەگـرت. ئەمانـە نەیانـدەتوانی چـەند کاتـژمێر رێـژەی سـەربازی بـرۆن، گاردیانـەکانیش نەیاندەهێشت کە ئەمانـە برۆنـە بـۆ ئاودەسـت. بۆیـە زۆر جـاران ئەمانـە خۆیانیـان پـیس دەکردو ناچار بە شـێو کـردن دەبـوون. بـەڵێ ئەمـە مێتـۆدێکی نـۆی بـوو، بـەڵام مەگـەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەنیا ئەمە بـوو، نـە، نـە ئێمـە تـەنیا بـەوە رازی نـەدەبووین. بـا شـتێکی دیکەشـت پـێ بڵێم.

- جارو بـار ئێمـەی گاردیـان لـە هـۆڵی سـینەما یـان هـۆڵێکی دیکـە دادەنیـشتن‌و چـەند وێنـــەی رووتمـــان لـــە دیوارەکـــە دەداو موزیکێکمـــان دادەنـــا، دەتگـــوت کـــا ئەمـــە مەیخانەیـــە. دواتـــر چـــەند گاردیانمـــان دەنـــاردە شـــوێن تاوانبـــاران، یـــان ئەوانـــەی کـــە لێپرسـێنەر وەك تاوانبـار بـە ئێمـەی ناسـاند بـوون. کاتێـك گاردیانـەکان یـەك یـان دوو بەنـــدکراویان دەهێنایـــە ژووریٚ، ئێمـــە وەك گارســـۆنی چێـــشتخانە لـــە بـــەریان هەڵدەستاین‌و دەمانگوت:

- فەرموو، فەرموو!

ئێمـە دەمانهەویـست فـشەیان پـێ بکـەین، هـەر بۆیـە ئـەوانمان لەسـەر کورسـییێك دادەنیـشاند. گاردیانێـك پاچـێکی ئـاوی لـە دەسـت دابـوو و مێـزی خـاوێن دەکـردەوە، یەکێکی تـر وەك گارسـۆن قەڵـەم‌و دەفتـەرێکی پـێ بـوو و دەهاتـە لای بەندییەکـەو پێـی دەگوت:

- فـــەرموو، بـــە قوربـــان چـــی دەخـــۆی؟ گاردیانەکـــە نـــاوی چـــەند جـــۆر خـــواردن‌و خواردەمـــەنیی ریـــز دەکـــردەوە، وەك ئـــەوەی کـــە لـــەویٚ چێـــشتخانە بێـــت. دواتـــر وەك ئـــەوەی بەنـدکراو داوای خـواردنی کردبێـت، گاردیـان لـە دەفتـەری خۆیـدا دەینووسـی‌و هاواری دەکرد:

- کەبابێك، پەرداخێك شەراب‌و هێندێك مەزە!

گارسـۆن دەرۆیـشت‌و کـەمێك دواتـر بـە مومێـك، پـەرداخێك پـڕ لـە مورەکـەب‌و دەرمانی فراخ شۆردنەوە دەهاتەوەو لە بەر ئەو بەندییەی رادەگرت‌و پێی دەگوت:

- هیچ داواییێکی ترت هەیە؟

- نە ئەستەغفروڵڵا، گەورەم.

ئەو بەندییان هــەر چــییان گوتبــا، کــەڵکی نــەبوو. بــۆ خۆیــان دەیــانزانی کــە چــییان بە سەر دێتو ئێمەش دەمانزانی کە ئـەوان ناچـارن هــەر چـیان بـۆ دێـت بیخـۆن. هــەموو گاردیانەکان دەهاتنو لە دەوری کۆ دەبوونەوەو مۆمیان هەڵدەگرتو پێیان دەگوت:

- زوو کە بیخۆ!

من ئێستا بیری لێ دەکەمــەوە کــە ئــەوان چــۆن ئــەوکات دەیــانتوانی مــۆم، یــان شــتی پــیس بخــۆن. لــە راســتیدا ناچــار بــوون کــە بیخــۆن چــونکە ئەگــەر بــە قــسەی ئێمــەیان نەکردبا، ئەوکات ئیتر لــەنێو چــەند مــیتر پارچــەی سـپیدا بـۆ ماڵــەکانیان بــەرێ دەکـران. کوشــتنی ئــەوان بــۆ ئێمــە گــەلێك زەحمــت نــەبوو. چــونکە ئــەوان لای ئێمــە هــیچ قیمــەتێکیان نــەبوو. هــەر بۆیــە ئێمــە هــیچ ترســێکمان لــە کوشــتنیان نــەبوو. چــونکە دوکتورەکــان لــە نەخۆشــخانەی ســەربازیدا کاریــان دەکــردو راپۆرتــەکانیان بــە دڵخــوازی "یوزباشی" دەنووسـی. ئەمــە ببــووە شــتێکی نــوێ لــە ژیــانی بەندییــەکانی گرتووخانــەی بــە ناوبــانگی دیاربــەکر. جــاری وابــوو کــە بــانگی یــەکێك لــە بەندییــەکانمان دەکــرد. ئەویش دەهاتە دەرێو دەیگوت:

- فەرموو گەورەم!. ئێمەش پێمان دەگوت:

- دەنگــت بــاش دەرنــەهات. ئێمــە گوتوومانــە تــا دەتــوانن بــە دەنگــی بــەرز بڵــێن: "بفەرموو گەورەم". ئێوە وا دیــارە بــە قــسەمان ناکــەن!. دواتــر مۆمێکمــان لــە گیرفــانی خۆمان دەردەهێناو بە سەریاندا هاوارمان دەکرد:

- زارت بکەوە!

هەر کە زاری دەکردەوە، مۆمێکمان دەخستە دەمیو پێمان دەگوت:

- چاك بیخۆ، بـۆ ئــەوەی کــە جــارێکی تــر بــە دەنگێکــی زۆر بــەرز رێزمــان لــێ بگــری. دەبــێ ئەمــە بــۆ گــشت بەندییــەکان ببێتــە دەرســی عیــبرەت. ئەوانــەی کــە دەنگیــان دەرنەهێنن ئەمە وەزعیان دەبێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوای مــۆم خــواردنی ئــەوان ئــیتر دەمــانزانی کــە چــییان بەســەر دێــت، ئێمــە بــەو ئەشــکەنجانە تــەنیا دەمانهەویــست هەســتی نیــشتمانپەروەری لــە دڵو دەروونیانــدا لــە بــەین ببــەینو هــەروەها چــاو ترســێنیان بکــەین. یــان هێنــدێکیان بیکــەین بــە پیــاوی دەوڵەت. چونکە "یوزباشی" هەموو کاتێك دەیگوت:

- "کــوڕم! ئەگــەر ئێمــە بتــوانین هێنــدێکیان بکــەین بــە پیــاوی دەوڵــەت، قــازانجی بــۆ دەوڵــەت زۆر دەبــێ. چــونکە ئــەوان زانیــاریی زۆریــان لــە ســەر کومونیــستەکانو کوردەکــان هەیــە. ئێمــە بــە هاوکــاریی ئــەوان دەتــوانین لــە مــاوەییێکی زۆر کورتــدا هێلانەکانیان هەڵوەشێنینەوە.

لێــرە دا قــەت ئــەو ئاواتــەی یوزباشــی ســەری نــەگرت. هــەر چــەند ئــەو تــوانی بــە لێــدانی زۆر، هێنــدێك کــەس بکاتــە پیــاوی خــۆی. بــەڵام ئــەو شــتانەی کــە ئــەو داوای دەکرد قەت سەری نــەدەگرت. چــونکە ئەوانــەش کــە لــە گــەڵی کــەوتبوون کەســانی زانــاو تێگەیــشتوو نــەبوون. ئەوانــەی کــە یوزباشــی دەیهەویــست ببنــە پیــاوی دەوڵــەت، قــەت نەبوون بــە پیــاوی دەوڵــەت، چــونکە ئەمانــە گــەڵێك بــەهێزو بــە بیروبــاوەڕ بــوون. ئێمــە هــەر چــیمان بــە ســەریاندا دەهێنــا، لــە بــیری خۆیــان پاشەکەشــەیان نــەدەکرد. مــرۆڤ تووشی سەرســوورمان دەبــوو کــە چــۆن ئەمانــە لــە بەرامبــەر ئــەو هــەموو ئەشــکەنجانەدا خۆیــان رادەگــرن. ئەوانــەی کــە دەبــوون بــە پیــاوی دەوڵــەت، هێنــدێکیان دوژمنــی کومونیستەکان بوون، هێندێکیان خۆفرۆشو هێندێکیان بیروباوەڕیان لاواز بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی چواردەهەم



"ڕۆژێــك لــە ڕۆژان مــن یــەكێك لــە بەندییــەكانی بەنـدی خـۆمم بـۆ خوێنـدنی سـروودی نیزامـی هێنـابووە دەرێ. لێـدان و ئەشـكەنجە هــەروا بــەردەوام بــوو. چــونكە ئێمــە بــەردەوام لــە لایــەن یوزباشـیەوە كـونترۆل دەكـراین. ئەگـەر ئێمـە ئـەو كارەمـان بـە باشـی جێبـەجێ نـەكردبا، ئەوكات خۆشـی لـە ئێمـە نـەدەهات. هـەر بۆیـە ئەوانـەی ئەشـكەنجەیان بـە بەندییـەكان نـەكردبا، یوزباشـی ئـەوانی دەنـــاردە خزمـــەتی ســـەربازی. خـــەریكی لێـــدانی بەندییەكان بووم كە گاردیانێك بانگی كردم. چوومەتە پێشێ و بە منی گوت:

- گاردیـان! شـێوەییێكی نـوێی ئەشـكەنجە دۆزراوەتـەوە، ئـەتۆش ئـەو مێتـۆدەی لەسـەر بەندی خۆت تـاقی بكـەرەوە. دواتـر هـەموو شـێوە نوێیـەكانی ئەشـكەنجەی بـۆ مـن شـی كـردەوە. لـەو هۆڵـەدا لانیكـەم بیـست تـاكوو سـی گاردیـان بـۆ تاقیكردنـەوەی ئـەو مێتۆدانـە ڕاوەسـتا بـوون. دواتـر هاتینـەوە نێـو ئەوانـەی كـە خـەریكی ڕێـژە ڕۆیـشتن بوون. هـەموویانم ڕاگـرت. پێیـان وابـوو ئـەوانم ڕاگرتـووە بـۆ ئـەوەی ئـسیتراحەت بكـەن. نەیاندەزانی كە من مێتۆدێكی نوێیـان لەسـەر تـاقی دەكەمـەوە. هـەر بۆیـە فـەرمانم پـێ دان:

- بەنـد! لـە چـوار ڕیـزدا ڕاوەسـتن. مـەودای نێـوان هـەر ڕیزێـك دەبـێ دوو مـیتر بـێ! ئـەوانیش بـە پەلـە فەرمانەكـەیان جێبـەجێ كـرد. بـانگی بەرپرسـی بەندییـەكانم كـرد و پێم گوت:



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- بەرپرس!

- فەرموو گەورەم.

- زووكە چوار پاكەت جگەرە بێنە!

- بەسەرچاو گەورەم.

دوای هێنـــانی چـــوار پاكـــەت جگـــەرە، فـــەرمانم پێيـــان دا بەندييـــەكان! تـــا ســـێ دەژمێـــرم، ئێـــوە دەبـــێ لـــە كەمـــەر بـــەرەو خـــوار خۆتـــان رووت بكەنـــەوە. زووكـــەن دەی، يەك ...دوو.... سێ.... .

- فـەرمانی منيـان زوو بـەجێهێنا، تـەنيا فانيلـەيێكی تـەنگيان لەبـەردا مـابوو. ديـسان بانگی بەرپرسم كردو پێم گوت:

- بەرپرس!

- فەرموو گەورەم.

- هەر بەندييێك، جگەرەيێكی پێ بدەو بۆيان هەڵكە!

- فەرموو گەورەم

مـن ئاگـام لێ بـوو كـە "يوزباشـی" لـە پەنجەرەيـەوە چـاوی لێمـە، هـەر بۆيـە زۆر هـار بـووم بـۆ ئـەوەی كـە ئافـەرينێك لـە "يوزباشـی" وەرگـرم. هـەر بۆيـە بـە سـەر بەندييەكاندا هاوارم كرد:

- بەندييـــەكان، ســـەريان نـــەوی كـــەن!. گـــشتيان ســـەريان نـــەوی كـــردو سمتيـــان لـــە هـــەوا كرد. من هەر كەسەو جگەرەيێكی هەڵكراوم لەنێو قوونی كرد. دواتر پێم گوتن:

- ئێـــوە دەبـــێ ئـــەمڕۆ بـــە قوونتـــان جگـــەرە بكێـــشن. جگـــەرەی هەركامـــەتان بكەوێتـــە خـــوار، ئـــيتر بـــۆ خۆتـــان دەزانـــن ســـزاكەتان چيە؟ ئـــيتر زوو كـــەن جگـــەرەكانتان بكێـــشن. پـــێم وايـــە بـــە قوونيـــان جگـــەرەيان كێـــشا. ئەمـــە يەكـــەم جـــار بـــوو كـــە لـــە جيهانـــدا ئـــەم ئەشـــكەنجەيە لـــە حەپـــسی دياربـــەكردا تـــاقی دەكرايـــەوە. هـــەم پێكـــەنينمان دەهـــاتو هـــەم بـــە ســـەرياندا هاوارمـــان دەكـــرد، بـــۆ ئـــەوەی كـــە "يوزباشـــی" ببينـــێ كـــە ئێمـــە چـــۆن



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوژمنـــانی نەتەوەکـــەمان ئەشـــکەنجە دەکـــەین. دیمـــەنێکی ســـەرنجڕاکێش بـــوو، دووکـــەڵ لـــە قوونیان هەڵدەستا، ئیتر ئەمـــە بـــە کـــەیفی ئێمـــەو بـــە دڵـــی "یوزباشـــی" بـــوو. لـــەژێر ئـــەو تـــرس‌و خۆفـــەدا بەنـــدییێکی پـــیر کـــە تەمـــەنی پـــەنجا تـــاکوو شێـــست دەبـــوو جگەرەکـــەی کەوتە خوار. هەموومان بـــە یەکـــەوە هێرشمـــان کـــردە ســـەری. پـــێم وایـــە چـــونکە پـــیرو بـــێ هێـــز بـــوو، نـــەیتوانیبوو خـــۆی راگـــرێ. هـــەر بۆیـــە ئـــەوە یەکـــەم کـــەس بـــوو کـــە لێـــدانی خوارد. هەم لێمان دەداو هەمیش پێمان دەگوت:

-جگەرەکەت بۆ کەوت؟ ئەویش دەیگوت:

- گەورەم، لێم بەر بوو، بۆیە کەوتە خوار. ئەو جار هەوڵ دەدەم کە نەکەوێتە خوار.

دەســـتمان کـــرد بـــە لێـــدانی، ئەوەنـــدەمان لـــێ دا کـــە لـــە هـــۆش خـــۆی چـــوو. ئـــیتر دەستمان لـــێ هـــەڵگرت. لێدانەکـــە بـــە دڵـــی "یوزباشـــی" بـــوو کـــە چـــاوی لـــە ئێمـــە بـــوو. دوای کـــەوتنی ئـــەو کەســـە، دوو کەســـی تـــر هـــاتن‌و ئـــەو پیرەمێردەیـــان بـــردە نێـــو بەنـــدی گرتووخانە. ئێمە گوێمان بەوە نەدەدا کـــە ئەمـــە پـــیرە یـــان پـــیر نیـــە؟ ئێمـــە بـــە دارو بـــاتۆم دەکەوتینـــە گیـــانی کەســـانی وا کـــە لـــە تەمـــەنی باوکمـــان دابـــوون. قـــەت بیرمـــان لـــەوە نـــەدەکرد کـــە ئەگـــەر کەســـێك ئـــەو هەڵـــسوکەوتەی لەگـــەڵ بـــاوکی ئێمـــە بکـــات، هەڵوێـــستمان چـــی دەبـــێ. "یوزباشـــی" وا مێـــشکی ئێمـــەی شـــۆردبۆوە کـــە هـــیچ شـــتێکی ئینـــسانیمان بـــۆ گـــرینگ نـــەبوو. کاتێـــك ئـــەو بیرەوەرییـــانم دێتـــەوە بـــیر، زۆرم پـــێ ســـەیرە کە چـــۆن کـــاری وامـــان دەکـــرد. قـــسە زۆرە، بـــەڵام بـــڕوا کـــردن بـــەو قـــسانە زۆر زەحمەتـــە. زۆر شت وەك خەیاڵ دەچن، بـــەڵام راســـتن. مـــن بـــۆ خۆشـــم زۆر کـــاری وام کـــردوە. ئـــەوکات بـــەڵای زۆرمـــان هێنـــابۆوە ســـەری بەندییـــەکان، ئـــیتر بـــۆ خۆشمـــان نەمانـــدەزانی کـــە ئەمانـــەوێ ئـــیتر چ بـــەڵاییێکی تریـــان بـــە ســـەر بێـــنین. بـــەڵاییێکی وایـــان بـــە ســـەر هـــاتبوو هـــەر کـــە دەجووڵانـــەوە، دەکەوتنـــە خـــوار. ئێمـــە ئـــیتر گەیـــشتبووینە ئـــەو ئاکامـــەی کـــە مێتـــۆدێکی وا بدۆزینـــەوە کـــە کاریگەرییـــەکی نیگـــاتیڤ لـــە ســـەر ورەیـــان دابنـــێ. هـــەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆیــە مێتــۆدی ئەشــکەنجەی دەروونــی ( پــسکۆلۆژیك)مــان هەڵبــژارد. ئــەم ئەشــکەنجەیە لە برسیەتیو تێنوویەتی زیاتر کاریگەریی هەبوو.

لــەنێو بەنــدی گرتووخانــەدا ئاخــاوتنی دوو کــەس پێکــەوەو پێکــەنین قەدەغــە کرابــوو. هــەروەها چــوون بــۆ دەســت ئــاو، یــان هــەر شــوێنێکی تــر دەبوایــە بــە شــێوەی ســەربازی بوایــە. خــەوتنیش دەبوایــە بــە شــێوەیێکی نیزامــی بوایــە. ئەوانــەی کــە دەخەوتن، دەبوایــە لەســەر پــشت خــەوتبانو هــەر دوو دەســتیان لەســەر ســینەیان دانابــا. هــەر کــەس بــەم شــێوەیە نەخــەوتبا، یــان خــوڕە خــوڕی کردبــا، نیگابــان ئــەوانی هەڵدەســتاندو ناچــاری دەکــردن کــە بــە شــێوەی نیزامــی بخــەون. ئەگــەر نیگابــان ئــەرکی سەر شــانی خــۆی بــە باشــی جێبــەجێ نــەکردبا، ئــەوکات دەبــوا بــۆ خــۆی لــەباتی ئــەوان ســزا درابــا، بــەڵام نیگابانــەکان قــەت نەیاندەهێــشت خــوڕە خوڕەیــان لێ بێــت، زوو زوو هەڵیان دەستاندنو زۆر کەسیش لەبەر کەم خەوی ئەقڵیان لە دەست دابوو.

بێجگەلــە شــەوانە بــە ڕۆژیــش لــەکاتی حەوانــەوە دەبوایــە هــەر کەســێك بــە شــێوەی نیزامــی دانیــشتباو ئــەژنۆکانی تــا زگــی کــۆ کردبایــەوە. لاق درێــژ کــردن ســزاییێکی قورسی بە دواوە بــوو. سزاکەی ئــەوە بــوو کــە بــۆ مــاوەی دوو کاتــژمێر دەمانخستە نێــو جۆگەلەییێك کە جۆگەلەی پیسایی ئاودەست بوو.

بـــەردەوام لەلایـــەن ئـــەو کەســـانەی کـــە وەك ســـیخوڕ لـــەنێو بەندییەکانـــدا دامانـنــابوون، ئاگــاداری هــەر شــتێك بــووین کــە لــە بەنــددا رووی دەدا. بــۆ خۆشــمان لــە کونی دیــوارەوە ئــەوانمان کــونترۆڵ دەکــرد. هــەروەها پێویــستە ئــەوەش بڵــێم کــە ئەوانــەی لــە زینــدانی تاکەکەســیدا دامانـنــابوون، دەبــوا "ســوێندی ئێمــە، مارشــی نەتــەوەیی ئێمــە، کتێبــی ســەرۆکی ئێمــە ئاتــاتورکو هــەروەها ســروودی شۆڕشــگێڕی"یــان لەبــەر کردبا بۆ ئەوەی کە بتوانن لە بەندی تاکەکەسی رزگاریان بێو بڕۆنە بەندی گشتی.




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆر کــەس بــۆ ئــەوەی کــە بتــوانن بڕۆنــە بەنــدی گــشتی ئــەو فەرمانــەیان زوو جێبــەجێ دەکــرد. ئــەوەش بــە دڵمــان بــوو، چــونکە یوزباشــی لــە ئێمــە رازی دەبــوو و ئافەرینێکی پێ دەگوتین.

شتێکی تـر کـە پێویـست بـە بـاس کردنـە ئەمـە بـوو کـە پیرەمێردێکیـان هێنـابۆوە بەندی تاکەکەسی، کە هیچ یـەك لـە ئێمـە نەمانـدەزانی تـاوانی چـیە؟ ئێمـە تـەنیا کـاتی هێنانــەوەی ئــەو کاغــەزەی کــە لەلایــەن لێکۆڵــەرەوە دەنێــردرا، ئاگــاداری تاوانــەکان دەبووین.

ئێمـــــــــە هـــــــەموو رۆژێ بـــەردەوام ئـــەو پیرەمێردەمــــان ئەشـــــــکەنجە دەکـــردو قـــەت زگمـــان پـــێ نەدەســــــوتا، چونکە یوزباشـی دەیگوت: "رۆڵــەکانم!




بڕوانن نابێ زگمان بـەو پـیرە پیاوانـە بـسووتێ، هـەر چـیمان بەسـەر هـاتووە هۆکارەکـەی ئەمانـەن، دەنـا کـوا ئـەو گەنجانـە شـتی وا دەزانـن. هەرچـی فـرتو فێـڵ هەیـە لـەژێر سـەری ئەمانـە دایـە. هـەر بۆیـە ئەمانـە هـەر چـەندە ئەشـکەنجە بکـرێن کەمـە. ئـەو پیرەپیـاوەش وەك هـەر کەسـێکی دیکـە ناچـار بـوو کـە سـوێندی ئێمـە، مارشـی ئێمـەو وتاری "ئاتاتورك بـۆ گەنجـەکان" لەبـەر بکـات، دەنـا نەیـدەتوانی بڕواتـە بەنـدی گـشتی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو پیرەپیاوە مــاوەییێکی زۆر بــوو کــە لــە بەنــدی تاکەکەســیدا بــوو، چــونکە هــەر چــەندە هەوڵی دەدا، بەڵام ئەمانەی بۆ لە بەر نەدەکرا. هەر بۆیە پێمان گوت:

ئەگــەر تــۆ بتــوانی ســوێندی ئێمــەو دوو کۆپلــە مارشــی نەتــەوەیی ئێمــە لەبــەر بکــەی، دەتنێرینــەوە بــۆ بەنــدی گــشتی. نــاوبراو بــە بیــستنی ئــەو بڕیــارە زۆر خۆشــحاڵ بوو، هەر بۆیە شەو و ڕۆژ خــۆی بەمــەوە خــەریك دەکــرد. ســوێندی لەبــەر کردبــوو، بــەڵام لەبەر کردنی سروودی نەتەوەیی بۆی ئاسان نەبوو.

ڕۆژێك کــە دەچــوومە بەنــدی تاکەکەســی، گــوێم لــە دەنگــی ئــەو پیرەپیــاوە بــوو کــە لە ســەرمای ئــەو بەنــدە تاکەکەســیەداو بــە زگــی برســیو تینــوو خــەریکی لەبــەر کردنــی سروودی نەتەوەیی بوو. بۆ خۆی لەگەڵ ئەو سروودە نەتەوەییە قسەی دەکرد:

"ترسو دڵەخورپە قــەت کۆتــایی پــێ نایــە، بــە قوربــان! هاوکــاریم بکــە بــا بتــوانم لەبەرت کەم، دەنــا مــن لێــدان دەخــۆم. ئەگــەر زوو لەبــەرت کــەمو بڕۆییــە نێــو مێــشکم، منیش زوو لەو بەندە تاکەکەسیەدا ڕزگارم دەبێ".

ئــەو هــەر وەك ئــەوەی کــە لەگــەڵ مرۆڤێــك قــسە بکــات، واش لەگــەڵ ئــەو ســروودە قسەی دەکرد، پێــی وابــوو ئەگــەر لــە بــەر ئــەو ســروودە بپارێتــەوە، زوو دەتــوانێ لەبــەری بکات. بەڵام بە دەنگیەوە دیــار بــوو کــە چــەندە قینــی لــە ئێمەیــە. ژیــان لــەو پیرەمێــردە حەرام ببوو. من قــەت بــیرم لــەوە نــەدەکرد کــە ئــەو لــە تەمــەنی بــاوکم دایــە. بــەردەوام خەریکی ئەشکەنجە کردنی بووم.

من نزیك بە ١٦ مــانگ لــە ڕەوشــێکی وەهــادا ژیــام. ئەگــەر مــن شــێت نــەبم، کــێ شــێت دەبــێ؟ دوای فێــر بــوونی ژیــانێکی بــەم شــێوەیە کــێ دەتــوانی ژیــانێکی ئاســایی لــەنێو کۆمــەڵگادا هــەبێ؟ ئێمــەش لەگــەڵ ئــەو بەندییانــە ســووتاین. بەندییــەکان لــە ڕوانگــەی خۆیانــەوە لەســەر حــەقو لــە ڕوانگــەی "یوزباشــی"یــەوە لەســەر ناحــەق گــیرا بــوون. زۆربــەیان لــەو ڕێگایــەدا ســەریان نایــەوە، بــەڵام بــۆ جــارێکیش نهێنییــەکیان نەدرکانــد. بــەڵام مــنو کەســانی وەك خــۆم لەســەر چ ڕێگاییێــك بــووین؟ دوای تــەواو

کردنــی ســەربازی کــێ ئاورێکمــان لێ دەداتــەوەو هاوکاریمــان دەکــات. کاربەدەســتانی گرتووخانــە کاریــان بــە ئێمــە نــەمابوو. ئــەوان ئێمــەی بەدبــەختیان بەردەدایــە گیــانی یەکتر. بەندییــەکانیان بەدەســت ئێمــە ئەشــکەنجە کــرد. هــەر کاتێــك بــیر لــەو کردەوانــەی خۆم دەکەمەوە، نــەفرەت لــە خــۆم دەکــەم کــە چــۆن کــاری وام کــردووە! بــەڵام تــازە هــیچ کــارێکم لــە دەســت نایــەو بــە کــەڵکی هــیچ شــتێك نایــەم. ئــیتر نــە دەوڵــەت، نــە هــیچ کەسی تر ئاگای لێم نیەو گــوێم پــێ نــادەن. هــەر لــەم رۆژەوە کــە مــن‌و گــشت هاورێکــانم خزمەتی ســەربازیمان تــەواو کــرد لــەبیر کــراین. ئــاخۆ کــێ ئاگــای لــە فــەقیرە؟ پــێم وایــە هەر بۆ خۆیان ئاگایان لــە خۆیانــە، بــەڵام ئەگــەر ئــەوانیش یــەکتر ئەشــکەنجە بکــەن، وەك منیان بەسەر دێت. ئاخۆ ئەمە ژیانە من تێیدام!.

بــا ئــەمرۆش قــسەکانمان لێــرەدا راگــرین. مــن بریــارم داوە هــەر شــتێك کــە دەزانم پێــت بڵــێم. قــەت لەمــە دوو دڵ مەبــە، ئەگــەر سەریــشم لــە ســەری دانــێم، هــەموو نهێنییــەکانی گرتووخانــەت بــۆ بــاس دەکــەم. دەمــەوێ هــەر شــتێك کــە لــە تارماییــدا مــابێ، تیــشکی بخەمــە ســەر. ئــەتۆش ئــەو شــتانەی کــە مــن بــۆتی بــاس دەکــەم بــە شــێوەیێکی دروســت لــە رۆژنامــەدا بڵاویــان بکــەرەوە. بــا جیهــان بــە گــشتی ئاگــاداری رووداوەکــانی گرتووخانــەی دیاربــەکر بێــت. هەســتە بــە قوربــان، ئــەتۆش بــە منــەوە گرفتار بــووی. تــۆ دەســتت لــە بنەماڵەکــەت هــەڵگرتووەو بــە شــوێن کەســێکی وەك مــن کەوتووی. تۆ نە خــەریکی دەرســەکانتی‌و نــە ئاگاشــت لــە کــچەکەت مــاوە. دەزانــی مــن چــەندە زەرەرو زیــانم بــۆ دەوروبــەری خــۆم هەیــە؟. دوای ئــەوەی کــە لــە ســەربازی گەرِامــەوە تــاکوو ئێــستا، خێــرم بــۆ کــەس نــەبووەو هــەموو کاتێــك مــن وەك ئاورێــك دەوروبــەری خــۆمم ســوتاندووەو زەرەرم بــۆ خــۆم‌و بنەماڵەکــەم هــەبووە. هەســتە بــە قوربان، هەستە بۆ ئەمڕۆ بەسە، سبەینی دیسان یەکتر دەبینین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی پازدەهەم



رۆژی دواتر ئـەو بـەر لـە مـن رۆيـشتبووە سـەر ئـەو تەپۆڵكەيـەی كـە لـە بەرامبـەر نەخۆشـخانەكە بـوو. لـەویّ لـەژێر داری هـەنجیر دانیـشتبوو و چـاوەڕێی دەكـردم. منـیش خـۆم گەيانـدە ئـەویّو دوای ئـەوەی كـە بـە خێرهـاتنی يـەكترمان كـرد، ئـەو دەسـتی پێكرد:

- بـە ئەنقەسـت زۆر كـەم خـواردنو خوراكيـان دەدا بـە بەندييـەكان. ئەگـەريش پێيـان درابا تەنيا يەك كـەف گـیر (هـسكو) شـۆربايان بـۆ چـوار كـەس دادەنـا. بـۆ خواردنـەوەی ئاويش هەر رۆژیّ پـەرداخێك ئاومـان پـیّ دەدان. لـە بـيرم نايـە كـە رۆژێـك لـە رۆژان دوو پـەرداخ ئاومـان پێيـان دابـیّ، تـەنيا رەوشـی سـيخۆڕەكان باشـتر بـوو. بـۆ پێويـستيی بەندييـەكان چـای دەفرۆشـرا، چـونكە يوزباشـی قـازانجی دەكـرد، بـەڵام دواتـر ئـەوەش هەڵگيرا، لەبەر ئـەوەی بەندييـەكان ئاواتيـان خـواردنی چـايێك بـیّ، بـۆ ئـەوەی كـە ئێمـە بتـوانين لانيكـەم تـا رادەيـەك بيانكـەن بـە پيـاوی خۆمـان. چـاكمان دەزانـی كـە خواردنەوەی پەرداخێك چا بـۆ وان زۆر گـرينگ بـوو. لەبـەر ئـەوە بـوو كـە بـەر لـە دانـی چا چاكمان لیّ دەدان.

کاتێك دەچووینە بەر دەرگای بەند، بانگمان دەکردنو پێمان دەگوتن:

- بەند!


- فەرموو گەورەم .

- چای دەخۆن؟

- ئەگەر ئیزنتان لەسەر بێت، بەڵێ.

- ئێوە دەزانن دوای خوادن چیتان بە سەر دێت؟

- بەڵی گەورەم بڕیار بڕیاری ئێوەیە.



- زۆر چاکە، لەگەڵ دوو کەسان چایەکە بێنن بۆ ئێرە.

لــە بەندیخانــەدا شــتی شووشــەیی یــان ئاســن قەدەغــە کرابــوو. ئێمــە بــە قــاپی پلاستیکی چایمان بۆ ئـەوان دەبـرد. ئێمـە ئەوەنـدەش بـێ عاقـڵ نـەبووین کـە بـە پیاڵـەی جام، چاییان بۆ ببـەین. ئەمـە لەگـەڵ نیزامـی گرتووخانـە نـەدەگونجا. ئێمـە هـەر حـەوت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رۆژ جارێكو جاری واش بـوو کـه هـەر پـازده رۆژ جارێـك چـايمان پـێ دەدان. ئـيتر چـايمان به چ شێوەيێك پێيان دەدا.

جـارێ ئەوانـەی کـە تونگـەی چـاييان دەهێنـا لێـدانێکی چـاکيان دەخـوارد. لـەکاتی هێنـانی تونگـەی چـای، جـاری وا بـوو کـە دەسـتيان دەسـووتا. چـونکه ئـەوان دەبـوا تـا بەنديخانە تونگەی چای لەسەر عەرز دانەنێن، دەنا چاييان نەدەخوارد.

بـەڵام هـەموو جـارێ دوو کەسـيان گيـان فيـداييان دەکـردو نەياندەهێـشت دڵۆپێـك چای برژێتـە سـەر عـەرز، تـاکوو دەگەيـشتنە بـەر دەرکـی بەنـد. لەبـەر چـی ئـەڵێم بـەر دەرکی بەند؟ بڵێ بۆ؟

ئەوان تونگـەی چـاييان تـا بـەر دەرکـە دەهێنـاو لێـدانيان دەخـواردو دەرۆيـشتن بـۆ نێو بەند، بەڵام چايەکە هەر گـەرم بـوو. مەگـەر دەبـوو چـای گـەرم بـدەين بـە دوژمنـانی نەتەوەکەمان. نە، نەدەبوو هەر بۆيە بانگمان دەکردن:

- بەند!

- فەرموو گەورەم.

- بۆ لێدانی گشتی بە ريز راوەستن.

بەنديیـەکان فێـری ئـەوەش ببـوون. هـەر بۆيـە هـەموويان لەبـەر دەرگـای بەنـد بـە ريـز بـۆ لێـدان رادەوەسـتان. ئەوانـەی کـە زووتـر لێـدانيان خواردبـا، جـاری وابـوو چـای گـەرميان بـەر دەکـەوت. ئـيتر بـڕوانن، وايـان بەسـەر هـاتبوو کـە دەيانهەويـست زووتـر لێيان بدرێت بۆ ئەوەی کە بتوانن چای گەرم بخۆن.

خواردنـەوەی چـای بـەم شـێوەيە بـوو. دە وەرە بـۆ خواردنـەوەی چـای هـەم دەسـتی خـۆت بـسووتێنەو هـەميش لێـدان بخـۆ. سـەرەڕای ئـەم وەزعـە ئەگـەر هـەموو رۆژيـش چـايمان بـۆ هێنابـان نەيانـدەگوت مـەهێنن. بۆيـە زۆر جـاران ئـەو شـێوە هەڵـسوکەوتەی ئەوان ئێمەی تووشی سەرسووڕمان دەکرد.



کتێبخانەی ديجيتاڵی
www.rabari.org

رۆژ لەگــەڵ رۆژو کـــات بـــەکات، ئەشـــکەنجەکانمان تونـــدتر دەکـــردەوە. ئەگـــەر کەسێك بە دژی ئێمە هەڵوێستی گرتبـا، دیـار بـوو کـە چـی بەسـەری دێـنین. هـەر بۆیـە لـە سـەدا نـەوەدو پێنجـی بەندییـەکان بـەبێ یـەکو دوو بڕیارەکـانی ئێمـەیان جێبـەجێ دەکـرد. "یوزباشـی"یەکـەمان دەیگـوت: ئێـوە دەبـێ لـەو دەرفەتـە کـەڵك وەرگـرنو لـەو بەندییانە وڵاتپارێزی تـورکو تـورکی چـاك دروست بکـەن. دەبـێ وا دەماریـان بگـرن کـە وەك مروڤێکـی چـاك، هاوڕێیانیـان ئاشـکرا بکـەن. بـەڵام قـەت یوزباشـی بـەو ئامانجـەی نەگەیـشت. نـە ئـەوان بـوون بـە وڵاتپـارێزی تـورکو نـە هـیچ کـاتێ کۆتـایی بـە بەرخودانەکانیان هات.

ئێمــە هــەر کاتێــك شــێوەیێکی نــوێی ئەشــکەنجەمان دەدۆزییــەوە، زۆر خۆشــحاڵ دەبووین. جاری وابوو ئێمـە دەهاتینـە بـەر دەرگـای بەنـدو بـە دەنگێکـی بـەرز فـەرمانمان پێ دەدان:

- بەند! خۆتان بشارنەوە.

- جارێ قسەکانمان تەواو نەبوو کە هەر هەموویان خۆیانیان دەشاردەوە.


- ئەوانـەی کـە چـاك خۆیانیـان نەشـاردبۆوە، هـەم لێـدانیان دەخـواردو هـەمیش برسـی دەمان. جاری واش بوو کـە دوو یـان سـێ کـەس پێکـەوە خۆیانیـان لـەژێر تـەختی خـەودا دەهاویـشتە سـەر یـەكو خۆیـان دەشـاردەوە. ئێمـەش لـە بـەر ئـەوەی کـە کەسـایەتیان بشکێنن، پێمان دەگوتن:

- جگە لەوانەی کە لـەژێر ئـەو تەختەیـە دان، ئـەوانی تـر بـە گـشتی هەڵسن. دواتـر بـە دەنگێکی بەرز دەمانگوت:

- بڕوانن! ئەم بـێ ناموسـانە خـەریکی چـین. ئێـوە دەزانـن سـزای بـێ ناموسـی چـیە.؟ ئەوانیش دەیانگوت:

- گەورەم، سزا دان لە دەستی ئێوە دایە.

بـانگی بەرپرسـی بەنـدمان دەكـرد. ئـەویش دەهـاتو بـە شـێوەی نیزامـی ریـزی ئێمـەی دەگـرتو رادەوەسـتا. ئەوانـەی ببـوون بـە پیـاوی ئێمـە، هـەموو فەرمانـەكانی ئێمـەیان جێبـەجێ دەكـرد. هـەر بۆیـە زۆر جـار بەرپرسـەكانمان لـەنێو بەندییـەكان دەهێنایـە دەرێو گـشت بەندییـەكانمان بـە شـێوەی نیزامـی ریـز دەكـردەوە. دواتـر ئێمـە چـەند گاردیـان دەكەوتینـە نێویـانو كـەمێك هاتوچـۆمان دەكـردو بـاش لێیانمـان دەڕوانیو پێمان دەگوتن:



- راوەسـتانی ئێـوە نیزامـی نیـە، ئێـوە دەبـێ سـزا بـدرێن. هاورێیـەكی دیكـە بـە تووڕەییەوە دەیگوت:

- تـا ژمـارە سـێ هـەر یـەكێك لـە ئێـوە دەبـێ چـوار جگـەرە لـەنێو زاری دابـنێ.

ئەو بڕیارەیان بە پەلە جێبەجێ دەكرد. دواتر گاردیانێكی تر دەیگوت:

- بەرپرس!

- فەرموو گەورەم.

- پەنجەرەكان دابخە.

- بەسەرچاو گەورەم

دوای داخستنی پەنجەرەكانیش هاورێیەكی دیكە دەیگوت:

-بەند، جگەرەكانتان لەنێو زارتان دابنێنو ئامادە بن بۆ هەڵكردنیان.



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هـەر کامــەیان چـوار جگـەرەیان پـێ بـوو و لـە کاتێکـدا کـە لـە دەسـتی چـەپیاندا مەشـخەڵو لـە دەسـتی راسـتیاندا داری مەشـخەڵ هـەبوو، چـاوەڕێی فـەرمانی گاردیـان بـوون. هــەموو گاردیانــەکان هــەر کامــەیان دەبوایــە فــەرمانێکیان دابـا. یــەکێکیان فەرمانی دا:

- هەڵیکەن.

بــە دەنگێــك گــشت مەشــخەڵەکان هەڵــدەبوون، ئەوانــەی کــە مەشــخەڵەکانیان هەڵنــەدەبوو، دیـار بـوو کـە چـیان بەسـەر دێ. هـەر چـیان کردبـا، نەیانـدەتوانی بـەبێ هەڵـە کـردن، خۆیـان لـە دەسـت ئێمـە رزگـار بکـەن. تـاکوو جگـەرەکانیان هـە ڵـدەکرد لێـدانێکی چـاکیان دەخـوارد. ئـەو بەندییانـە هـەر کامـەیان چـوار جگـەرەیان پێکـەوە هــەڵکردبوو، پەنجــەرەی بەندەکــەیان داخـراو بـوو. هــەر بۆیــە دەسـتیان دەکـرد بــە کۆخـەکۆخ. دووکـەڵ بەسـەر سـەریاندا بڵنـد دەبـۆوەو چـاو چـاوی نـەدەدیت. ئێمـەش تێروپـڕ پێیـان پێدەکـەنین‌و زۆر جـاریش جگـەرەبێکمان بـە کەسـێك دەداو ئـەویش هـەڵی دەکرد. دواتر پێمـان دەگـوت: دەبـێ دووکـەڵی ئـەو جگەرەیـە بـە چـاو و بـە گـوێ بدەیـە دەرەوە.

ئەمە فـەرمانێکی عاقڵانـە نـەبوو، چـۆن کـارێکی زەحمەتـە. زۆریـان گوشـاریان بـۆ خۆیـان دەهێنـا، بـەڵام پێیـان نـەدەکرا، هەربۆیـەش لێـدانیان دەخـوارد. ئێمـە تـەنیا مەبەستمان ئـەوە بـوو کـە لێیـان بـدەین. ئێمـە بـە وانمـان دەگـوت کـە قـەت لـە کەسـی بێتـاوان نـادەین. کاتێـك نـەیانتوانیبا دووکـەڵی جگـەرە لـە گوێیـان بدەنـە دەرێ، ئەمـە بە واتای بەجێ نەگەیاندنی فەرمانی ئێمە بوو. کاتێك کە پرسیارمان لێ دەکردن:

- ئێمە قەت لە کەسانی بێتاوان دەدەین؟ وەڵامیان ئەوە بوو:

- نە، گەورەم!

بەر لەوەی کـە لـە یـەکێکیان بـدەین، تاوانێکمـان بـۆ سـاز دەکـردو دواتـریش لێمـان دەدا. با ڕووداوێکی دیکەشت بۆ بگێڕمەوە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رۆژێـك هێرشمـان كـرده سـەر بەنـدێك. دەمانهەویـست تاوانێكیـان بـۆ بدۆزینـەوه. هەر بۆیه هاوڕێیەك گوتی:

- هەركامتان چوار جگەره هەڵگرنو له زارتانی دابنێن. هاوڕێیەكمان گوتی:

- خۆتان بۆ هەڵكردنی جگەرەكانتان ئاماده بكەن.

یـەكێك لـە بەندییـەكان بـە هەڵـە لـەو فەرمانـە تێگەیـشتبوو و جگەرەكـەی هـەڵكردبوو. دواتـر كـە دیتبـووی هـیچ كەسـێك جگەرەكـەی هـەڵ نـەكردووه، هـەوڵی دا كه جگەرەكەی خاموش كاتەوه. بەڵام من كه ئاگام لێ بوو، گوتم:

- ئـەو كەسـەی كـە بەرلـە فەرمانەكـەم، جگەرەكـەی هـەڵكردووه، بـا دوو هـەنگاو بێتـە پێـشەوه. ئـەو كەسـە لەبـەر ئـەوەی كـە هەڵەكـەی بـشارێتەوه، هاتـەوه پێـشێو بـە دەنگێكـی بـەرز بڕیارەكـەی جێبـەجێ كـرد.

جـاری وا بـوو كـە ئێمـە لەبـەر راوەسـتانی نیزامـی لێیـان خـۆش دەبـووینو ئـەوانمان ئەشـكەنجە نـەدەكرد. بـەڵام ئـەوكات ئێمـە بـۆ لێـدانیان هـاتبووین، هـەر بۆیـە بـە تووڕەییەوه پێم گوت:

- گوتم جگەرەكانتان هەڵكەن، یان گوتم ئاماده بن بۆ جگەره هەڵكردن؟

-گوتت بۆ جگەره هەڵكردن ئاماده بن گەورەم!

- ئێ زۆر باشه، كه وابوو بۆ هەڵەت كرد؟

- من لەبەر نەزانیی خۆم، فەرمانی ئێوەم جێبەجێ نەكرد.

- باشه ئێستا بە هەڵە تێگەیشتن له فەرمانەكان سزای چیه؟

- هەرچی ئێوه بفەرموون.

- باشه خۆتان بۆ لێدان ئاماده كەن.

- دوای لێدانێكی زۆر، پێم گوت:

- بڕۆ سەر جێگاكەت.

- هەر چی ئێوه بفەرموو گەورەم.



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێم خۆشە ئـەوەت بـۆ بـاس بکـەم کـە ئـەو بەندییـە کەسـێکی نـەزان نـەبوو. ئـەو خوێنـدکار بـوو. بـە پێـی زانیارییـەکان نـاوبراو لـە ژێـر ئەشـکەنجەی پولیـسدا دانـی بـە هیچ تاوانێك دانەنابوو. بۆیە "یوزباشی" زۆر لێی تووڕە بوو.

یوزباشی دەیهەویست کـە ئێمـە هـەموو ڕۆژێ لـەو کابرایـە بـدەین. ئـەو کابرایـە کـە زانـاو خوێنـدەوار بـوو بـە منـی دەگـوت: "مـن نـەزانم"، بـەڵام کـێ هـەبوو کـە لـەو قسەیەی تێ بگا. بۆیە نەزان هـەر بـۆ خـۆم بـووم. مـن ئێـستا تـێ دەگـەم کـە ئـەوان زۆر جـاران شـتی باشـیان بـە ئێمـە دەگـوت، بـەڵام بەداخـەوە ئێمـە لێیـان تێنەدەگەیـشتین. کاتێـك دەیـانگوت: "مـن نـەزانم"، ئێمـە خۆشـحاڵ دەبـووینو پێمـان وا بـوو کـە بـۆ خۆمان زۆر ئاقڵین.

ڕۆژێـك لـە ڕۆژانـی هـاوینی دیاربـەکر مـانگی ئـووت بـوو. حەسـاری گرتووخانـە کە لە بێتۆن ( سیمان، چیمەنتۆ) ساز کرابوو، وەك ئاوری لێهاتبوو.

لەسـەر ئـەو سـیمانە بەندییـەکانمان لەسـەر زگ درێـژ دەکـردو بـەم شـێوەیە بـە دوای خۆمانـدا ڕاماندەکێـشان. جـاری وابـوو بـە چـەندین کاتـژمێر ئەمـە کارمـان بـوو. وایـان بەسـەر دەهـات کـە تاقـەتی جووڵـەیان نـەدەما. سـەرەڕای مەشـقی نیزامـی دەبـوا سروودی نیزامیشیان خوێندبا.

ڕۆژێـك دیـسانەکە گاردیـانی هـاورێی ئێمـە کـە بـە " گەسـتاپۆ" بانگمـان دەکـرد، بەندییـەکانی بـۆ مەشـقی نیزامـی هێنـابۆوە دەرێ. کاتێـك ئـەوان ئەزیـەت دەکـران، ئێمەش حاڵمان پێ تێك دەچوو. بۆ خۆشـم نـازانم کـە ئەمانـە چـۆن تاقـەتیان دەهێنـا. بـا بگەڕێینـەوە سـەر کـارو کردەوەکـانی ئـەو ڕۆژەی " گەسـتاپۆ". گەسـتاپۆ بـە سـەریاندا هاواری دەکرد:

- دەنگتـان نـایێ، دەنگتـان نـایێ!. دەنگـی بەندییـەکان تـاکوو دەهـات بـەرزتر دەبـۆوەو تەپورەبەی لاقەکانیان باشتر دەهات. بەڵام گاردیان بەسەریاندا دەیگوڕاند:

- دەنگتان نایێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەمانزانی کە گاردیـان ئـەو رۆژە بـەڵاییێکیان بەسـەر دێنـێ. لـە راسـتیدا ئێمـە هـەر بـەدوای بیـانوودا دەگـەڕاین، بـەڵام لـە راسـتیدا ئەمـە نیـشانەی نـەزانیی ئێمـە بـوو. " گەسـتاپۆ" بـەڵاییکی بـە سـەریاندا هێنـا کـە حاڵیـان تێدا نـەمابوو. ئێمـە چـەند گاردیـانی دیکـەش راوەسـتابووین‌و لـە دوورەوە لـە وانمـان دەڕوانـی. ئـەوکات هـەر گاردیانێـك بەندییـەکانی هێنابایـە دەرەوە، چـەند گاردیـانی دیکـەش هـەبوون کـە لـە دوورەوە چاوەدێرییان بەسەر وەزعەکەدا دەکرد.

یەکـەم: بـۆ ئـەوەی کـە ئەگـەر بەندییـەکان هێـرش بکەنـە سـەری، لـە دەسـتی بەندییـەکان رزگـاری بکـەن. دووهـەم: بـۆ ئـەوەی کـە بـزانن کـام گاردیـان چـاکتر ئەشکەنجەیان دەکات. ئەو بڕیارەش لەلایەن "یوزباشی"یەوە درابوو.

لە کـاتی هێنـان‌و بردنـی بەندییـەکان لـەناکاو گوێمـان لـە دەنگـی " گەسـتاپۆ" بـوو کە بە دەنگێکی بەرز هاواری دەکرد:

- هـاوار، هـاوار بەندییـەکان لـێم دەدەن، زوو کـەن فریـام کـەون!. لەگـەڵ بیـستنی ئـەو دەنگە، بەبێ بیرکردنەوە بانگی یەکترمان کردو گوتمان:

- بەندییـەکان راپـەڕینیان کـرد، بەندییـەکان راپـەڕینیان کـرد. لـە راسـتیدا نەمانـدەزانی چی رووی داوە، دەنگ‌و هاواری ئێمە لەنێو گرتووخانەدا بڵاو بۆوە.

گاردیانـەکان هـەر کـە دەنگـی راپـەڕینیان گـوێ لێ بـوو، بـە هـەڵاتن هاتنـەوە بـەر دەرکی ئەو بەندە. ئێمـە هـەر چـوار گاردیـان بەربووینـە گیـانی بەنـدییێك‌و دەسـتمان کـرد بە لێدانیان. زۆربـەی ئێمـە باوەڕمـان بـەو درۆیـە کردبـوو، بـەڵام راسـتیەکەی ئەمـە بـوو کە یەکێك لـە بەندییـەکان تاقـەتی نـەمابوو و کـەوتبووە سـەر عـەرزو نەیـدەتوانی درێـژە بـەو مەشـقە نیزامیـە بـدات. گاردیـانش لیـێ دابـوو و ئـەویش زۆر تـووڕە ببـوو و لـە گاردیـانی دابـوو. "گەسـتاپۆ" وای پێـشان دەدا کـە هـەر هـەموویان پێکـەوە لـە گاردیانیـان داوە. بۆیـە ئێمـەش ترسـابووین. ئـەوەی لـە هـەموویان زۆرتـر دەترسـا یوزباشیەکەمان بوو. ئـەو بـەبێ چـەند گاردیـان قـەت نەیـدەوێرا کـە هاتوچـۆی بەنـدەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بکات. هەر کاتێـك یوزباشـی ڕۆیـشتبایە نێـو بەنـدەکان، ئێمـە دە تـاکوو پـازدە گاردیـان لەگەڵی دەرۆیشتین.

بــەڵام هــەر چــی ڕوو دەدا بــا ڕوو بــدات، تــازە بەنــدییێك لــە گاردیــانێکی دابــوو. لێـدانی گاردیانــەکان زۆر جێگـای مەترسـی بـوو. ئێمـە دەبوایـە پـێش ڕووداوی وامــان بگرتبا. ئەگەر ئێمـە سـزاییێکی قورسمـان بـۆ کردەوەییێکـی بـەم شـێوەیە بەرچـاو نـەگرتبا، ڕۆژێکی تر بەنـدییێکی دیکـە دەیتـوانی کـارێکی وا بکـات. هـەر بۆیـە ئێمـەش کەوتینـە نێـو بەنـدو هـەر چـوار کـەسمان بەربووینـە گیـانی بەنـدییێکی دەسـتو لاق بەسـتراو و بـۆ مــردن لێمــان دا. ئــەو گاردیانــەی کــە لێــدانی خواردبــوو، لــەخۆڕا هــار ببــوو. لەگــەڵ هــاتنی ئێمــە ئــەو چــەند کەســی بەلێــدان لەســەر ئــەرز خــستبوو کــە لــە هــۆش خۆیــان چووبوون. دواتریش چـەند بەنـدیی دیکـە کـە کـەم تەمـەن بـوون لەگـەڵ خـۆی هـەڵگرتن‌و بردیە دەرەوە. ئێمە دەرکمان بـەوە کـرد کـە بـۆ کوێیـان دەبـات. تـا ئـەوان هـاتن، ئێمـە بەندییەکانی دیکـەشمان بـە تونـدی ئەشـکەنجە کردبـوو کـە هـەر هەمووشـیان وەك مـردوو ڕاکێشرا بوون. گاردیان بەدەنگێکی بەرز گوتی:

بەندییــەکان! ئێــوە لــە منتــان دا، بــەڵام مــن ئــەوەی کــە بــە ســەرتانم هێنــاوە، زۆر کەمــە. لەبــەر ئــەوەی کــە بــێ حورمــەتیتان پێکــردووم، هاوڕێیــانی ئێــوەم بــۆ شــوێنێك بردوە. ئێوە دەزانن ئێستا من چیم لەگەڵ ئـەوان کـردوە. بـا پێتـان بڵـێم: ئـەوانم بـردو بـە چاکی لێیــانم دا. ئێــستا ئێــوە زوو کــەن بڕۆنــە ژوورێ، بــۆ ئــەوەی کــە ئێــوەش وەك ئــەوان لێ بکەم. با ئـەوانیش بـە سـزای خۆیـان بگـەن، دواتـر دەتانبـەم بـۆ بەنـدی تاکەکەسـی. لــەم ڕۆژەوە نــاوی ئــەو هاوڕێیــەمان بــوو بــە " گەســتاپۆ". هــەر یەکــەو لــە ئێمــە گاردیانــەکان ناوێکمــان بــۆ خۆمــان دەدیتــەوە. ئــەویش نێــوی بــوو بــە "گەســتاپۆ"و خۆشی لەو نێوە دەهات.

لــەو ڕۆژەدا تــەنیا لێـدان هــەبوو. هــیچ باسـێك لــە خــواردن نــەبوو. ئێمــە بــەڵاییێکی وامان بە سەریاندا هێنا، کـە بـۆ بەندییـەکان بـە گـشتی بـوو بـە دەرسـی عیـبرەت. دوای

ئەمــە ئــیتر كــەس جورئــەتی نــەبوو دەنگــی بــەرز بكاتــەوە یــان لــە ژێــر بڕیــاری ئێمــە دەربــچێ. دواتــر بەندییــەكانمان بــرد بــۆ ژۆری ئەشــكەنجەو لــەوێ بــە دڵــی خۆمــان ســزای ئــەوانمان دیــاری كــرد. ئێمــە هــەموو رۆژێ ئــەوانمان ئەشــكەنجە دەكــردو دەمانهێنانــەوە سەر بێتۆنو بەدار بەردەبووینە گیانیان.

- جــاری وابــوو كــە "یوزباشــی"یەكــەمان دەهــاتو گــوێی لــە ئەشــكەنجەی ئــەوان رادەگرت. دواتر بانگی ئێمەی دەكردو دەیگوت:

- مــن گــوێم لــە دەنگــی ئێــسكە شــكاوەكان نیــە. لێیــان دەن، بــا ئێــسكی ســاغ لــە گیانیانــدا نــەمێنێ. لــە راســتیدا كاتێــك یوزباشــیەكەمان وای دەگــوت، لێــدان بــۆ ئێمــە دەبووە كارێكی هێــژاو پــیرۆز. تــەنیا ســزای تــووڕە بــوون لــە گاردیــان ئەمەیــە، ئــیتر بــۆ خۆتــان بــیری لێ بكەنــەوە. ئەگــەر كەســێك لــە گاردیــان بــدات، چــی بــە ســەر دێــت. دەزانی بۆ چی، ئەگـەر بەنـدییێك هەڵـەییێك بكـات، لەبـەر چـاوی ئـەو، گـشت بەندییــەكان ئــازار دەدرێــن. یوزباشــیەكەمان هــەموو كاتێــك دەیگــوت: "بــڕوانن هاوڕێیــان، ئەگــەر ئێــوە بتــوانن بەندییــەكان بەردنــە گیــانی یــەكتر، كارەكانتــان راحــەتترو ســووكتر دەبــێ، ئیتر بـا بـزانم چـی دەكـەن. ئەگـەر ئێـوە سـەركەون، واتـە ئێمـە سـەركەوتووینو رێگـای راپەڕینمان لەوان گرتــووە. ئــەو قــسانەی یوزباشــی بــۆ ئێمــە رێنــوێنی بــوون، بــەڵام ئێمــە قەت ئەوەمان پێ نەكرا.

لــەكاتی مەشـــقو راهێنـــانی نیزامیـــدا ئەگـــەر كەســـێك هەڵـــەی كردبـــا، گـــشت بەندییەكان سزا دەدران. ئێمـە كـارێكی وامـان دەكـرد كـە گـشت بەندییـەكان بەوانـە كـە هەڵەیان دەكرد بڵێن كە خـۆت فێـری ئـەو مەشـقە نیزامیـە بكـە، ئـەوە لەبـەر تۆیـە كـە ئێمە سزا دەدرێین".

بــەڵام لــەباتی ئــەوەی كــە ئەمانــە وا بــە یــەكتری بڵــێن، یــەكتریان فێــری خوێنــدنی ســروودی نیزامــی دەكــرد. لەبــەر ئــەوەی كــە یــەكتر فێــر نەكــەنو هاوكــاریی یــەكتری



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەکـەن، قـسەکردنیش قەدەغـە کـرا. بـەڵام هـەر نـەمانتوانی بـە تـەواوی پـێش لـە قـسە کردنیان بگرین. جاری وا بوو کە دوو کەسمان دەهێنایە دەرەوەو پێمان دەگوت:

- ...زووکە پێنج زیللەی چاك لە ...بدە.


ئەگـەر لێـی نـەدابا، هـەردووکیان لێـدانیان دەخـوارد. بـۆ ئـەوەی کـە ئێمـە لـە هەردووکیان نەدەین، بـۆ خۆیـان لـە یـەکتریان دەداو لـە یـەکتر تـوورەش نـەدەبوون. ئێمـە زۆرمـان هـەوڵ دا بـەڵام نـەمانتوانی نـاکۆکی لـە نێوانیانـدا سـاز بکـەین. ئـەوان وا پێکەوە گرێدراو بوون کە ئێمە لێیان تێنەدەگەیشتین‌و نەماندەزانی چی بکەین.

هەموو رۆژێ یوزباشی بـە ئێمـەی دەگـوت: " چـیتان کـرد، بـۆ لێیـان نـادەن، نـەکا زگتـان پێیـان بـسووتێ. بـڕوانن، ئەگـەر ئێـوە بـە قـسەم نەکـەن، لـە بـاتی ئەمانـە بـۆ خۆتـان سـزا دەدرێـن". دوای ئـەو قـسانە ئێمـە مەشـرووبمان دەخـواردو سـەرخۆش دەبووین‌و بەردەبووینە گیانی بەندییەکان".



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی شازدەهەم



ئـەو پیـاوە چاوسـوورە واتـە یوزباشـیەکەمان "ئەسـات ئۆکتـان یلـدران" کـە پـیّ خـۆش نـەبوو کـەس بزانـیّ ئـەو بڕیـارو میّتۆدەکـانی لیّـدان لەلایـەن خۆیـەوە ئامـادە دەکـریّن، دەیهەویـست تـاوانی ئـەو ئەشـکەنجانە بخریّنـە ئەسـتۆی گاردیانەکان. هـەر بۆیـە کاتیّـك لەگـەڵ بەندییـەکان قـسەی دەکـرد، وای دەنوانـد کـە ئـەو مەلەکەیـە، بـەلاّم لـە راسـتیدا ئـەو مەلەکـەی خراپـیو دوژمنایەتی بوو.

یوزباشـیەکەمان مرۆڤێکـی زۆر ترسـنۆك بـوو. ئـەو مـاددە سـڕکەرەکانی دەکیّـشا، ئـارەقی دەخـواردەوەو هـەموو کاتیّـك سەرخۆشو چاوی خۆمار بـوو. ئـەو پیّـی خـۆش بـوو کـە ئیّمـەش وەك ئـەومان لیّ بیّـت. ئـەو دەسـتی ئیّمـەی بـۆ هـەر شـتیّك ئـاوەلاّ هیّـشتبوّوە. جـاری وابـوو ئیّمـەی بـۆ خواردنـەوە بـانگ دەکـرد. بـۆ ئیّمـە پیکـی ئـارەقی پـڕ دەکـردو جگـەرەی بـۆ ئیّمـە هەڵدەکرد. دواتر دەسـتی دەکـرد بـە قـسە کـردن دژ بـە بەندییـەکان. وا میّـشکی ئیّمـەی دەشۆردەوە کـە دەمـانگوت: هـەر ئیّـستا بـڕۆینو چـەند کەسـیّکیان لیّ بیکـوژین. ئەمـە یەکیّك لە سەرکەوتنەکانی یوزباشی بوو.

لـە رۆژی دوازدەی سـپتامبردا یوزباشـی ئیّمـەی چـاك سـەرخۆش دەکـردو دواتـریش ئیّمـەی دەنـاردە گیـانی بەندییـەکانو بـە لیّـدانی بەندییـەکان تـەواو مەسـتو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ســەرخۆش دەبــوو و کــەیفی دەکــرد. ئــەو بــڕوای بــە هیــچکام لــە ئێمــە نــەبوو. لــەکاتی ئەشکەنجەی بەندییەکان دەهاتەوە لامانو دەیگوت:

- گاردیــان! ئەگــەر مــن یــەکێك لــە بەندییــەکان بوومایــە، چــیتان بــە مــن دەکــرد؟.

ئێمەش ئەوەی لێ فێر ببووین:

- ئەگەر ئەتۆ وەك بەندییێك بێی بۆ ئێرە، لە دایکت....

- ئافەرین، ئەگەر وات نەگوتبا، لە دایکی تۆم....

بڕوانن! نێــوان ئێمــەو یوزباشــی ئەوەنــدە خــۆش بــوو کــە دەمــانتوانی جنێــوی وای پــێ بــدەین، کاتێــك جنێومــان پــێ دەدا خۆشــحاڵ دەبــوو. لــە راســتیدا ئێمــە زۆر سەربەســت بــووین، هــەر بۆیــە نەماندەویــست کــە لــەو خۆشــیەدا بێینــە دەرێو بڕۆینــە خزمەتی ســەربازیو ناچــار بــین کــە زەحمەتــەکانی ســەربازیو نیگابــانی تەحــەموڵ کــەین. ئێمــە ئــازادییێکی تــەواومان هــەبوو. ئێمــە رۆژانــە دوو جــار ســەرژمێریی بەندییــەکانمان دەگــرت، جارێــك بــەیانیانو جــارێکیش ئێــواران، بــۆ ئــەوەی بــزانین کــە کــێ مــاوەو کــێ هــەڵاتووە. لــە راســتیدا کــەس نەیــدەتوانی لــە گرتووخانــەی دیاربــەکر هــەڵێ، بــەڵام بیانوومان پێ دەگرتن.

زۆربــەی هــەرە زۆری ئەوانــەی لــە ســەرژمێرییەکاندا بەشــدار دەبــوون، پۆلیــسی ئاســایی بــوون. ئێمــەوا تێدەگەیــشتین کــە ئــەم کەســانە لەلایــەن "میــت"ەوە نێــردراون. ئەوان جلوبــەرگی ئەفــسەرەکانیان لەبــەر دەکــردو لەگــەڵ ئێمــە دەهاتنــەوە نێــو بەنــدەکان. ئەوان بە تایبــەتی لــەو کەســانەیان دەدا کــە لــە گرتووخانەکانــدا قــسەیان نــەدەکرد. بــەڵام دیــسانەکەش ئێمــە هــیچ لێیــان تێنەدەگەیــشتین. یوزباشــی بــە ئێمــەی دەگــوت :"ئێــوە نــابێ کارتــان بــەو ئەفــسەرانە بــێو بــبن بــە هۆگریــان". ئــەم ئەفــسەرانە بــۆ ئــەوەی کــە بیانوویــان بــۆ لێــدانی بەندییــەکان هــەبێ نەخوێنــدەوارەکانیان دەهێنایــە دەرێو پێیــان دەگــوتن، بــەم شــێوەیە ســەرژمێریی بەندییــەکان بگــرە "یــەك، ســێ، پێــنج، حــەوت". بەڵام هێندێکیان هەڵەیان دەکردو توشی ئەشکەنجە دەبوون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لــەو شــەوانە کــە ئەفــسەرەکان نیگابــان دەبــوون، بەندییــەکان هــیچ خۆشــییێکیان نــەدەدیت. جگەرەکێــشان، چــوونی ئاودەســتو ئاوخواردنــەوە قەدەغــە کرابــوو. کاتێــك ئێمــە دەچــووینە ژووریٚ بــۆ ســەرژمێری، ئــەوان بــۆ ریٚــز گرتنــی نیزامــی وا پۆتینــەکانیان لــە ئــەرز دەکوتــا، کــە دەنگــی لاقیــان لــە تــەواوی گرتووخانــە دەنگــی دەدایــەوە. ئەفسەرەکان بە ئێمەیان دەگوت:

- بیانژمێرە!

هەر کەسێك ســەرژمێریی خــۆی دەکــردەوە، هــیچ کەســێك لــە خــۆی تێــك نــەدەدا. هەر بۆیە ئەفسەرەکە دیسان کەسێکی دیکەی بانگ دەکردو پێی دەگوت:

- سەر لەنویٚ بیانژمێرە!

هێنــدێکیان هەڵــەیان دەکــردو هــەر بۆیــە تووشــی لێــدان دەبــوون. کاتێــك گاردیــان ئەو رووداوەی بۆ ئێمە شی دەکــردەوە، هاورێیــەك بــە نــاوی "حەســەن"م هاتــەوە بــیر، کــە لە کاتی ژماردندا لە باتی پازدە گوتی شازدە. ئەفسەرەکەش پێی گوت:

- بەس!

هەموومان راوەستاین. ئەفسەرەکە پێکەنیو پێی گوت:

- وەرە، وەرە با پێت بڵێم ژمارەکە چەندە.

حەسەن کەمێك لێــی نزیــك بــوو و بــە دەنگێکــی بــەرز بــە شــێوەی نیزامــی رێــزی لێگرتو پێی گوت:

- من حەسەن مێردین! بفەرموو.... !

حەسەن جاریٚ قسەکەی تــەواو نــەکردبوو کــە ئــەو ئەفــسەرە وای لێــدا، کــە کــەوتو ئــــیتر هەڵنەســــتایەوە. ئێمــــە هیــــچمان لــــە دەســــت نــــەدەهات. ئەفــــسەرەکە سەرژمێرییەکەی بۆی راست کردو گوتی:

- ئێوە دەبیٚ بە پەلە ئەو بەندییە وەهۆش بێننەوە. دواتر وەدەرکەوت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەدەرکـەوتن‌و رۆیـشتن. ئـەوان رۆیـشتن بـەڵام ئـەو هاوڕێیـە مـردووە، لـە سـەر دەسـتمان مایـەوە. ئێمـە ئاومـان بـە سـەرو دەم‌و چـاویدا کـردەوە، مەسـاژمان داو باوەشینمان کـردەوە، بـۆ ئـەوەی کـە فێنـك بێتـەوە. زۆری پێنەچـوو کـە حەسـەن هاتـەوە هـۆش خـۆی‌و چـاوەکانی کـردەوە. کاتێـك چـاوانی کـردەوە، زۆر خۆشـحاڵ بـووین کـە نـەمردووە. ئـەو تـازە وەهـۆش هـاتبوو و ئێمـەی لەگـەڵ گونـدییێکی خـۆی، یـان کـەس‌و کاری خۆی لێی تێك دەچوو، یان لە یەکێك لە ئێمەی دەپرسی:

- ئـامۆزا، وەزعـی مـامی مـن‌و خێزانەکـەی چـۆنە؟ زۆر لەمێـژە ئـەوانم نـەدیوە. لـەم حاڵەدا حەسەن رۆژی دووهەم بوو کە بە هۆش هاتەوە.

ئـیتر ئـەو شـتانەی کـە لـە کـاتی بێهوشـیدا گوتبـووی، کـەوتبووە سـەر زاری ئێمـەو ئێمەش لەو رووداوەو زۆر رووداوی تر یاریی "پاندوومین"مان ساز دەکرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی حەودەهەم

ئێمە ئیتر لەوە تێگەیشتبووین کە ئەوان لە لێدان ناترسن و ئێمە بە لێدان بە هیچ یەك لە ئامانجەکانمان ناگەین، ئیتر دەمانهەویست هەموو مێتۆدەکانی ئەشکەنجە تاقی کەینەوە. مێتۆدی وامان دەدۆزییەوە کە بتوانین بیانخەینە ژێر گوشار. لە شوێنی راهێنانی نیزامی بیری ئاودەست هەبوو کە سەری ئەو بیرەمان بە بێتونێکی گەورە داپۆشیبوو. بۆ سزادانی بەندییەکان ئەوانمان ناچار دەکرد کە سەری بیرەکە هەڵگرن و بەپێی سزاکەیان ئەوانمان دەخستە نێو پیسایی بیری ئاودەست. ئەم شێوە سزادانە بۆ ئێمە ئاسانتر و بۆ ئەوانیش سزاییێکی قورس و گران بوو، چونکە ئەوان لەنێو قووڵایی بیری پیساییدا دەمانەوە. کاتێك دەمانهێنانە دەرەوە، جاری وابوو کە بۆ ماوەی چەند رۆژ بۆنی ئەو پیسایییەیان لێ دەهات، چونکە ئاومان پێ نەدەدان بۆ خۆشۆردن.



بۆنی ئەو پیساییە لەنێو بەندی گرتووخانەدا بڵاو دەبوەوە. ئەو گاردیانەی کە ئەو مێتۆدەی بۆ ئەشکەنجە دۆزیبووەوە، لەلایەن یوزباشیەوە مانگێك مورەخەسی و پارەییێکی چاکی وەردەگرت.

ئێمە لەنێو گشت بەندەکاندا تەنەکەمان دانابوو، بۆ ئەوەی کە بتوانن خاك و خۆڵی نێو بەندەکەیان فرێ بدەن. بەڵام بۆ پاکوخاوێنی لە حەوتوودا رۆژێکمان دیاری کردبوو و هەر کەسێك بەر لەو رۆژە زبڵدانەکەی پڕ کردبا، بە توندی سزا دەدراو

سزاکەشی خواردنی ئەو خاكو خۆڵـەی نێـو زبڵدانەکـە بـوو. ئـاخۆ کـەس هـەبوو کـە بڵـێ نـاخۆم. کاتێـك کەسـێك بـە پێـچەوانەی بڕیـاری گاردیـان بجووڵایەتـەوە، گاردیـانی ئـەو بەندە بانگی بەرپرسی بەندەکەی دەکردو پێی دەگوت:

- بەرپرس!

- فەرموو گەورەم.

- زبڵدانی ئێوە زووتر پڕ کراوەتەوە. زوو کەن بە ریز راوەستن ئەوە هاتین.

- بەسەرچاو گەورەم.

کاتێك ئێمـە دەهـاتین، بەرپرسـی بەنـد چـەند هـەنگاوێك لـەوان دوور دەکـەوتو بـە شێوەی نیزامی رادەوەسـتاو رێـزی لـێ دەگـرتینو بـە بەنـدی دەیگـوت: ئامـادە بـن. ئـیتر ئێمـە وەژوور دەکـەوتینو بـە دەوری بەندییەکانـدا دەخولاینـەوە. چـەند کەسـێك کـە بـە شێوەی نیزامی رانەوەستابوون، لێدانیان دەخواردو دواتر گاردیانی بەندەکە دەیگوت:

- ئێوە دەزانن، ئەمڕۆ سزاکەتان چیە؟

ئەوانیش پێکەوە دەیانگوت:

- نە گەورەم!

- با ئێوە دەزانن. چـۆن ئێـوە نـازانن کەسـێك زووتـر زبڵدانەکـەی پـڕ ببێـت سـزای چـیە؟ سزاکەی ئەوەیە کە ئێوە دەبێ ئەو خاك و خۆڵە هەر هەمووی بخۆن.

ئـەوان باوەڕیـان نـەدەکرد کـە بـەم شـێوەیە سـزایان بـدەین، هـەر بۆیـە دەیـانگوت: هەر چی ئێوە بفەرموون گەورەم. گاردیان بانگی بەرپرسی بەندی کردو پێی گوت:

- بەرپرس!

- فەرموو گەورەم

- زووکە ئەو زبڵدانە بینە ئێرە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- بەرپرسـەکە بـە هـەڵاتن دەچـوو و ئـەو زبڵدانـەی لـە ئاودەسـت هەڵـدەگرتو دەیهێنـاو چـاوەڕوانی فـەرمانی ئێمـە دەمایـەوە. گاردیـانی ئـەو بەنـدە دواتـر بـە پێکەنینـەوە دەیگوت:

- ئەو خاكو خۆڵە لێرە کە.

بەرپرس ئەو بڕیارەی جێبەجێ دەکردو دەیگوت:

- بڕیاری ئێوە جێبەجێ کرا گەورەم.

ئێمە ئەو هەموو مرۆڤـە زانـاو تێگەیـشتوانەمان کـە زۆربـەیان لـە تەمـەنی بـاوکی ئێمەدا بـوون بـەو شـێوەیە وەك ئـاژەڵ سـزامان دەدان. ئـیتر بـۆ ئێمـە ئەونـدە خـۆش بـوو کـە هەسـتمان دەکـرد کـەس لـە ئێمـە گـەورەترو بـە هێزتـر نیـەو تـەواو سـەر خـۆش دەبووین.

ئەوکات مێشکمان بـە تـەواوی شـۆردرا بـوو، بۆیـە مـن لـە لایـەن هـەر کەسـێکەوە بە شێت ناسـرا بـووم. لـە راسـتیدا مـن شـێت نـەبووم. ئـەوان خـاكو خۆڵیـان دەخـواردو ئێمـە تێروپـڕ پێیـان پـێ دەکـەنینو دەمـانگوت، ئەمانـە دەڵێـی مانگـاو و بـزنو مـەڕن. تەنیا خواردنی خـاكو خـۆڵ نـەبوو. لـە کۆتاییـدا دەبـێ بـە زاری خۆیـان ئـەوێیان خـاوێن کردبا. یوزباشی هەموو کاتێك بە ئێمەی دەگوت:

- رۆڵەکانم! ئێوە تـەنیا بـە لێـدان نـاتوانن ئـەو بەندییانـە بهێننـە سـەر رێگـای راسـت، دەبـێ ئێـوە هـەوڵ بـدەن کـە لـە بـواری رەوانیـەوە ورەیـان دابـەزێت، هـەر بۆیـە هـەموو مێتۆدەکـانی ئەشـکەنجەی رەوانیمـان تـاقی دەکـردەوە. جـاری وابـوو بـە ئەوانـەی کـە هاوکاریی ئێمەیان دەکـرد، دەمـانگوت: بـڕوانن ئێمـە ئـەمڕۆ لـە پەنجەرەیـەوە چـاوتان لێ دەکەینو ئـەتۆش بـە ئەنقەسـت لەسـەر جێگاکـەت راکێـشە. دواتـر بانگـت دەکـەین کـە بۆچـی بڕیارەکـانی ئێمـەت جێبـەجێ نـەکردوە، بـەڵام ئـەتۆش گوێمـان پـێ مـەدە، بـۆ ئەوەی کە ئێمە بێینە ژوورێو هەر هەموویانیان سزا بدەین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئــیتر ئــەو پیلانـــەمان زۆر بەباشــی دادەڕشــتو بــەرێوەمان دەبــرد. بــەڵام ئــەوەی هاوکـــاریی ئێمـــەی کردبـــا، دەمـــانبردە لای خۆمـــانو چـــایمان پـــێ دەداو دواتـــریش کـــە دەرۆیــشتە نێــو بەنــدو وای دەنوانــد کــە ئەشــکەنجە کــراوە. لــە راســتیدا بەندییــەکان لــەو مەسەلەیە تێدەگەیشتن بەڵام نەیاندەوێرا کە باسی بکەن.

هــەموو ئێوارەییێــك دەرگــای بەندییــەکانمان دادەخــست، چــونکە هــەر هــەموومان ترسنۆك بووینو ترســنۆکترین کەســیش یوزباشــی بــوو. ئێمــە هــیچ بڕوایــەکمان بــە یــەکتر نەبوو، بەڵام بڕوا کردن بە یەکتر لە نێــو بەندییەکانــدا بــە هێــز بــوو. ئێمــە زۆرمــان هــەوڵ دا کە ناکوکی بیخەینە نێوانیــان بــۆ ئــەوەی کــە بەگــژ یــەکتردا بــچن، بــەڵام پیلانەکــەمان ســەری نــەدەگرت. لــە راســتیدا ئــەوان پێکــەوە زۆر تــەبا بــوون، بــەڵام ئێمــە بــۆ چــەند قوروشی حەرام لەوانمان دەداو بریندارمان دەکردن.

کاتێك ئەو باســی لــە کــاتی ئێــوارانو داخــستنی دەرگاکــانی دەکــرد، رەوشــی هــەڤاڵ "یووسف"م کەوتە بیر کــە ناســراوترین جگەرەکێــشی نێــو بەندەکــەمان بــوو. ئــەو لــە نــان زیــاتر جگــەرەی پــێ خــۆش بــوو. رۆژێــك دوای ســەرژمێریی ئێــوارانو کــاتی خــەو بــوو. یەکێك خۆی بــۆ نیگابــانی ئامــادەی دەکــرد، یــەکێك خــۆی بــۆ خــەوتن ئامــادەی دەکــردو یــەکێك جگــەرەی دەکێــشا. هــەر کەســێك بــۆی هــەبوو یــەك یــان دوو جگــەرە بکێــشێ، بەڵام هی واش هەبوو کە سێ یــان چــوار دانــەی دەکێــشا. لــەم شــەوەدا یووســف بــە پەلــە جگەرەکــەی کێــشا بــۆ ئــەوەی کــە بتــوانێ چــەند جگــەرە لەســەر یــەك بکێــشێ. کــەس ئاگــای لــە گاردیــان نــەبوو کــە لــە بــەر شــەبەکەی دیــوار راوەســتاوەو چــاوی لــە بەندییەکانە. گاردیان وەك ئــەوەی کــە راوێکــی دۆزیبێتــەوە، لــە ناکــاو دەرگــای کــردەوەو گوتی:

- ئــەو کەســەی لەســەر جێگاکــەی دانیــشتبوو و جگــەرەی دەکێــشا بــا بێتــە ئێــرە. یووسف پێی وانە بوو کــە گاردیــان ئــەوی دیــوە. گاردیــان چــەند جــار بــە دەنگێکــی بــەرز



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گـوتی: "ئـەو کەسـەی لـە سـەر جێگاکـەی دانیـشتبوو و جگـەرەی دەکێـشا بـا بێتـە ئێرە". بەڵام یووسف گوێی پێ نەدا. ئەوە بوو کە گاردیان بە تووڕەییەوە گوتی:

- "بـەیانی پێتـان دەڵـێم ". ئـەوەی گـوتو بـە تووڕەییـەوە شـەبەکەی داخـستو ڕۆیشت. ئیتر بۆ خۆمان دەمانزانی کە چۆن سزا دەدرێین.

ئێمـە خـەوتین، بـەڵام چـۆن خـەوتنێك. لـە خەویـشدا هـەر ئەشـکەنجە دەکـراینو پـۆلیس بـە چـەکەوە رایـدەناین. بەرەبـەیانی بووکـە بـە دەنگـی نیگابـان لـە خـەو هەستاین. جل و بەرگـەکانمان لەبـەر کـردو بـە یـەکترمان گـوت: " هاوڕێیـان! ئـەمڕۆ لـە بـەر ڕووداوی دوێنـێ، دەبـێ بـە باشـی ئەرکـەکانمان بـەرێوەی بـەرینو هـیچ بیانووێیـك نەدەینە دەسـت گاردیانـەکان". ئێمـە پێکـەوە خـەریکی قـسە کـردن بـووین کـە لـەناکاو گاردیان هاتو گوتی:

- بـە پەلـە وەرن سـوبحانەکەتان بخـۆن، دواتـر لەسـەر ڕووداوی دوێنـێ ئێـوارێ پرسـیارتان لێ دەکەین. وا دیارە ئێوە ئێـستاش هـەر بـێ مێـشکن. دواتـر ڕۆیـشت، بـەڵام دیـار بـوو کـە چـەندە تـووڕە بـووە. چـونکە یـەکێك لـە بەندییـەکانی بەنـدی خـۆی لـە بڕیـاری گاردیانێـك لای دابـوو، ئەمـەش کـەموکوڕی بـوو کـە ئـەو نـەیتوانیبوو بەندییـەکانی خۆی بێنێتـە سـەر رێگـای ڕاسـت. دوای سـەرژمێریی بـەیانی لـە مـاوەییەکی زۆر کورتـدا دەرگـای بەنـد کرایـەوەو گاردیـانی ئێمـە لەگـەڵ چـەند گاردیـانی دیکـە هـاتن. ئـەو گاردیانەی کە یووسفی دیبوو، لە جێگاکەی یووسف نزیك بووەو گوتی:

- کێ لێرە دەخەوێ.

یووسـف دوو هـەنگاو چـوو پێـشێو بـە شـێوەی نیزامـی ڕیـزی لـە گاردیـان گـرت: "مـن یووسـف دیاربـەکر ...". لـەناکاو گاردیـان وای لێـدا کـە یووسـف لەسـەر ئـەرز تـەخت بـوو و خـوێنی لـووتی بـەربوو. گاردیانەکـەمان پێـی وا بـوو کـە ئـیتر یووسـف مـرد، هـەر بۆیـە بـەو گاردیانـەی گـوت: ئـەتۆ یووسـفت کوشـت، قـسەی ئێمـە شـتێکی دیکـە بـوو!. پـێم وایـە لـەناکاو ئـەو چـەند وشـەیە هاتـە سـەر زاری گاردیـان. چـونکە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئــەوان قــەت لای ئێمــە، کەموکوڕییــەکانیان بــاس نــەدەکرد، دەنــا ئــەوانیش لــە لایــەن یوزباشیەوە سزا دەدران.

ئەو گاردیانەی کە لـە یووسـفی دابـوو، بـە تووڕەییـەوە چـاوێکی لـە گاردیـانی ئێمـە کردو لە حەیفان چەند شەقی دیکەشی لە یووسف داو گوتی:

- سـزای جگەرەکێـشانی سـەر جێگـا ئەمەیـە. ئـیتر بـا پیـاوێکی دیکـەش هـەبێ کـە لەسەر جێگاکەی جگەرە بکێشێ.

ئــەوان ڕۆیــشتن، بــەڵام مردووییێکیــان بــۆ ئێمــە بەجێهێــشت. ئێمــە لــە دەوری کۆوەبـووینو زۆرمـان جووڵانـدو ئـاوێکی زۆریـشمان بەسـەر سـەریدا کـرد. لـەنێو ئێمـەدا هاوڕێیەکی نیوە دوکتور هەبوو. ئەو دەستی دایە دەمارەکانیو گوتی:

- هاوڕێیان مەترسن. یووسف جـارێ لـە ژیاندایـە، بـەڵام نـازانم دواتـر چـۆن دەبـێ. ئێمـە هەر کە زانیمان ئەو نـەمردوە، زۆر خۆشـحاڵ بـووین. یووسـف سـێ چـوار ڕۆژ کەوتـە نێـو جێگا، بـەڵام دواتـر چـاك بـوو و وەك ئێمـە مەشـقی نیزامیـی دەکـرد. ڕاسـتیەکەی بڵـێم ئێمە قەت ساغو سلامەت نەبووین، بەڵام لە ترسی لێدان لەسەر لاق ڕادەوەستاین.

" یوزباشی" ئێمەی تـەواو کردبـوو بـە مۆریـدی خـۆی. ئـەو ئێمـەی چـاك ناسـیبوو، هەر بۆیە دەیگوت:

- ڕۆڵـەکانم، ئێـوە ئـیتر نـابێ ئـەو دەسـتانەی خۆتـان کـە کومونیـستەکانو کوردەکـانی پـێ دەهێننــە سـەر ڕێگـای ڕاسـت، مانـدوو بکـەن. ئێمـە سـەگ دێـنینو بـەخێویان دەکـەین. ئێمـە دەبـێ لـەنێو بەنـدی گرتووخانـەدا سـەگ ڕاگـرینو لـەکاتی پێویـستدا بـەری بدەینـە گیانیـان. لـە ڕاسـتیدا لـەلای ئـەوان بەندییـەکان ئەوەنـدەی سـەگێك ئەرزشیان نەبوو. ئێمە هەموو کاتێك لە ژێر چاوەدێریی "یوزباشی"دا بووین.

یوزباشـی تـەنیا ئـازادیی ئەشـکەنجەکردنو دزیـنی پارەکانیـانو فرۆشـتنی شـتۆمەکی نێـو کـانتینی بـە نرخـی گـرانتر بـە ئێمـە دابـوو. واتـە چـاوی ئێمـەیان بـە شـتی وا بەستبوو. بەو شتانە گشت داواکانی ئێمەیان جێبەجێ دەکرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێمــە ســەگەکانمان وا بــەخێو کردبــوو کــە دەیــانتوانی هێــرش بکەنــە ســەر بەندییــەکان. هــیچ بەنــدکراوێك نەیــدەتوانی لەبــەریان هــەڵێ. ئەوانــەی کــە پێــشتر کــاری رێکخراوەییــان کردبــوو، داوامــان لــێ دەکــردن کــە ببنــە بەرپرســی بــەخێو کردنــی ئــەو جــورە ســەگانە. ئەوانــەی کــە حــازر بــەو کــارە نــەبوون، لێــدانێکی چــاکیان دەخــوارد بــۆ ئــەوەی کــە ئــەو ئەرکــە پــیرۆزە لــە بــیر نەکــەن. هێنــدێکیان قبووڵیــان نــەدەکرد، بــەڵام هێندێکشیان بەبێ ئەوەی کە تووشی لێدانێك بن، دەیانگوت:

- بەسەر چاو گەورەم.

ئەوانــەی کــە پێــشتر ئاگایــان لــە مرۆڤــەکان دەبــوو، ئێــستا دەبــێ ئاگایــان لــە سەگ بوایە. دەبێ خواردنیان پــێ دابــا، ســەریان بــۆ شوشــتباو زۆرتــرین کــاتی خۆیانیــان بۆ تەرخان کردبــا. یوزباشــی زۆر بــەوە خۆشــحاڵ بــوو کــە کــاری بــەخێوکردنی ســەگەکانی داوە بەوانــەی کــە پێــشتر کــاری رێکخراوەییــان کردبــوو. یوزباشــی بــە ئەوانــەی کــە تەسلیم نەببوون دەیگوت:

ئێوە هەر لێدانەکەتان بخۆن، بــەڵام بەرپرســەکانتان هاتنــە ســەر ئــەو بــاوەڕە کــە بــۆ ئێمە ســەگ بــەخێو بکــەن. ئــەو کــارەی یوزباشــی کاریگــەریی خــۆی لەســەر وان هــەبوو و بۆیە هێندێکیان تەسلیمی داخوازەکانی ئێمە دەبوون.

کاتێــك گاردیــان باســی ئــەو ســەگانەی دەکــرد، مــن ئــەو رۆژەم هاتــەوە بــیر کــە مولاقــاتیم هــاتبوو و گاردیــان بــانگی کردبــووم کــە یــەکتری ببیــنین. ئــەو رۆژە مــن بــە خوێنــدنی ســروودی نیزامــیو بــە لێــدان خــۆم گەیانــدە شــوێنی مولاقــات کــردن. لــە کابینــەدا مولاقاتیەکــەم چــاوەڕوانم بــوو. زۆر شــتی گــرینگ هــەبوو کــە دەبوایــە باســمان کردبا، بەڵام لەبەر گاردیان نەمدەوێرا لەگەڵیان باس بکەم.

کاتێــك کــە خواحافیزیمــان لــە یــەکتری کــرد، مــن لەگــەڵ گاردیانەکــەم هــاتین بــۆ هــۆڵی گــەورەی گرتووخانــە. لــەوێ چــەند گاردیــان راوەســتا بــوونو بــێ ریزییــان بەوانــە دەکرد کە بــۆ ســەردانی کــەسو کاریــان دەهــاتن. هــەرکام لــە گاردیانــەکان شــتێکیان بــە

ئێمــە دەگــوت. بــەڵام کــێ دەیــوێرا بێجگــە لــە گاردیــانی خــۆی بــە قــسەی گاردیــانێکی دیکە بکات.

مــنــیش وەك هــەر هاوڕێیــەکی دیکــە بــە قــسەی هــیچ گاردیــانێکی دیکــەم نــەکرد. هــەر بۆیــە دوای چــەند هــەنگاوێك کــە لێیــان دوور کــەوتم ســەگە هارەکــەی یوزباشــیم وەبەر چــاو کــەوت. مــن لــەوە ترســام کــە ئــەو ســەگە (جــۆ ) بمگــرێ. لــەناکاو گاردیــانی ئێمە بانگی کردمو گوتی:

- هەڵێ.

منیش ناچار بووم  کــە فەرمانەکــەی بــەجێ بگەیــەنم. هــەر کــە ویــستم ڕاکــەم، دیــم کە سەگی یوزباشی لــە پــشتەوە لاقــی گــرتم. تــا مــن ڕاوەســتام، خــوێن بــە ســەر لاقمــدا داچۆڕاو ڕاوەســتام. جووڵــەم نــەکرد، چــونکە هەرکــە جووڵــەم کردبــا، "جــۆ" لاقــی منــی پارچــە پارچــە دەکــرد. دواتــر گاردیــان بــانگی ســەگەکەی کــردو منیــشی فــڕێ دایــە نێــو ژۆری بەندو پێی گوتم:

- کەڕباب، بۆ خۆت بمرە.

هاوڕێیانم زوو هاتنە لامو منیان لەسەر جێگا داناو بە منیان گوت:

- سیدار چی بووە؟

منیش چۆنیەتی ئەو ڕووداوەم بۆیان شی کردەوەو پێیانم گوت:

- هاوڕێیان! ئاگاتان لە خۆتان بێ، ئێوەش ئەو لێدانە دەخۆن.

بــەڵێ بــەم حاڵــەش، کــە مــن لــە ڕەوشــێکی خراپــدا بــووم، گاردیانــەکان منیــان بــۆ مەشقی نیزامــیو بــۆ خوێنــدنی ســروودی نیزامــی دەبــردە دەرەوە. ئــەوان بــەو کردەوانــەی خۆیان دەیهەویــست پــێش بــە یــەکتر بینینــی بەندییــەکانو مولاقاتــەکانیان بگــرن. ئــەوان بــە ئاشــکرا نەیانــدەتوانی بــە کــەس بڵــێن کــە نــابێ مولاقــاتی ئێــوە بــێن. بــەڵام بــە لێدانێکی بەم شێوەیە کەس جورئەتی نەدەکرد بڕواتە لای مولاقاتی خۆی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"بـەو لێدانــە زۆرێــك لــە بەندییــەكان، ســەقەت ببــوون، هــیچ كەســێك نــەبوو كــە بەشــی خــۆی لێــدانی نــەخواردبێ. لــە كــاتی مەشــقی نیزامــی ئەوانــەی كــە شــوێنێكیان شكا بوو و ســەقەت ببــوون، هــەر لــە بەنــدی گرتووخانــەدا دەمــان، بــەڵام بــۆ ئــەوەی كــە ئەوان ئیــستراحەتی خۆیــان نەكــەن، بــەڵاییێكی وامــان بــە ســەر دەهێنــان، كــە بــۆ خۆیــان پێیان خۆش بوو كە لەكاتی مەشقی نیزامی ئەوانیش لە دەرەوە بن".

كاتێــك ئــەو باســی بەندییــەكانو ســەقەت بوونیــانی دەكــرد، وەزعیــەتی خــاڵۆ ســەعید كەوتــەوە بــیرم. ئێمــە لــەدەرەوە بــووینو ســروودی نیزامیمــان دەخوێنــدەوە. دوای دوو ســەعات مەشــقی نیزامــی لەبــەر ئــەو تــاوە ئێمــەیان بــردە ژوورێ. ئێمــە بــێ حــاڵ بووینو یەكێك كەوتە سـەر عــەرزو یــەكێك رای كــردە ئاودەست. لــەو كاتانــەدا بــوو كــە دیتمــان خــاڵۆ ســەعید دەنــاڵێنێ. خــاڵۆ ســەعید خــەڵكی پارێزگــای مێــردین بــوو. تەمــەنی لــە دەوری پــەنجا ســاڵ دەبــوو. لەبــەر ئــەوەی تەمــەنی زۆر بــوو گاردیــان ئــەوی نەبردبووە دەرێ. كاتێك دەنگی ناڵێنی ئەومان گوێ لێ بوو، لێمان پرسی:

- خاڵۆ سەعید چت بەسەر هاتووە؟ ئەمە چ حاڵە؟

- قەت مەپرسن!

- چــۆن دەبــێ ئــەحواڵت نەپرســین، زوو كــە پێمــان بڵــێ چ بــووە؟ ئــیتر خــاڵۆ ســەعید دەستی پێكرد.

- دوای رۆیــشتنە دەرەوەی ئێــوە، "چــاوش" لەگــەڵ چــەند گاردیــانی دیكــە هاتنــە ژوورێ، ئێمــە لــە بــەریان هەســتاینو بــە شــێوەییێكی نیزامــی راوەســتاین. ئــەوانیش لــێم نزیك بوونو گوتیان:

- كەسی وا هەیە كە بە قسەمان نەكاتو بیهەوێ ئەزیەتمان بكات؟

منیش گوتم:

- نــە، ئەوەنــدەی مــن ئاگــادار بم، ئــەوان بــە قــسەی گاردیانــەكان دەكــەنو بڕیارەكانیــان جێبەجێ دەكەن.



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- کەسی وا هەیە کە بە دژی ئێمە پروپاگەندە بکات؟

- نە گەورەم.

- کەسی وا هەیە کە ئێستاش بەرگری لە بیرو بۆچوونی کومونیستی یان کوردایەتی بکات؟

- نە گەورەم !

- ئەوان چەند پرسیاری دیکەی بەم شێوەیەیان لێ کردم، منیش بە پێی توانای خۆم وەڵامم دایەوە. بەڵام بڕوایان بە من نەبوو، بۆیە چاوش چەند زلەیێکی لێدامو دیسانەکە دەستی بە پرسیارەکانی کرد!

- باشە، کێ لەو بەندەدا بڕیاری سیاسی دەدات؟

- بە خوا نازانم گەورەم.

- ئەتۆ نازانی ها؟ ئەتۆش لەوانی! زووکە هەر شتێك لەو بەندەدا روو دەدا پێمان بڵێ! ئەگەر پێمان نەڵێی لە پیاوەتیت دەخەین. منیش گوتم:

- بڕیار لە دەستی ئێوە دایە گەورەم، بەڵام بڕواتان بێ من هیچ شتێك نازانم. من کەسێکی پیرو پەککەوتوومو لێیان تێناگەم.

"چاوش" گوتی:

- درۆ مەکە، دەنا بۆ خۆت دەزانی کە چت بە سەر دێت.

- بە خوا درۆ ناکەم گەورەم!

کورتو کرمانجی، گوێیان نەدامێو چاکیان لێدام. دواتر "چاوش" لە گیرفانی خۆیدا شیشەیێکی دەرهێناو بەو شیشەیە منیان برینداركردو خوێنێکی زۆرم لێ چۆڕا.

" ئێمە هەر ئەندامێکی لەشی بەندییەکانمان شکاندبا، کەس حەقی نەبوو لای کەس باسی بکا، دەبوایە بیانگوتبا کە من لەسەر جێگاکەم کەوتمە خوارێو دەستم یان سەرم شکا. چونکە جاری وا بوو پارێزەرانی مافی مرۆڤ، یان رادیۆ و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تلویزیونــەکان دەهــاتنو دەیانویــست ئاگــاداری وەزعــی بەندییــەکان بــن. هــەر بۆیــە هــەموو کاتێــك بەندییــەکان لــەژێر چــاوەدێریی ئێمــەدا بــوون. زۆر جــار بــۆ تــاقی کردنەوەیان لێمان دەپرسی:

- کورِم چت بە سەرت هاتووە؟

- من لەسەر تەختی خەو کەوتمە خوارو ئێرەم شکا!

- کورِم لێدان لەوێ هەیە؟

- ئێــرە قوتابخانەیــە، ئــەو قوتابخانەیــەی بــۆ ئێمــە دروســت کــراوەو ئێمــە تێیــدا دەرســی چاك فێر دەبین.

بەو قسانە مــن زۆر خۆشــحاڵ بــوومو هــیچ پیاوێــك نــەبوو کــە بــە دژی ئێمــە شــتێك بڵێ. گشت بەندییەکان لە ئێمە ئەو چەمکانە فێر ببوون.

یــەکێك لــە بەندییــەکان لەبــەر لێــدان وەزعــی بــاش نــەبوو و ئێمــە زۆر نیگــەران بــووین. هــەر بۆیــە دوکتورمــان هێنــا لەبــەر ئــەوەی چــاوێکی لێ بکــات. دوکتــور لێــی پرسی ئەمە چت بە سەر هاتووە کە سەرت وا شکاوە؟ ئەویش گوتی:

- من لەسەر تەختی خەو کەوتوومە خوار گەورەم.

- تۆ لەسەر کام تەختی خەو کەوتیەخوار؟

- من لەو تەختەیەوە کــەوتم دوکتــور. ئــەو قــسەیەی نــاوبراو نــە بــە دڵــی ئێمــەو نــە بــە دڵــی دوکتــوریش بــوو. چــونکە ئــەوەی لــەو تەختەیــەوە بکەوێتــە خــوار هیــچی بــە ســەر نایەت. زۆربــەی هــەرە زۆری دوکتورەکــان لــەو ئیدارەیــەدا کاریــان دەکــرد. ئــەوانیش هــەر وەك ئێمە ئازارو ئەزیەتی بەندییەکانیان دەکرد.

کاتێك دوکتور زانی نابراو وەڵامێکی باشی نەداوە، گوتی:

- نە کورِم، چاکت لە بیرت نیــە کــە چــۆن لــە تــەختی ســەرەوە بەربوویــە خــوارێ؟ ئاگــات لە خۆت بێ.

ئەو بەندییە ویستی بە پەلە قسەکەی راست کاتەوە. هەر بۆیە گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- بـەڵێ، بـەڵێ گـەورەم! مـن لـە تـەختی سـەرەوە بەربوومەتـەوە. بـەڵام مـن نەخۆشـمو ئاگام لە خۆم نیە کە چم گوتوە.

بەو قسانەی حاڵمـان پـیس گـیرا بـوو، بـەڵام هیـچمان لەدەسـت نـەدەهات، چـونکە دوکتورەکـان بـە ئێمـەیان گوتبـوو " ئەگـەر ئێمـە لـەوێ بـین، کارتـان بـە بەندییـەکان نـەبێ". دوای ڕۆیـشتنی دوکتـور بـەڵاییێکی وامـان بـە سـەریان هێنـا کـە قـەت داوای دوکتور نەکەن.

ئـیتر ئەشـکەنجەییێکی نـوێ دەسـتی پێکردبـوو، بەندییـەکان دەبـوا ڕۆیـشتبان بـۆ دادگـا. بـردنو هێنانیـان ئەوەنـدەش ئاسـان نـەبوو. بەندییـەکان پێیـان خـۆش بـوو کـە زووتـر برۆنـە دادگـا، چـونکە پێیـان وا بـوو ئـازاد دەکـرێن. کاتێـك ئیدیعانامـەی ئـەوان دەهاتــە بەندیخانــە، بــەر لــەوەی کــە بەندییــەکان بیخــوێنن، یوزباشــی بــۆ خــۆی دەیخوێنـدەوە. دواتـر ئەوانـەی کـە ڕێکخراویـان دامەزرانـدبوو، یـان پولیـسان کوشـتبوو، ناوی ئەوانی لای خۆی رادەگرتو دواتر هەر لە بەندیخانەدا ئەوانی دادگایی دەکرد.


ئیتر ئەو بەندییانە یان دەبا بە قـسەی "یوزباشـی"یـان کردبـا، یـان ئـەوەی کـە دەبـێ کوژرابان. هێندێك کەسـی ترسـنۆك بـە قـسەی "یوزباشـی"یـان کـردو ئامـادە بـوون کـە بڕیارەکانیــان جێبــەجێ بکــەن. بــەڵام زۆربــەی هــەرە زۆری بەندییــەکان بــە قــسەی یوزباشیان نەکرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی هەژدەهەم

ئەوانــەی کــە تــاوانی گــەورەیان هــەبوو، یــان ئەنــدامی ڕێکخراوێــك بــوون، "یوزباشــی" ئــەوانی دەنــارد بــۆ بەنــدی تاکەکەســیو لــەوێ بــۆ مــاوەی چــەند ڕۆژ بــەبێ نــانو ئــاو و جگــەرە دەمانــەوە، دواتــر کاغەزێکیان پێ دەدانو پێیان دەگوت:



- بــڕوانن! لێــرە کــەس لــە مــن گــەورەتر نیــە کــە بتــوانێ لــەنێو کارەکــانی منــدا دەســتێوەردان بکــات. مــن بــۆ هــەر کارێــك دەســەڵاتێکی تــەواوم هەیــە. ئــازاد کــردنو سزادانی تــۆ لــە دەســتی مــن دایــە. بــە پێــی ئــەوەی کــە مــن حــوکمی تــۆم خوێنــدووە، تــۆ دەبــێ ســی تــاکوو چــل ســاڵ لــە گرتووخانــەدا بــی. ئێــستا بــەبێ ئــەوەی کــە لێــت بــدەم، بەســــەرهاتی خــــۆتم لــــە کاروبــــاری ڕێکخراوەییــدا بــۆ بنووســە. هــەروەها لــەژێر کاغەزەکــەش بنووســە کــە "مــن لــە گــشت ئــەو کارانــەی کــە کردوومــە پەشــیمانم ". ئــەوکات دەتــوانم ئــازادت بکــەم. بــەڵام بــە پێــچەوانەوە ئەگــەر کــارێکی وا نەکــەی قــەت ئازادت ناکەم. مــن دەڕۆم، بــەڵام کاتێــك دەســتت بــە نووســین کــرد، گاردیانــەکان ئاگــادار بکــەرەوە بــۆ ئــەوەی کــە چــای، ئــاو و چێــشتێکی خۆشــت بــۆ بهێــنن. ئــیتر لــە دەســتی خۆت دایە، یان ئازاد دەبی، یان دەمری. یەکێکیان هەڵبژێرە.

لـه راسـتیدا ئـەوەی یوزباشـی باسـی دەكـرد، جێبەجێـشی دەكـرد. هێنـدێك كـەس بـۆ ئـەوەی كـە نـەكوژرێن، لـەلای "یوزباشـی" كاغـەزێكیان دەنووسـی، بـۆ ئـەوەی كـە لــەوێ نــەكوژرێن. بــەلاّم كاتێــك دەڕۆیــشتنە دادگــا، لــەوێ حاشــایان لــێ دەكــردو دەیانگوت: "من لە ژێـر زەخـتو گوشـاردا ئـەو نامەیـەم نووسـیوە، دەنـا هـەر هـەمووی درۆیە. بۆ ئـەوەی كـە لـەوێ نـەكوژرێم ئـەو نامەیـەم نووسـیوە، بـەلاّم پێیـان رادەگەیـەنم كە ئەگەر من رۆژێك كوژرام، بكوژی من یوزباشی ئەسات (Esat)ە".

بــەڵێ ئێمــە زۆر پیــاوی چــاك و بــە ورەمــان لــەو بەندیخانەیــەدا دی. مێرخاســی وا هەبوو كە مـرۆڤ كاتێـك رەوشـی ئـەوانی كادیـت زۆری پـێ سـەیر دەبـوو. نـە لـە لێـدانو ئەشكەنجە دەترسان، نـە لـە بەندیخانـە دەترسـان و نـە لـە یوزباشـی "ئەسـات" دەترسـان. بەلاّم هی واش هەبوو كـە زۆر لـە لێـدان دەترسـا. هـی واش هـەبوو كـە دەبـوو بـە پیـاوی یوزباشـیو لـە دادگـادا لـە هاوڕێیـانی خـۆی دەدا. ئـەو كەسـانە خـەرجی خواردنیـان لـە ئەستۆی یوزباشی بوو.

جـاری وا بـوو "یوزباشـی" ئـەو كەسـانەی لەگـەڵ خـۆی دەبـردە شـوێنێك كـە ئێمـە پێمان نـەدەزانی. ئـەو شـتانەی كـە بەندییـەكان لـە ژێـر زەخـتو گوشـاری "یوزباشـی"دا دەیاننووسی، پێیان دەگـوت: "دان پێنـانی سـەمیمی". بـەلاّم لـە راسـتیدا ئێمـە لـە ژێـر هەڕەشەی ئەشكەنجەو كوشـتندا ناچـار بـە نووسـینی ئـەو نامانـە دەكـراین. ژیـانی ئێمـە لــەوێ وەك ژیــانی كــەڕولاڵی لێهــاتبوو، هــیچ قــسەیەكمان نــەدەكردو تــەنیا بڕیارەكــانی یوزباشـیمان بـەرێوە دەبـرد. جـاری وابـوو بـۆ ئـەوەی "یوزباشـی" دەسـت خۆشـیمان پـێ بڵــێ، كەســێكمان ســەقەت دەكــرد. ئــەو دەســت خۆشــیە كــە لــە گرتووخانــەدا لــە یوزباشـیمان وەردەگـرت، لـە ژیـانی ئاسـایی ئێمـەدا بـوو بـە بالولـەیێكی ژەهـرو لـە قوڕگی ئێمەدا بەجێماوە.

ئێمــە لــە دۆســتو هــاوڕێ، لــە دایــكو بــاوك، لــە خوشــكو بــرا، لــە هــەموویان دابڕابووین. بەلاّم رۆژێك لـە رۆژان نـە دەوڵـەتی ئێمـەو نـە ئەوانـەی كـە لـە گرتووخانـەدا

دەیانگوت هەموو شتێك لە دەست ئێمە دایە، لە حالی ئێمەیان نەپرسی. کەس نالێ " ئاخۆ ئەوانەی لە گرتووخانەی دیاربەکردا گاردیان بوون وەزعیان چۆنە؟". ئەگەر راستیەکەت بوێ، دەبێ هەر گاردیانێك ئەو کارانەی کە کردوە، باسی بکا بۆ ئەوەی ئیتر کەس فریو نەخوات. ئەوان زۆر بەڵێنیان بە ئێمە دا، بەڵام بەڵێنیەکانیان بەجێ نەهێنا. هەر چەند بە هۆی لێدانی بەندییەکان، پلەو پایەیان دەچووە سەرێ. بەڵام هەمووی فریودانی ئێمە بوو. ئێستا کەس لە حالی ئێمە ناپرسێ.

گاردیان هەم قسەی دەکردو هەم لەکاتی قسە کردندا بیرەوەرییەکانی نێو گرتووخانەی دەهاتەوە بیرو دەچووە نێو قوولایی بیرەوەرییەکانی ئەوکات. ئیتر نەیدەتوانی قسەکانی خۆی درێژە پێ بداتو فرمێسك لە چاوانی دەبارین. لە سەر یەك جگەرەی دەکێشاو خۆی لەگەڵ خۆیدا قسەی دەکرد، " ئاخ، ئاخ، چ بەڵاییێکم بە سەر خۆمدا هێنا. تفو هزار تف لە من بێ". ئیتر هیچ شتێکی نەگوتو هەستاو رۆیشت. منیش هەروا لێم دەڕوانی تا ئەوەی کە لەبەر چاوانم ون بوو. دواتر منیش هەستامو رۆیشتم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی نۆزدەهەم

بــەیانی زوو هەســتامو خــۆم ئامــادە کــردو چــاوەڕێی گاردیــان مامــەوە. لــەو کاتەوە کە یــەکترمان ناســی، مــن زوو هەڵدەســتام بــۆ ئــەوەی کــە ئــەو زۆر لەبــەر دەرگــا



ڕانەوەســتێ. ئــەمڕۆ بــۆ مــن ڕۆژێکــی زۆر تایبــەتی بــوو. مــن لــە هــاتنی ئــەو دوودڵ بــوومو پــێم وابــوو کــە ئــیتر نایێتــەوە. بــەڵام دەوروبــەری نیــوەڕۆ بــوو کــە دیــتم لــە بەرامبەر ئەو تەپۆڵکەیــەی کــە لــە نزیــك نەخۆشــخانەوەیە دێت. کاتێك بە ماڵی ئێمــە نزیــك بــۆوە، بــە بینینــی مــن زۆر خۆشــحاڵ بــوو. بەســەر منــی تێگەیانــد کــە مــن دەڕۆمو ئــەتۆش بــە دوامــدا وەرە. کاتێــك لەبــەر چــاوم ون بــوو، ئــیتر مــن وەڕێ کــەوتم تــا گەیــشتم بــە شــوێنی مەبەست. لەوێ شتەکانی لە دەستی من وەرگرتو پێکەوە دانیشتین. دواتر گوتی:

- ببوورە کە دوێنێ بــێ ئووســوڵیم کــردو لــەکاتی ڕۆیــشتن مــاڵاوائیم لــێ نــەکردی. بــەڵام نازانی کە چم کەوتە بیر.

بــڕوات بــێ کاتێــك بیرەوەرییــەکانی ســەردەمی گرتووخانــەم هاتــەوە بــیر، دڵــم تــەواو گــیراو زۆر خــەم دایگــرتم، هــەر بۆیــەش مــاڵاوائیم لــێ نــەکردی. بــەڵام ئــەمڕۆ هــۆی وەدواکــەوتنم ئەمــە بــوو کــە: لــە ماڵمــان ڕووداوێکــی نــاخۆش ڕووی دا. بــاوکم لەگــەڵ براکــانم ببــووە شــەڕیانو براکــانم تــووڕە بــوونو ڕۆیــشتن. بــاوکی منــیش چــاوێکی لێ کردمو بــە منــی گــوت: "هــەر چــی بەســەرمان دێ، هــەر هــەمووی خــەتای تۆیــە". ئــەو قسەیەی باوکم زۆر کــاری تێکــردم. بــەڵام هیــچم لــە دەســت نــەهات. ویــستم بــڕۆمو ئــیتر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەگەرێمەوە ماڵ، هەر بۆیە رووم لــە جێگــایێکی تــر کــرد. بــەڵام کــە ئــەتۆم هاتــەوە بــیر، گەڕامەوە. وەك ئەوەی کە حەوت کەس پێم بڵێن:

"رۆلە ئەتۆ تاکوو ئێــستا هــیچ کــارێکی چــاکت نــەکردوە، لانیکــەم ئــەو شــتانەی کــە دەزانــی بــۆ ئــەو مرۆڤــە چــاکە بــاس بکــە". ئــیتر ئــەوە بــوو کــە بڕیــارم دا تــاکوو ئــەو شــتانەی کــە دەیــانزانم پێــت نــەڵێم، بــۆ هــیچ کــوێ نــەڕۆم. ئــیتر بــەم شــێوەیە دەســتی پێکرد:

- ئێمــە هــەموو شــێوەکانی لێــدانمان لەســەر بەندییــەکان تــاقی کردبــۆوە، بۆیــە زوو زوو مێتۆدەکــانی ئەشــکەنجەمان دەگــۆڕی. ئێمــە دوای تــەواو بــوونی مەشــقی نیزامــی هــەر جارەو بانگی یەکێکمان دەکــرد کــە بێتــە دەرەوە. ئــیتر لــەوێ دەبــوا بــە دەنگێکــی بــەرز، ئامــادە بــوونی خــۆی راگەیانــدبا. ئەوانــەی کــە دەنگیــان نەنووســابوو، دەمانبردنــە دەرێ و لــەوێ چــاکمان لــێ دەدانو پێمــان دەگــوتن کــە بۆچــی دەنگتــان نەنووســاوە. هــی واش هــەبوو کــە هــەر چــەندە دەنگــی هــەڵێنابا دەنگــی نەدەنووســا. بۆیــە بــە ئەوانیــشمان دەگوت:

- نەکا سروودی پیرۆز ناخوێنی ها ؟!

- گەورەم! من هەر چەندە دەنگم هەڵێنم، دەنگم هەر وەك خۆیەتی و نانووسێ.

- تۆ خوا ئاگات لێیە. منی پێ درۆزنە، کوڕە!

کاتێــك بەنــدیێك تاوانبــار دەبــوو، مــافی نارەزایــەتی دەربڕینــی نــەبوو. تــەنیا پێویــست بــوو کــە بیگوتایــە " هــەر چــی ئێــوە بفــەرموون گــەورەم". دەنــا تاوانەکــەی قورستر دەبوو. ئێمە گاردیانەکان ئــیتر وامــان بەســەر هــاتبوو کــە تــەواو تەمــەڵ ببــووین. ئێمە تــەنیا لەیــەك شــتدا ئــازاد نــەبووین. ئێمــە بــەبێ لێــدانی ئــەوان نەمانــدەتوانی وەك گاردیان بمێنین. لەسەر بڕیاری یوزباشی هەموو کارێکمان دەکرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرەبـــەیانیان دەبـــا بەندییـــەکان کاتـــژمێر شەشـــی بـــەیانی لەخـــەو هەڵـــسابان، جێگـــەو بانیـــان کـــۆ کردبـــا، بەپەلـــە نـــانی بـــەیانیان خواردبـــا، جگـــەرەییێکیان کێـــشاباو کاتـــژمێر حـــەوت بـــە ریـــز راوەســـتابان. بەرلـــە ســـەرژمێری دەبـــوا "ســـوێندی ئێمـــە"و دواتـــریش مەشـــقو ســـروودی نیزامییـــان خوێندبایـــەوە. زۆر جـــار ئێمـــە لـــە کـــونی شەبەکەکانی دیوارەوە ئەوانمان دەخستە ژێر چاوەدێرییەوە.

بەندییـەکان دەبـا بـە دەنگێکـی زۆر بـەرز سـروودەکەیان خوێنـدبا. لـە بـەر ئـەوەی کـــە هـــەر هـــەموویان لـــە شـــوێنێکی زۆر تەنگـــدا بـــە دەنگێکـــی بـــەرز ســـروودیان دەخوێنـدەوە، زۆر کـەس گوێیـان کـەڕ ببـوو و زۆریـشیان عـەقڵی خۆیانیـان لـە دەسـت دابوو. ئێمـە هـەموو رۆژێ هـەر بـە پـارەی بەندییـەکان رۆژنامـەو گۆڤارمـان دەکـڕی بـۆ ئەوەی کە ئـەوان بیخوێننـەوە. بـەڵام کاتێـك رۆژنامـەمان پـێ دەدان، پێمـان دەگـوتن: " نـابێ یـەك رۆژنامـەش لاپـەڕەکانی بنووشـتێتەوە. چـۆنمان بـە ئێـوە داوە، هـەر واش لـە ئێوەمان دەوێ". لە راستیدا یەکـەم: مەبەسـت ئـەوە بـوو کـە ئـەوان نـەخوێنن. دووهـەم: ئـــەوە بـــوو کـــە دیـــسان رۆژنامـــەکانمان دەدایـــەوە بەوشـــوێنەی کـــە لێمـــان کڕیبـــوونو پارەکـەشمان وەردەگـرتو لـە گیرفـانی خۆمـان دادەنـا، کەسـیش نەیـدەتوانی نارەزایـەتی دەربڕێ.

لـەنێو رۆژنامەکانـدا رۆژنامـەی سێکسیـشمان دەکـڕیو بـۆ ئـەوانمان دەبـردەوە. ئـەو رۆژنامەیـەمان تـا ماوەییێـك لـەوان وەرنـەدەگرت، چـونکە رۆژنامـەی سێکـسی کاریگـەری لەسـەر مێـشكو لەسـەر بـێ ئـەخلاق کردنـی ئـەوان هـەبوو. ئێمـە هـەر بـەو رۆژنامـە سێکـسیانە توانیمـان زۆر کـەس ناچـار بکـەین کـە لەگـەڵ یوزباشـی هاوکـاری بکەن.

لێـدانو ئەشـکەنجە بـە شـێوەیێکی سـیتماتیك تـاکوو سـاڵی ١٩٨٢ بـەردەوام بـوو. ئـیتر ناوبـانگی گرتووخانـەی دیاربـەکر هـەم لـە تورکیـەو هـەم لـە سەرتاسـەری جیهـان بڵاو بـۆوە. هـەر بۆیـەش جاروبـار هەیئەتـەکانی پـارێزەری مـافی مـرۆڤ لـە تورکیـەو لـە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەرەوەی وڵات ســەردانی ئــەو گرتووخانەیــەیان دەكــرد. بــۆ ئــەوەی كــە "یوزباشــی" ئــەو پروپاگەندانــە بــەزانیاریی نادروســت بزانــێ، ئــیتر لێــدانی فیزیكیــی كــەم كرابــۆوە. بــەڵام لە بەرامبەر ئەمــەدا ئەشــكەنجەی پــسكۆلۆژیكی زیــادی كردبــوو. هــەر بۆیــە هیــچكاتێك روویێكی خۆشیان بە بەندییەكان نیشان نەدا.

بــۆ ئــەوەی كــە ئێمــە بتــوانین زۆر بەراحــەتی هەیئەتــەكانی پــارێزەری مــافی مــرۆڤ فریــو بــدەین، لــە حــەوتوودا رۆژێكمــان بــۆ وەرزش دیــاری كردبــوو و بــە پــارەی بەندییــەكان تــۆپو تــۆڕی والیبالمــان بۆیــان كڕیبــوو. ئێمــە ئــیتر هاتبووینــە ســەر ئــەو بــاوەڕە، كــە لێــدانی بەندییــەكان ئاســایی بۆتــەوەو ئــەوان خوویــان پێگرتــووە. كاتیــك پــارێزەرانی مــافی مــرۆڤ دەهــاتنو چــاویان بــە وەرزشــی بەندییــەكان دەكــەوت، پێیــان وابوو ئیتر مــافی مــرۆڤ لێــرە بــە تــەواوی بەرچــاو دەگــیرێ. تــەنیا ئێمــە دەمــانزانی كــە لەو گرتووخانەیەدا چ روو دەدا.

لــەو رۆژانــەدا كــە وەرزشــی والیبــاڵ بــەڕێوە چــووبا، بەندییــەكانمان دەهێنایــە دەرەوە. دوو تیمــی دوازدە كەســیمان هەڵدەبــژارد. بــەڵام ئەمانــە دەبــوا بــەردەوام لــە حاڵــەتی نیزامی دابان، كەس مــافی ئــەوەی نــەبوو كــە بــە دەنگــی بــەرز قــسەی كردبــا. هــەروەها كەس نەیــدەتوانی بــە كەســی دیكــە بڵــێ تۆپەكــە فــرێ بــدە ئێــرە. ئەوانــەی كــە لــەكاتی یاری كردندا دەكەوتنە خوار، ئەوانمان دەبردە ژووریۆ دەستمان بە لێدانیان دەكرد.

ئەگــەر دوو كــەس وێكــەوتبان، هــەر دوو كــەسمان ئەشــكەنجە دەكــرد. لــە كۆتــایی یارییەكانــدا ئــەوانمان ســواری یــەكتر دەكــردو دەبــوا ئــەو مەیدانــەیان دەور بدایــەوە. بــەڵام بــۆ ئێمــە ئــەو دیمەنــە خــۆشو ســەرنجڕاكێش بــوو كــە ئەوانــەی قورســترو بــەهێزتر بــوون، سواری ئەوانەمان دەكرد كە لــە وان ســووكترو بــێ هێزتــر بــوون. ئــیتر ئەوەنــدە پێیــان پــێ دەكــەنین كــە دەكەوتنیــە ســەر عــەرز. رۆژی وەرزش، واتــە رۆژی حەوانــەی ئــەوان بــەم شێوەیە تێدەپەڕی. هەر بۆیــە زۆر جــار پێیــان خــۆش نــەبوو بــۆ ئــەو یارییــە بێنــە دەرەوە.



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چـونکە ئـەو یارییـە لـە مەشـقی نیزامـی قورسـتر بـوو. ئەگـەر ئیجـازەت لەسـەر بـێ، ئەورۆ من زۆر ماندووم با درێژەی قسەکانمان بمێنێ بۆ سبەینێ.

لـە راسـتیدا منـیش زۆر مانـدوو بـووم، هـەر بۆیـە بـەوە رازی بـووم کـە درێـژەی ئـەو باسـە بمـێنێ بـۆ رۆژی دواتـر. هـەر بۆیـە دەفتەرەکـەم هـەڵگرتو پێنووسەکەشـم خـستمە گیرفـانم. دیـسانیش کەوتمـە نێـو خـەونو خـەیاڵی بیرەوەرییـەکانی سـەردەمی گرتووخانە. بەڵام ئەو بـیری لەچـی دەکـردەوە نـەمزانی. بـەر لـەوەی کـە بـڕۆین ئـەو پێـی گوتم:


- هـاوڕێی هێـژا! پێویـستە کـە سـبەینێ درەنـگ بێـی. بەرلـەوەی کـە ئـەتۆ بێـی، خـۆم باشتر ئامادە دەکـەم. سـبەینێ رۆژێکـی تایبـەت دەبـێ. ئـیتر هەسـتە بـا بـڕۆین. خـوات لە گەڵ.

ئـەو قـەت مـاڵاوایی لـێ نـەدەکردم. هـەر بۆیـە مـن هـیچ لـەوە تێنەگەیـشتم. هـەروەها لـەوەش تێنەگەیـشتم کـە بـۆ دەبـێ درەنگـتر بڕۆمـەوە. لـە راسـتیدا مـن نەمدەویست کە ئەو بزانـێ. منـیش ئـەوکات یـەکێك لـە بەندییـەکانی ئـەو گرتووخانەیـە بووم. هەر بۆیە خـۆم لـە زۆر پرسـیار دەپاراسـت کـە نەبێتـە هـۆی ئاشـکرا بـوونم. ئـاخۆ دەرفـەتی وا وەدەسـت کـێ دەکـەوت؟ مـن ئـەو دەرفەتـەم وەدەسـت کـەوتبوو، بـەڵام زۆر بە پارێزەوە پرسیارم لێ دەکرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی بیستەم



رۆژی دواتـــر مـــن زوو هەســـتامو خـۆم بـۆ رۆیـشتن ئامـادە کـرد. کاتێـك ئـەویش بـەرەو شـوێنی مەبەسـت دەچـوو، کەمێك لێی روانـیم بـەڵام تـوورە دیـار بـوو و هـــیچ پێنەکـــەنی. منـــیش لـــەکاتی دیـاریکراو کـە نیـوەڕۆ بـوو بـەرەو شـوێنی مەبەست کـە ئـەویش تەپۆڵکـەی بەرامبـەر نەخوشـــخانە بـــوو، وەڕێ کـــەوتم. لـــە لایەکـەوە مـن بـەوە خۆشـحاڵ بـووم کـە ئـەورۆ شـتی سەرنجڕاکێـشم بـۆ بـاس دەکـات، لـە لایـەکی تـرەوە مـن دڵـەڕاوکێیەکی زۆرم هـەبوو. زۆر شـتم هاتـەوە بـیر، هـەم گرتووخانـە، هـەم وەزعیـەتی رابـردوو و هـەمیش وەزعیـەتی ئێـستام. لـە راسـتیدا لـە وەزعیـەتێکی خراپـدا بـووم. راحـەتیو تێـر خواردنمـان نـەبوو. ئـەو مووچـەیەی کـە خێـزانم وەری دەگـرت لـە راسـتیدا بـەشمان نـەدەکرد. هـەروەها مـن لـە لایەکـەوە سـەربازیم نـەکردبوو و لـە لایـەکی تـرەوە مـن بـەردەوام لـە ژێـر چـاوەدێریدا بـووم. بێکـاریش بـووم. لـەو خەیاڵـەدا بـووم، کـە لـەناکاو لـە نزیـك شـوێنی مەبەسـت دیمـەنی کەسـێکی بـە دار هەڵواسـراوم هاتـەوە بەرچـاو. بەبەرخۆمـەوە گـوتم "بڕیـار بـوو کـە گاردیـان لێـرە قـسەی خۆشـم بـۆ بکـات، بـەڵام ئەمـە چـیە؟". بـە هـەڵاتن خـۆم

گەیانـدە لای ئـەو دارە، دیـم کـە بـۆ خۆیـەتی. بـەڵێ گاردیـان خـۆی هەڵواسـیبوو. دڵـم تـەنگ بـوو و تـرس‌و لـەرزێك دایگـرتم. ئـاخۆ گاردیـان بـۆ وای کـرد. رەنگـبێ لـە بـەر ئەوەی کە بتوانێ خـۆی هەڵواسـێ بـە منـی گوتبـوو کـەمێك درەنـگ وەرە. مـن کـەمێك راوەسـتام‌و لـێم روانـی. دواتـر کـە دەسـتم کـردە گیرفـانی، دوو نامـەم دی. لەسـەر یەکێکیان نووسـیبووی: "بـۆ هـاوڕێی هێـژا سـیدار". لەسـەر ئـەوی دیکـەش نووسـرابوو" بۆ باوکم". مـن ئـەو نامەیـەی کـە بـۆ بـاوکی خـۆی نوسـیبوو خستمەوە گیرفـانی. هـی خۆشم هەڵگرت. بەپەلـە خـۆم گەیانـدە نەخۆشـخانەو لـەوێ تەلـەفۆنم بـۆ قـەرەقۆڵ کـردو هەواڵی ئەو رووداوەم پێیـان راگەیانـد، بـۆ ئـەوەی کـە ئـەوانیش بنەماڵـەی گاردیـان لـەو رووداوە دڵتەزێنـە ئاگـادار بکەنـەوە. ئـەوە بـوو خـەڵکی ئـەو ناوچـەیە زۆربـەیان لـەو رووداوە ئاگـادار بـوون، بـەڵام ئـەوەی کـە بۆچـی گاردیـان ئـەو بەڵایـەی بەسـەر خۆیـدا هێناوە تەنیا من دەمزانی.

دواتر بەپەلە گەڕامـەوە مـاڵ‌و لـەوێ نامەکـەم کـردەوەو ویـستم کـە بیخـوێنم، بـەڵام دەسـتەکانم وا دەلـەرزین کـە هـەر چـەند هـەوڵم دا ئـەو نامەیـە بیخـوێنم نـەمتوانی کـە نـەمتوانی. لـە راسـتیدا هـەر چـەند کـە ئـەو بەندییـەکانی زۆر ئـازار دابـوو، بـەڵام لـەو کارانـەی خـۆی زۆر پەشـیمان بـوو. ئـەو نەیـدەتوانی لای هـیچ کـەس ئـەو شـتانە بـاس بکا، بەڵام من بۆ ئەو ببوومـە جێگـای هیـواو هومێـد. بـۆ ئـەوەی کـە ئـەو شـتانەی لـە گرتووخانـەی دیاربـەکردا روویـان داوە بـۆم بـاس بکـات. بـەو نارەحەتیـەوە هەسـتام‌و ئـاوێکی سـاردم خـواردەوە دواتـریش چـایێکم خـواردو جگـەرەیێکم هـەڵکردو دەسـتم بـە خوێندنەوەی ئەو نامەیە کرد.

"هاوڕێی هێژا سیدار!

من وەك هاوڕێیەك نـاوت دەهێـنم. هـەر چـەند مـن شـیاوی ئـەوە نـیم کـە هـاوڕێی کەسێکی زۆر باشی وەك تۆ بم. لە بـەر ئەمـە بمبـوورە. ئەمـە دوایـین جـار دەبـێ کـە مـن پێت بڵێم "هاوڕێی هێژا". هیوادارم کە ئەتۆش ئەو داوایەی من قبوڵ بکەی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**هاوڕێی هێژا!**

ئەو ڕۆژەی کە تـۆم ناسـی زۆر خۆشـم ویـستی. ئـەتۆ و کەسـانی وەك تـۆ مرۆڤـی زۆر باشن. سەرەتا کە بۆ تـۆ باسـی بیرەوەرییـەکانی سـەردەمی گرتووخانـەم دەکـرد تـۆم چـاك نەناسی، بـەڵام دواتـر زانـیم کـە تـۆش ئـەوکات لـەو گرتووخانەیـەدا بەنـد کرابـووی، کـە من لەوێ گاردیان بـووم. مـن پـێم وایـە کـە ئـەتۆش لـەو گرتووخانەیـەدا لەلایـەن منـەوە زۆر ئەشـکەنجە کـراوی. لـە راسـتیدا نەمدەویـست ئـەتۆ بزانـی کـە تـۆم ناسـیوە. ڕەنگـە زۆر شـتم بـۆت بـاس نـەکردبێ. ئەوشـتانەی کـە باسـم کـردن باسـی ئەشـکەنجەی جەسـتەیی‌و دەروونـی بـوون. شـتی دیکـەش ئەمەیـە کـە هـەر گاردیانێـك مێتـۆدی تایبـەت بـە خـۆی هـەبوو. هـەر بۆیـە ڕەنگـبێ ئـەو مێتۆدانـەی کـە مـن لـە کـاتی ئەشـکەنجەی بەندییەکانـدا کـەڵکم لـێ وەردەگـرتن جیـاوازی هـەبووبێ لەگـەڵ ئـەو مێتۆدانەی کە گاردیانـەکانی دیکـە کـەڵکیان لـێ وەردەگـرت. لـە راسـتیدا هـەموو ئـەو بیرەوەرییانەی کە بۆم باس کردی، راست‌و دروستن.

**هاوڕێی هێژا!**

من نامەوێ زۆر درێـژی کەمـەوە. بـەڵام چـەند داواکـارییێکم لێـت هەیـە، کـە ئەگـەر بتوانی جێبەجێیان بکەی، روحم شاد دەکەی.

هەر وەك دەزانـی دوای ئـەوەی کـە مـن ڕۆیـشتم بـۆ خزمـەتی سـەربازی، بنەماڵەکـەم هیچ خۆشـییێکیان لەدەسـت منـەوە نـەدیت. مـن زۆر ئەزیـەت‌و ئـازاری ئـەوانم دا. ئـەوان تـەنیا بـە هـۆی منـەوە زۆر شـتیان لەدەسـت دا. مـن هـۆی سـەرەکیی پێکهـاتنی شـەڕو کێـشەو نـاکۆکی لـەنێو بنەماڵەکەمـدا بـووم. بـاوکم لەگـەڵ براکـانم بـوو بـە شـەڕیان‌و دایکیـشم لـە خـەم‌و خەفـەتان کۆچـی دوایـی کـرد. بـاوکم ئـیتر وەك جـاران نـەمابوو و تووشی نەخۆشیی دەروونی ببـوو. هـۆی هـەمووی ئـەو کێـشانە مـن بـووم. زۆرم هـەوڵ دا کـە ئـاڵوگۆڕ بەسـەر خۆمـدا بێـنم، بـەڵام زۆر ئەسـتەم بـوو. وا کەوتبوومـە ژێـر کاریگـەریی هەڵـسوکەوتی نێـو گرتووخانـەو مێـشکم وا شـۆردرابۆوە کـە نـەمتوانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵسوکەوتم بگـۆڕم. بـۆ خـۆت چـاکتر دەزانـی کـە هەلومـەرجی گرتووخانـە چـۆن بـوو و خۆ رزگارکردن لەو هەلومەرجە سەختەو دژوارە چەندە چەتوونە.

من ئەو داواکارییەم لـە تـۆ هەیـە کـە لـە هـیچ شـوێنێك نـاوە ئەسـلیەکەم نـەهێنی. هـەروەها ئەگـەر بتـوانی ئـەو رووداوانـەی کـە بـۆ تـۆم گێرایـەوە، لـەو رۆژنامەیـەدا کـە کـاری تێـدا دەکـەی بـڵاو بکەیتـەوە، مـن زۆر خۆشـحاڵ دەبم. بـەڵام تکـات لـێ دەکـەم لـەباتی نـاوی مـن بنووسـە "گاردیـان". ئەگـەر ئـەتۆ نـاو و ناوبانگەکـەم راسـتیەکەی بنووسـی، ئـەوکات بنەماڵەکـەم، خوشـكو براکـانم ئـێشو ئـازاری زۆرتـر دەچـێژن. مـن ئەوانم زۆر ئەزیەت دا، ئیتر نامەوێ لەوە زۆرتر ژیانیان لێ تاڵ بکەم.

دوای ئەوەی کـە ئـەتۆم ناسـی، حـەزم لـێ بـوو کـە چـاکەت لەگـەڵ بکـەم. هـەروەها دەمهەویست کە زۆرتـر رووداوەکـانی سـەردەمی گرتووخانـەت بـۆ بگێڕمـەوە، بـۆ ئـەوەی کە ئەتۆش بۆ هـەموو کەسـێکی بـاس بکـەی. بـۆ ئـەوەی کـە هـەر کـەس بزانـێ کـە بـۆ چـی ئـەو هـەموو لێـدانو ئەشـکەنجەیە لـەوێ کـراوە. مـن لـە مەبەسـتەکانت چـاك تێگەیـشتبووم، هـەر بۆیـە بـەردەوام رووداوەکـانی نێـو ئـەو گرتووخانـە بەناوبانگـەم بـۆ دەگێڕایـەوە. ئـەو گرتووخانەیـە کـە سـەری زۆر مرۆڤـی باشـی خـوارد. هـەموو ئـەو شـتانەی کـە لـە بـیرم بـوون، بـۆم بـاس کـردی. هێنـدێك لـەو کردەوانـەی کـە بـۆ خـۆم ئەنجامم دابوون، لە شەرمان دەمخستنە ئەستۆی گاردیانەکانی دیکە.

ئێمـە گاردیانـەکانی ئـەوێ زۆربـەمان نـەزانو فـەقیر بـووینو لـە هـیچ شـتێك تێنەدەگەیـشتین. نەمانـدەزانی کـە کوردچـیو کۆمۆنیـست چـیە؟ تـەنیا بڕیارەکـانی یوزباشیمان جێبەجێ دەکـرد. هـەموو پیلانێـك هـی یوزباشـی بـوو، ئـەو یوزباشـیەی کـە بـەردەوام دەیخـواردو مەسـتی دەکـرد. ئـەو ئـیتر کەسـێکی ئـەلکۆلی بـوو و دوژمنـی کـوردیش بـوو. ئـەو تـەنیا ئـاواتی کوشـتنی کوردەکـان بـوو. رۆژێ چـەند کوردیـشی کوشـتبا دڵـی ئـوقرە نـەدەگرت. ئـەو هەمیـشە پێـی دەگـوتم: " هـەر کـاتێ کوردێـك دەکوژرێ من ساڵێك گەنج دەبمەوە" .

حەزم لێ بوو زۆر شــتی دیکەشــت بــۆ بــاس بکــەم، بــەڵام ئــیتر لــەوە زیــاتر نــاتوانم. من لە بەر ئەو ناکۆکیــەی کــە کەوتۆتــە نێــو بنەماڵەکــەم، تاقــەتی هــیچ شــتێکی دیکــەم نیە. هەر کاتێك باوکم لێی دەڕوانــیم وەك ئــەوە بــوو کــە پــێم بڵــێ "دەزانــی چــت بەســەر ئێمە هێنا، هۆی هەمووی ئــەو کێــشانە ئــەتۆ بــووی". لــە راســتیدا مــن قــەت نــەمتوانی هاوکارییــان بکــەمو سەرچــاوەی کێــشەو ناکۆکیــەکان مــن بــووم. ئاواتــەخوازم کــە شــتی بەکــەڵکم بــۆت بــاس کردبــێ. پــێم خــۆش بــوو کــە لــەوە زیــاتر لــە گــەڵتا بــدوێم، بــەڵام ناتوانم و دەڵێم خوات لەگەڵ. ئاواتم سەرکەوتنی تۆ و هاوڕێیانتە.

## گاردیان....

**فەرهەنگۆك:**

**گاردیان: زیندانەوان, ئەوانەی کە بەندییەکانیان ئەشکە نجە دەکرد.**


**یوزباشی: بەرپرسی زیاتر لە سەد کەس**

**مین باشی: بەرپرسی زیاتر لە هزارکەس**

**داری چام: داری کاج**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org






کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org






کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org






کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org